

# هەولێر

# خۆشەویستەکەم

رۆمان

# هەولێر

# خۆشەویستەکەم

نووسینی

عەبدولباقی یوسف

وەرگێڕانی

عـەلی سالّح میران

التفسير

بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

## هەولێر خۆشەویستەکەم

| | |
|---|---|
| نووسینی | عەبدولباقی یوسف |
| وەرگێڕانی | عەلی ساڵح مێران |
| بڵاوکردنەوەی | نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن |
| نەخشەسازی نـاوەوە | مصعب ملا یوسف |
| خــە ت | نــە وزاد کۆیـــی |
| بـــــەرگ | أمین مخلص |
| نۆرە و ساڵی چاپ | یەکەم 1435 ك – 2014 |
| تـــــیراژ | 1500 دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپیاردنی (١٧٧) ساڵی ٢٠١٤ پێدراوە



©
مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە



نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر – شەقامی دادگا – ژێر ئوتێلی شیرین پالاص
Mob: +964 750 460 51 22
Tel: +964 750 818 08 66
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

لە لێواری پێلووی بەیانییەکی زوو، ئەوکاتەی کونیلەی پەڕەی گوڵەکان دەکرانەوە، ئەوکاتەی چۆلەکەکان لەسەر بەرزایی درەختەکان دەوەستان و ئەو ناوەیان لە جریوە پڕدەکرد،

ئەوکاتەی پەپۆلەکان دەردەکەوتن و ژیانێکی نوێیان بە سپێدە دەبەخشی، هەولێر هەردوو مرواری چاوەکانی دەکردنەوە و خۆی لە ناو ئاوریشمی پێخەفە گەرمەکەی رادەکێشا، نەختێ دادەنیشت، لە گردانەی دیارییەکانی ورد دەبۆوە، ئەو شتە دەگمەن و ئەنتیکەو گرانبەهایانەی لە هەموو لایەك ژووری نوستنەکەیان دەڕازاندەوە.

بە ئاهەنگێڕان لە خەو هەڵدەستا، چێژی لە جوولەی لە خەوهەڵسانی سەر لەبەیانیان تا ئەوکاتەی دەکەوتە سەر پا، وەردەگرت، هەنگاو بە هەنگاو نیوەی جەستەی بەسەر ئەو پەنجەرەیەی دەکەوتە سەر بازاڕەکە شۆڕ دەکردەوە.

پڕبوو لە زیندەگی و گوشادی، بەتایبەتی ئەوکاتەی لە ئاوپژێنەکان و لە تۆپەڵەی مزگەوتەکۆنەکەو میلی ئەو کاتژمێرەی بەسەریدا دەڕوانی، لەو پۆلەکوترانەی بە جوولەکانیان دیوار و ئەرزەکەیان دەڕازاندەوە، ورد دەبۆوە.

هەنگاوەکانی بەرەو پەنجەرەکانی تەنیشت و دواوە درێژدەبوونەوە، خۆی بۆ پێشوازی لە تاڵە تیشکەتازەکانی خۆر ئامادە دەکرد، لە ئادگاری شارە ئەزەلییەکەی ورد دەبۆوە، وای دەزانی، یەکەم جارە سەیری دەکات...

شەپۆڵێك لە خۆشی و شادی پەڕەی دڵی گرتەوە، سەیری کوڕەکانی خۆی دەکرد کە بە جەستە لایق و بەهێزەکانیان هەنووکە لە دەرگەی ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە، ئەوانەی خەریکی هەڵکلۆفتنی چاوە خەواڵووەکانیان بوون، کە تا ئەوکاتەش ئاسەواری خەوتنێکی قووڵیان پێوە دیار بوو.

لەبەرخۆیانەوە سەرەتای گۆرانییە کوردییە بەتامەکانیان دەگوتەوە، بەبیستنی مۆسیقای نەمرو ئەزەلی بەیانیانی هەولێر گوشاد دەبوون، هەست بە دڵنیاییەکی زۆر هەموو گیانی دەگرێتەوە، بە چەند هەنگاوێکی شاژنئاسا بەرەو لای حەمامەکە رۆیشت، بە شیلەی مێخەك خۆی ششت و خۆی بە گەڵای گوڵە نێرگز وشك کردەوە، پاشان بەرەو خوانی خواردنی بەیانیان هەنگاوی نا، کارکەرەکان خواردنەکەیان ئامادە کردبوو چاوەڕوانی ئەو خانەخوێیەیان بوون کە ماوەیەکی درێژ بوو لەسەر نەریتە تایبەتییەکەی راهاتبوون.

دوای تەواو بوونی لە خواردنی بەیانی، هێدی هێدی بەرەو میحرابی خانووچکەی

خۆ جوانکردنەکەی رۆیشت، جارێکی دیکە یەکە یەکە سەری بە پەنجەرەکاندا گرتەوە، بۆن و بەرامی بەیانیانی بەسەر کوڕ و میوان و گەشتیارانی دەپرژاند، بەوپەڕی جوانییەکەی خۆیەوە گەیشتە پایەو پیگەی خۆی.

ئەوکاتە زۆری نەبرد رەوەی شانەکانی هەنگ لە هەموو سووچێکی خوداوەند دەردەکەوتن، لە بۆن و بەرامی ئەو هەولێرەی کە بۆنەکەی لە بۆنی هەموو گوڵەکانی سەرزەوی خۆشترە، بەشی خۆی لە خۆراکی شاهانەی وەردەگرێت و لەسەر قاپێك لە گەڵای گوڵ پێشکەشی دەکات.

گەشتیاران لەهەموو سوچێکی جیهان هاتن، بە هەموو لایەکی قەڵا ئەزەلییەکە هات و چۆیان دەکرد، زاتە دێرینەکانیان دەدواند، نەریتە کۆنەکانیان ئەنجام دەدایەوە، بۆ پیرۆزی دەستیان لە دیوارەکان دەدا، بۆنی سەدەکانی رابووردویان هەڵدەمژی، بەناو دەروازەو فەرمانگە و پەناوپێچەکاندا دەگەڕان، بەرەو بەرزاییەکان هەڵدەشاخان، بەرەو هەڵدێرەکان لێژدەبوونەوە، دەستیان لە پەڕەی ئاسەوارە گرانبەهاکان دەدا.

هەولێر جادووی لەهەمووان کردووە، بۆیە بۆ گەیشتن پێی هەزاران میلیان بڕیووە، هەروەکو چۆن پێشتر جادووی لەهەموو هۆزەکانی سەرجەم دنیا کردبوو.

هەولێر چێژ وەردەگرێت، هەست بە نەمری خۆی دەكات، كە لەو پەڕی شۆخ و شەنگی خۆیەوە زێتر دەبن.

كاتێك مرۆڤ دەكەوێتە داوی عیشقی شارێك، كاتێك گەردی خۆڵەكەی سەرسامی دەكات، كاتێك شەقامەكانی لەخۆی دەگرن، شەقام بە شەقام، گەڕەكەكانی گەڕەك گەڕەك، شارۆچكە شارۆچكە، درەختەكانی درەخت درەخت.

ئەوكاتەی بەندی ئەوینی خۆی دەكات، خۆی بەسەر هەر خورپەیەك لە خورپەكانی دڵیدا زاڵ دەكات.

ئای خەوتن لە ئەیوانەكەیدا چەند خۆشە، ڕۆیشتن لە ڕێگاوبانەكانی چەند دڵگیرە، نەسیم لە میحرابەكەی دەبوژێتەوە، گوڵەكان لەسەر درەختەكانی باخچەكەی دەدرەوشێنەوە.

سیحرە سەرسامكەرەكەی باڵێ بەسەر هەموو شتێك دادەگرێت، هەموو شتێك بە بۆن و بەرامەكەی بۆندار دەبێت.

لە چەند ساتێكدا تێگەیشت كە هەولێر وەكو هەر شارێك نییە لەم شارانەی گەشتی بۆ كردبوو و لێی دانیشتبوو.

ئەو شاری ئەم خەونە ئەزەلیەیە كە نایەوێت وەكو هەر شارێكی دیكە، كەسێ بێتە ناوی و وەكو هەر شارێكی دیكە تیایدا دابنیشێ و پاشان وەكو ئەوەی هیچ نەبووبێ جێی بهێڵێ.

ئەو رەتی دەکاتەوە وەکو هەر شارێکی دیکەی ئەم سەرزەمینە بێت و جیاوازی نەبێ، ئەو شارەیە کە دەستی بەسەر دڵی هەموو شا و ئیمپراتۆر و سوڵتان و زلهێز و سەرکردەکانی دنیا داگرتووە، بەدرێژیی مێژووی خۆی، ئەو بوو هەموو زلهێزەکانی خستە ژێر پاکانی، شاکان لە ئاست سیحری ئەو شەکەت بوون، ئیمپراتۆرەکان لە بەرامبەر شەنگی بالآی خۆیان بەدەستەوەدا، لە حزووری شکۆمەندییەکەی سوڵتانەکان داروخان.

هەر سووچێکی هەولێر جێپەنجەیەکی سیحرئامێزی پیرۆزی پێوە دیارە.

هەموو شتێك ـ بیەوێ یان نەیەوێت ـ دەبێ بە ئاوی هەولێر بشۆردرێتەوە:

گمەی کۆتر لەسەر بانەکانی هەولێر

جریوە جریوی چۆلەکەکان لەسەر درەختە بەرزەکان لە بەرەبەیانییەکانی هەولێر

تۆپەڵی مزگەوتی کۆلآنی گەڕەکەکانی هەولێر

ئیقاعی کپی شەوانی ماڵەکانی هەولێر

چێژی پیاسەی سەر زیوی شۆستەکانی هەولێر

خشەی درەختەکانی سەرشەقامی هەولێر

تامکردنی سەرتوویی سەرخەوی نیوەڕۆیانی هەولێر.

لە هەولێردا شوێنێك نییە شایانی خورپەی عیشق نەبێ.

لەهەولێر جێپەنجەیەك نییە شایانی چرپەی دڵێك نەبێت

ئەوەی لە هەولێر دایە لەبەرچاوی بە شیاوترین دڵبەری جوانیی سەرریژ دەبێ

ئەوکاتە دڵی خۆی دەگوشێ کە قەت پێشتر نەیگوشیبێ

تاڵە تیشکەکانی خۆر لە پێچی بسکۆڵەکانی قژت چەندە رازاوەن ئەی هەولیر...

دیاردەی خۆر ئاوابوونت لە کەناری دەورووبەرت چەندە جوانە ئەی هەولێر

سەرخەوی نیوەرۆیان لە سووچەکانت چەندە جوانە ئەی هەولێر

لەبەر سێبەری دەمەو عەسرانت فڕکردنی قاوەیەك چەندە بەتامە ئەی هەولێر

عەتری شێوان لە دەمەو ئێوارانت چەندە خۆشە ئەی هەولێر

پایەوپێگەت چەندە گەورەن... هەولێرەکەم

چەندە بەرزی ئەی هەولێر و کەتۆ هەولێری

بەجۆرە هەولێر دەستی پێکرد، وەکو شارێکی رەنگین لەبەر چاوانی، چاوەکانی بەکلی بەریەککەوتن و چوونە ناو دەروازەی شانشینە سیحرییەکەی رشت.

لە جوانییەکانی بەرایی نیشانەدیارەکانی ورد دەبێتەوە،.......

داوا لە شوفێرەکە دەکات گەر دەتوانی، نەختێ خێرایی ئۆتومبیلەکەی کەم بکاتەوە، تاکو چاوەکانی بە بینینی جوانی دەروازەکانی روون بکاتەوە، بە هەڵمژینی بۆنی عەتری ئەو خۆڵەی وردەبارانی بەسەردا دەپرژا ببوژێتەوە، کاتێ لە پێشوازیدا باڵەکانی بۆ هەموو گەشتیار و میوانان بە دڵفراوانییەوە دەکاتەوە.

تایەکانی ئۆتومبیلەکەی هێدی کردنەوە، کەوتە سەر ئەو رێگایەی لەسەر ئیقاعی ئەو گورانیە کوردیەی کە بە زاراوەی سۆرانی تامێکی سیحراوی دەبەخشی، خێزانە بچکۆڵەکەی خۆی هەڵگرتبوو، لەگەڵ ئەو دوو جانتایەی کە خێزانەکەی توانیبووی هەندێ لەو شتومەکانەی تێبکات کە دەستی کەوتبوون و لەگەڵ هەوڵدانی بۆ شاردنەوەی ئەو فرمێسکانەی کە لە هەردوو کانیاوی چاوەکانی دەتەقینەوە و قورساییەکیش کە خۆی لە قورگی جێگیر گیرکردبوو، وا ماڵئاوایی لەو ماڵەی کرد کە جارێکی دیکە نایبینێتەوە، ئەو ماڵەی پارچە پارچە پێکی هێنابوو، دیوار دیوار بۆیەی کردبوو، شوێن شوێن جێپەنجەی جوانی لە سەردانابوو.

ئەو ماڵەی کە لەگەڵ ڕۆژاندا ببووە حەشارگەی نهێنییەکانی و ببووە شاهێدی هەنگاوەکانی لەدایك بوون و نەشونما کردنی هەر منداڵێك لەمنداڵەکانی.

ئەو ماڵەی تیایدا لە کچێکەوە بووە ژن، لە ژنەوە بوو بە دایك، لە لەدایکێکی هاوبەشی ژیانی هەتاهەتاییی پیاوێك کە لەگەڵ هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکان هاودەمێتی.

ئەو ماڵەی تیایدا بووە کەیبانوو و بۆ یەکەمجار تیایدا هەست بە تامی شاژنێتی کرد.

ئەو ماڵەی ببووە کۆگایەك بۆ یادگاریی سەردەمی وەرچەرخانێکی جومگەیی لە تەمەنیدا.

هەنووکەش بۆئەوەی منداڵەکانی لە چڕنووکی شەڕێکی ناوخۆیی کە بەهەموو دەرهاویشتەکانی دیاربوو سەری هەڵدەدا، کردەی ڕفاندنی منداڵان لە قوتابخانەو لە شەقامەکان و لەبەر دەرگاکاندا و ڕفاندنی پیاوان و ئافرەتان وەکو بارمتە و پارە پێوەرگرتن زۆر ببوون، لەهەموو ڕێگەکاندا دەنگی تەقە بەرز دەبۆوە، بۆردومانکردنی ماڵان بە ڕۆکێت و تیرۆرکردن لە سەر ڕێگاکان و بەردەرگەی ماڵان و تەقینەوەی ئۆتۆمبیلی مینرێژکراو و مین و نارنجۆك لە سەر ڕێگاکان، ونبوونی

پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی وەك سووتەمەنی، تەلەفۆن، کارەبا، غاز.

بەرزبوونەوە نرخی خۆراك، نەمانی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان لەژێر سایەی لەدەستدەرچوونی باری ئەمنی، کە دەوڵەت نەیدەتوانی ئەو دارودەستەی خۆشی کە لە سەرکردایەتی بالأی ئەمنی وڵات بوون لە تیرۆرکردن بپارێزێت

ئەمەش لە نێوان گشت چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بووە هۆکاری شەپۆلی کۆچێکی بەلێشاوی ترسناك، کردەکانی رفاندنی پزیشك و دەوڵەمەند و پیشەوەران و بازرگانان بوونەهۆکاری ئاوارەبوون و پەرتەوازەبوونیان بۆ هەموو جیهان، دەوڵەت ویستی بە هۆی رێگرتن لە کۆچ و دانانی سنوورێك بۆ پێدانی پەساپۆرت رووبەڕووی ئەم حاڵەت ببێتەوە، ئەمەش وای لە هاوڵاتیان کرد بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك لە چاوەڕوانی دەرچوونی پەساپۆرتەکانیاندا بن، ئەمەش بووە هۆکاری پەیدا بوونی دیاردەی قۆرخکردن و فرۆشتنی پەساپۆرتی بەپەلەو بە نرخێکی گران.

ساڵێك و هەشت مانگ بەسەر ئەم کێشەیەدا تێپەڕی، مانگ دوای مانگ دەرچوونەکەی لە خۆشی بۆنی شوێنەکەو بە هیوای ئەوەی ئەم جەنگە وێرانکەرە کۆتایی پێبێت دوا دەخست، بەڵام لەگەڵ هەر

مانگێکدا شەڕەکە ڕەهەندێکی تازەی وەردەگرت،ماڵی دەیانهەزار مرۆڤی وێران دەکرد و بێرەحمانە خەونەکانیان خاش دەکرا..

سەیری چاوی منداڵە بچکۆڵەکانی خۆی دەکرد، بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە کە لەهەموو شتێك بێبەش بوون، تا بۆ نەختێك وەستان لەبەر دەرگا، دوای ڕفاندنی منداڵێکی دەوروبەریان، کە دوای چەند ڕۆژێك باوکی توانی بەم پارەیەی داوایان لێکردبوو بیکڕێتەوە، دوای ئەوەی پارەکەی پێدان جگەرگۆشەکەیان بۆ گەڕاندەوە.

لەگەڵ هاتنی هەر دەنگێك، خەڵکی گەڕەك بە شلەژاویەوە لەماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوەو وەکو ئەوەی زەمینلەرزەیەك روویدا بێت، نەبادا لە پڕ ڕۆکێتێك بکەوێتە سەر گەڕەکەکەیان، ئەمە لە ڕووداوەکانی ئەم ژیانە بوو کە پڕبوو لە ترس و لەرز و دوودڵی.

هەندێجار نەفرەتیان لەو گەنجە تونسییەدەکرد، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی فتیلەی تەقینەوەی شۆڕشەکانی عەرەبی، بووە هۆی ڕشتنی هەموو ئەو خوێنە لە پێناوی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆك و تا لە جیاتی ئەو سەرۆکێکی دیکە دابنرێت.

زەینولعابدین ئازایانە پێش ئەوەی ڕۆکێتەکان بکەونە سەر ناوچەکانی وڵاتەکەی خۆی کێشایەوە، دوای ئەویش حوسنی موبارەك بۆ پارێزگاری لە ژیان و خەونی ملیونەها کەس کشایەوە، دوای ئەویش

تەنها سەرهەنگێك نەبێ، بڕیاریدا سەرهەنگ بێت یان هیچ نەبێت، هەستی بەخۆی نەکرد کە زەمانە خانەنشینی کردووە.

لە یەمەن، پیاوەکە بە بیرۆکەی راسپاردنی دەسەڵاتەکەی رازی بوو، پێش ئەوەی فڕۆکەکان بەرمیلی تەقەمەنی و چەکی کیمیاوی فڕێبدەنە سەر خەڵکی و ماڵ و حاڵیان.

ئەوە وڵاتەکەیەتی کە وەکو فووکەری گرێیەکان، نادیاری هەموو شتێك دەگرێتەوە، لەناوەوەی خوێنی لێبەردەبێ و بێئەوەی کەسێك غیرەتکا و بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەم خوێنڕشتنە شتێك پێشکەش بکات.

بەمجۆرە لە چرکەیەکی لەنکاودا رەنگە هەموو شتێك سەرەوگێڕبێت، وەکو ئەوەی زەمینلەرزەیەك روویدا بێت.

رۆژی پانزەی مارس، ئەوکاتەی فتیلەی زەمینلەرزەکە داگیرسا، لەگەڵ منداڵەکانی لە باخچەی ئاژەڵان لە ناوەڕاستی پایتەخت بوو، بەبیری کەس دا نەدەهات، کە ئەو سەقامگیرییە ئەمنییە سەرەوگێڕبێت، لەم رۆژە دیارەدا خەڵکی دەستیانکرد بە گۆڕینی خەملاندنەکانیان، بە تەمومژاوییەوە سەیری سبەینێیان دەکرد، ئەوکاتە رۆژی پشووەکەی خۆی بڕی و منداڵەکانی گەیاندەوە شارەکەی لە باکوور.

بەلاّم دەگەڕێتەوەو پیرۆزبایی لەو گڕە دەکات کە ئەو گەنجە هەڵیگیرساند و گیانی خۆی کردە قوربانیی بۆ نەوەی داهاتوو، بۆئەوەی ژیانێکی بەختەوەر و ئازادانەی وەکو هەر گەلێکی دیکەی ئەم دنیایە دەستەبەر بکات.

مارەیی ئازادی گرانبەهایە، مارەییەکەی خوێنە، خەونە، وێرانییە، فەوتانە، نەتەوەکان دەبێ سوارچاکانە رووی تێبکەن، یانیش دەبێ تا دنیا ماوە بە هاڕاوی و بەدیلی بمێنێتەوە.

لەم ساتە یەکلاکەرەوەیەدا، کاتێ ماڵئاواییان لە نزیکترین سووچەکانی دنیا لە دڵەکانیانەوە دەکرد، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەیری یەکتریان دەکرد و لەناو ئەوماڵەی کەهەموو تەمەنیان بوو بە شێنەیی هەنگاوەکانیان لێ دەکێشایەوە، یەکە یەکە دیوارەکانیان دەسڕیەوە و سووچ سووچ لە سووچەکانیان دەڕوانی، بە دزییەوە وەکو دوو دز کە دوو جانتایان دزی بێت و تا کەس نەیانبێنێ، هەردوو جانتایان هەڵگرت.

تا منداڵەکانیشیان ئەو کاتەی باوك و دایکیان بینی وا بەدزییەوە سڵدەکەنەوە، لە حاڵەتێك لە هەیبەتی بێدەنگی و گوماندا چاوەڕوان بوون، تا بزانن چی بەدواوە دێ.

بەدەنگێکی کزەوە لە بن گوێچکەی ژنەکەی دووبارەی کردەوە :

تۆ دڵنیای کە کەس گومانی پێنەبردووین؟

ئەمیش جەختی كردەوە: مەسەلەی ژیان و مردنە، بۆیەك ساتیش نەمهێشت كەسێك گومانمان پێبباتا.

پاشان بە وشیارییەكی زۆرەوە، كە زۆری لە وشەكانی دەكرد گوتی: هەر لە هەفتەی رابوردووەوە، ئەوكاتەی خۆمان بۆ دەرچوون رێكدەخست بە وریاییەوە مامەڵەم لەگەڵ تەلەفۆنیش كرد، باش دەزانم چوونە دەرەوەی هەر زانیارییەك، رەنگە وەكو ئەوەی روویدا لەگەڵ زۆر لەم خێزانانەی وەك ئێمە ببێتە هۆی لە ناو چوونمان، بەتایبەتی كارەكەی تۆ لێرە هەستیارە، سەفەری تۆ وەكو برووسكە بڵاودەبێتەوە.

سەرلەبەیانییەوە دەبوا تا دەتوانن پەلە بكەن، پێش ئەوەی جوولە بكەوێتە شەقامەكانەوە، ئەو كاتە رەنگە یەكێك ئاگادار بێتەوەو گومانیان پێ ببات، بەتایبەتی خەریك بوو شەپۆلی پەنابەران بۆ وڵاتانی دیكە رووی لە زیادی دەكرد.

كەش و هەوا شەختە بوو، ئەوان زێدی خۆیان كە ژیان تێیدا مەحاڵە جێدەهێڵن و بەرەو تەوەری چارەنوسێكی نادیار دەڕۆن و هەموو گریمانەیەكیش تیایدا لە ئارادایە، دەبوا جل و بەرگی گەرمی زستانە بكەنە بەر منداڵەكانیان.

سەرلەبەیانی رۆژی هەینی بوو، لەبەر بوونی پشووی فەرمی و جەماوەری لەلایەك و بەهۆی چڕی ئەو خۆپیشاندەرانەی لە مزگەوتەكان دەهاتنە دەرەوە لەلایەكی دیكە، هاتوچۆ تیایدا لەسەرخۆ بوو.

دەرگا کرایەوە، بە غاردان رایکردە دەرەوەو خۆی گەیاندە سەر رێگا سەرەکییەکە،

ئۆتۆمبیلێکی تەکسی هێنا، بەو پەڕی خێراییەوە، هەموویان لەگەڵ هەردوو جانتاکە سواری ئەو ئۆتۆمبیلە بوون کە دەیگەیاندنە ئەو گەراجەی پاسەکان تیایدا بەرەو(قامشلۆ) دەڕۆیشتن.

لە ماڵەکەیان دوورکەوتنەوە، بەبێ ئەوەی کەس بیان بینێ، بەبێ ئەوەی مەچەکی ماڵئاوایی بۆ یەکێ هەڵبڕن و بەبێ ئەوەی یەکێکیش مەچەك بۆ ئەوان هەڵبڕێت.

وا رێکخسترا بوو کە پارێزگاری لە نهێنی دەرچوونیان بکەن و هیچ هێمایەك جێنەهێڵن کە ببێتە هۆی ئەوەی یەکێك گەر نزیکترین کەسیشیان بێت گومان بە دەرچوونیان لە ولاٚت ببات، بۆیە ماڵئاواییەکەی یەکلایەنەبوو، سەردانی چەند خزمێکیان کرد، رۆژێکی بەسەر برد، منداڵەکانی لای کەسوکاری خێزانەکەی بوون، ئەمیش بۆ ماڵئاوایی لە کەس وکاری چووە دێیەکەی خۆیان.

وەکو دوو کەسی نامۆ بوون لەم زێدەی کە کەسی خۆیان تێدا نەمابێ، وەکو ئەوەی تاوانێکیان ئەنجام دابێ و پێش ئەوەی کەسێك بە کارەکەیان بزانێ، دەیانەوێ لەبەر چاوان ون بن،

ئەوکاتە ژنەکەی خۆی نەگرت و گوتی: کەسێکی نامۆش هەفتەیەك لە شوێنێك بێت، کاتێ شوێنەکە جێدەهێڵێ، یەکێك دەبینێ مەچەکی ماڵئاوایی بۆهەڵبڕێ.

کاتێ پاسەکە گەیشتە گەراجی(قامشلۆ) وای هەست کرد کە هەنگاوێکی راستەقینەی بەرەو دەرچوون هاویشتووە، ئەو زێدەی خۆی لەگەڵ ئەو هەموو یادگارییانەی هەڵیگرتبوون، خەریك بوو هەنگاوهەنگاو لێیان دوور دەکەوتەوە.

لەگەڵ دابەزینیان، بەپەلە بەکەلوپەلەکانیانەوە بەرەو لای ئەو کۆستەرەی بەرەو دەروازەی تێپەڕبوون دەیبردن رۆیشتن..

کۆستەرەکە لە چاوەڕوانی پڕبووندا بوو بەو کەسانەی زێدی خۆیان جێدەهێڵن و بەرەو هەرێمی کوردستان دەڕۆیشتن.

دوای سەرکەوتنیان بە ماوەیەکی کەم، پڕ بوو لە کۆچبەران، یەکسەر کەوتە بڕینی ئەو رێگەیەی دەگەیشتە (دیرکاحمکۆ)،

لەگەڵ هەر ساتێکیدا وای هەست دەکرد کە بۆنی ئەو شوێنەی کە هەموو تەمەنی خۆی تێدا بەسەر برد لێدووردەکەوێتەوە، ئەو شوێنەی خۆشیویست و هۆگری بوو، بۆنی یادگارییەکانی ساڵانی منداڵی لێهەڵدەستا، نەوجەوانی، خۆپێکهێنان، ساڵانی کار و خەباتکردن و دۆزینەوەی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان.

بۆ شوێنێك کە هیچی دەربارەیەوە نازانێ، شوێنێك یەکەمینجارە

دێتە ناوییەوە، خەڵکانێك یەکەم جارە پێیان دەگات، سەفەریش ئەوکاتەی بەناچاری پەنای بۆ دەبەی تامی تاڵی وەردەگرێت، کاتێك بەحەسەرتەوە لەماڵەکەی دەردەچێت، وەکو ئەوەی چەند دەستێکی تارمایی ئامێز بە زۆری لە بۆنەکەی دای بماڵن.

کەمێك پێش ئەوەی بگەنە (دیرکا حەمکۆ)، شوفێرەکە بە رێگایەکی دابردن کە بەپاشماوەی وردەبەرد بەردرێژکرابوو، زۆری نەبرد بەدڵنیایەوە کەوتە ناوەڕاستی رێگەکەو لەگەڵ ئەو کەسەی لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو کەوتبووە گفتوگۆ.

دواتر کەوتە سەر رێگەیەکی سەخت و رەقان، بەرزی و نزمی زۆری لەخۆ گرتبوو، ناچاربوو خێراییەکەی کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی لەو خلیسکانانە دەرباز بکات کە بەهۆی بارانبارینێکی زۆرەوە دەرکەوتبوون، زۆر لەسەرخۆ لێیدەخوڕی.

لەگەڵ زۆری بروسکەو دەنگی هەورە تریشقەکان و چڕی باران بارینەکە دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، دەبێ چۆن کەلوپەلکانیان هەڵبگرن و ئەو هەموو رێگە درێژە بە پیادەیی و لە نێو قوڕوچڵپاودا و لە کەشێکی رەهێل و باراناوی لەمجۆرە ببڕن.

میلی کاتژمێرەکە دەسووڕایەوەو کاتژمێر دوای کاتژمێر، ئۆتۆمبیلەکە وەکو پیرێکی کەترە بۆ ئەوەی بە رێگادا بڕوات و ناچاری وەستان نەبێ هەوڵی بێوچانی دەدا.

دوای سێ کاتژمێران، شوێنێکیان لێدەرکەوت، شوفێرەکە گوتی ئەوە ئەو دەروازەیە کە لێی دادەبەزن، دواتر دەڕۆن و دوا هەنگاوی دەرچوون لە ولاّت دەهاوێژن.

کاتێ ئۆتۆمبیلەکە گەیشت، خەڵکێکی زۆر لە چاوەڕوانی ئۆتۆمبیلێکی دیکە دابوون، تا بیانگەیەنێتە ئەو شوێنەی دواتر بە پێیان دەست بەڕۆیشتن دەکەن.

هەندێك ئاماژەیان بۆ کردن، بۆ ئەوەی بچنە ئەو ژوورەی لەلایەن کەسانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە گیرابوو و تایبەت بوو بە رێکخستنی کاروباری ئاوارەکان.

بەپێی پسوولەی باری کەسێتی و ئەو بەڵگەنامانەی لایان بوو،لای ئەوان خۆیان تۆمار کرد، پاشان سواری ئۆتۆمبیلێك بوون، رۆیشتن، تا گەیشتنە دوا دەروازەی چوونە دەرەوەیان، ئەو شوێنەی لەبەر بوونی گردۆڵکەو پێچوپەناو مینی چێنراو لەوێوە گەشتەکەیان بە پێیان دەستی پێکرد.

باران هێشتا هەر دەباری، بەلاّم کەمتر بوو لەوەی بەڕێژنە بباریت، دوای دابەزینیان شوفێرەکە پێی راگەیاندن کە بەهۆی بارانەوە ئەوکەسانەی بە ئەسپ و گوێدرێژەکانەوە کەلوپەلی خەڵکیان لەم رێگە ناخۆشە دەگواستەوە نەهاتوون، بۆیە کە رێگەیەکی زۆری پەنابەرییان بڕیووە ناچارن پشت بەخوا ببەستن و بە دڵنیاییەوە وا دابنێن ئەوە کەش

و هەوای بەهارە، چونکە ئەمە هەندێ لە نەهامەتییەکانی ڕێگەیان کەم دەکاتەوە، پاشان ئاگاداری کردنەوە کە لەو ڕێگەیە دەرنەچن کە شوێنپێی خەڵکی لێیە، چونکە شوێنەکەی مینرێژکراوە.

لەسەر ئەو ئامۆژگاریانەی سوپاسی شوفێرەکەیان کرد و بەکۆمەڵ بەرێگایەکی نادیاردا ڕۆیشتن، کە نەیاندەزانی بۆ کوێیان دەبات.

بە پیاو و ژن و منداڵەکان زیاتر لە بیست کەس دەبوون.

هەندێ لە گەنجەکان بە هەڵگرتنی جانتاکانیان یارمەتییان دان، خێزانەکەی منداڵە بچکۆڵەکەی هەڵگرتبوو ئەویش دەستی هەردوو منداڵەکەی دیکەی گرتبوو بە ناو جەرگەی ڕێگا پڕ لە گرد و دۆڵەکە هەنگاویان دەنا.

لە ڕێگادا چاوی بە یەکێك کەوت کە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بوو ـ ڕووگرژ، هەنگاوەکانی دەیان لەنگاندەوە و شەکەت دیار بوو.

سەیری پیاوەکەی دەکرد، پاشان بەرەو لای هەنگاوی نا، بینی وا کچێکی تەمەن بیست ساڵەی لەگەڵە.

سلاوی لێکرد، پیاوەکە وەکو دڵخۆشییەکی بەم ناسینەی زۆر بە خۆشی وەلامی دایەوە، ئەوساتە فرمێسکەکانی بینی کە لەچاوەکانییەوە دەڕژان.

دوای نەختێ ڕۆیشتن بینی پیاوەکە دەستی بۆ گیرفانی ژێرچاکێتەکەی برد و شووشەیەکی مەی دەرهێناو قومێکی لێدا و

خستییەوە شوێنی خۆی، پاشان جگەرەیەکی نوێی بە قونکی جگەرە کۆنەکەی کە خەریك بوو تەواو دەبوو داگیرساند.

دوای نیو کاتژمێر رۆیشتن، بە بێدەنگی، جارجارەش قومێکی لە شووشەی مەیەکەی دەدایەوە، تا تەواوی کرد، ئەوسا شووشە بەتاڵەکەی فڕێ دایە لایەك، داوای لە کچەکەی کرد

شووشەیەکی دیکەی بۆ دەربێنێ، ئەویش زوو شووشەیەکی مامناوەندی دەرهێناو خستییە ناو کیسەیەکی رەش و خستییە گیرفانی.

کاتێ ئەو گونجانە رێکەی لەگەڵ باوکی دا بینی، کچەکەش لای خۆیەوە لەگەڵ ژنەکەی یەکتریان ناسی و لەگەڵ یەکتری دەستیان بە قسەکردن کرد، لەپڕ ژنەکەی خۆی بینی لەکاتی قسەکردنەکەیدا هۆن هۆن فرمێسکی بەچاوەکاندا دەهاتە خوارەوە.

لێی نزیك بووەو هۆی ئەو گریانەی لێپرسی، گوتی: دەڵێ باوکم لە شام شۆفێری تەکسی بوو، ئەویش لە کارگەیەکی جلوبەرگدا نەخشچنی دەکرد.

پێش دوو رۆژان کاتێ لەسەرکاربوون، رۆکێتێك کەوتە سەر ئەو خانووەی بەکرێ تێیدا بوون و دایکی و خوشك و برایەکی تێدا بوونە قوربانی.

لەم ساتانەدا حاڵی خۆی لەبیر چوو، دەستی بە دڵدانەوەی پیاوەکە

کردو ئامادەباشی خۆی بۆ هەر هاوکارییەکی پێ ڕاگەیاند: ئێمە کەس و کاری تۆین ئەی جەنگدار.

پیاوەکە سوپاسی کردو گوتی: باوکی لاوین ئینشاللا ئێمە کەسوکارین.

دەنگی کچەکەی هات: ئەو گوتی دەبێ بچینە کوردستان، کەچی بەیروت و هەروەها ئوردونیش لە ئێمە نزیکتر بوون.

ئەو ڕێگە دوورەی نێوان دیمەشق و قامشلۆمان بڕی و خۆمان خستە ژێر مەترسی نێوان بەربەستەکانی سوپای ئازاد و سوپای نیزامی و بەربەستی ڕێگر و میلیشیاکانیش.

پیاوەك گوتی: گەر لەبەر (جین)ی ڕووناکی چاوم نەبوایە خۆم دەکوشت، من دوای ژن و منداڵەکانم ژیانم نییە؟

دواتر وەکو منداڵێك بەکول دایە پڕمەی گریان، بەزەیی پێدا هاتەوە، بۆ ئەوەی لێی دوور بکەوێتەوە، داوای لێکرد تۆزێ پشوو بدات و چیتر بیرنەکاتەوە، لای خۆشییەوە کچەکەی خەریك بوو دەستەکانی ماچ دەکردن و لێی دەپاڕایەوە تا نەختێ هێمن بێتەوە.

یەکەم جاری بوو پیاوێك ببینێ بە ئازارەوە بەکوڵ بگری، خۆی نەگرت و فرمێسك لە چاوەکانی هاتنە خوارەوە.

کچەکەی ترسا، بە پاڕانەوە گوتی: بۆ خاتری خودا باوکە گیان بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە، لەم هەموو دنیایە کەسم لەتۆ زیاتر نەماوە.

پیاوەکە قومێکی دیکەی لێدا، کچەکەی گوتی: ئەم شەرابە وای لێدەکات خەوبیباتەوەو شەوان تێر بخەوێت.

کاتێ یەکەم هەنگاوی لە سنووری هەرێم نزیك بوونەوە، هەستی کرد کە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە لە هەنگاوەکانی پەنابەری کۆتایی پێهات.

رۆیشتنەکەیان زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند، تا لەگەڵ رۆژئاوابووندا خۆیان لە ئەستۆی پاسەوانانی هەرێم بینییەوە.

ئەو کاتە لە یەکتری دابڕان، هەر خێزانێك خەریکی کاری خۆی بوو، هەندێ کەس بۆ پێشوازی هەندێ لەو پەنابەرانە هاتبوون و لەگەڵ خۆیان بردنیانەوە ماڵەوە.

ئەوان بەم شەکەتییەی لە روخساریانەوە دیار بوو، بەتەنها لە خێوەتی پاسەوانەکان مانەوە.

بەزمانی کوردی و زاراوەی بادینانی پێشوازی و بەخێرهاتنی زۆریان کردن.

منداڵەکانیان لەباوەش گرت و ماچیان کردن و یاریان لەگەڵدا دەکردن و هەندێ لە شیرینیشیان پێشکەش کردن، دواتر بۆ ئەوەی چیتر لەبەر باران نەوەستن، لە ناو خێوەتەکەی ئەوان بۆ گەرم بوونەوەو

وشککردنەوەی جلوبەرگیان دانیشتن، تێیان گەیاندن کە هەنووکە کات درەنگ بووەو دەوامی ئەو فەرمانبەرانەی مامەڵەی تۆمارکردن دەکەن تەواو بووە، چەند ژمارەیەکیان پێدان تا بتوانن بە درووستی پێی بچنە ناو هەرێم.

جارێکی دیکە دەستیان کردەوە بە بەخێرهێنانیان و پێیان گوتن کە خۆیان بە هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بزانن کە وڵاتی هەموو کوردانە، بۆ یەك ساتیش خۆیان بە پەنابەر نەزانن، چونکە کوردستان هەمووی لێیان زویر دەبێت، ئەو جیاوازی لەنێوان نەوەکانی خۆی ناکات لە هەر کوێیەك بن و لەهەر کوێیەکیش دابنیشن، لە نەریتی ئەو دانییە لەسەر خاکی ئەو کوردێك هاوڵاتی بێت و یەکێکی دیکە پەنابەر بێت، بۆیە پەلەی لە تەواو کردنی مامەڵەی نیشتەجێبوونی نیزامیان دەکرێت، تا بتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی بەهەموو هەرێمدا بگەڕێن، وەکو ئەوەی بە پەساپۆرتی خۆیان هاتبنە ناو هەرێم.

ئەوکاتە دەتوانن هەر خانوێك لە هەر شارێك بۆیان گونجاوبێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن، دەشتوانن لە خێوەتگای(دومیز)کە بۆیان ئامادە کراوە نیشتەجێبن.

ئەو جۆرە بەخێرهێنانە وەکو مۆمێك بوو لە کونێکی تاریك وچاوبەئەنگوستدا و لە قەبارەی ئەو شەکەتییەی دووچاری ببوون کەمکردەوە،، ئەوکاتە پەکێ لە پاسەوانەکان تەلەفۆنی بۆ ئۆتۆمبیلێك

کرد، گوتی شوفێرەکە ئەم شەو دەیانباتەوە ماڵەکەی خۆیان، بۆ سبەی بەیانیەکەی دەچنە نووسینگەی پێدانی مۆڵەتی نیزامی بۆ چوونە ناو وڵات.

دوای نیو کاتژمێر ئۆتۆمبیلێك کە لایتەکانی داگیرساندبوو هات، لە تەنیشت خێوەتەکە وەستا و شوفێرێك کە جلی پێشمەرگەی پۆشی بوو دابەزی و خۆشحاڵی خۆی بە هاتنی ئەوان و میوانداریکردنی ئەوان ئیمشەو لە ماڵەکەی خۆی نیشاندا.

لەگەڵ ژنەکەی و هەردوو منداڵەکانی سواری ئۆتۆمبیلەکە بوون، پاسەوانەکان نەیانهێشت خۆیان جانتاکان هەڵگرن، ئەوان بۆیان خستنە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەکە، زۆر پێنەچوو بە دەست بەرزکردنەوە خوا حافیزیان لێکردن و هیوای شەوێکی شاد و دانیشتنێکی خۆشیان لە هەرێمی کوردستان بۆ خواستن.

لە رێگادا، بەردەوام شوفێرەکە بەخێرهاتنی لێدەکردن، پێی راگەیاندن کە کوردستان بە لەخۆگرتنی هەموو کوردان لە خۆشی و ناخۆشیدا شەرەفمەندە، ئێوە وەکو میوانێکی ئازیز گەیشتنە ناو کەس و کاری خۆتان، نابێ دوو دڵ بن، چونکە بۆ هەر کوێیەك بچن ئاسانکاری بۆ کارەکانتان دەکرێ، پاشان گوتی کە ئەو ئامادەیە بۆ هەر خزمەتێك گەر گرفتی تێکەوت، ئەوان هەر ئەوەندەیان لەسەرە تەلەفۆنێکی بۆ بکەن، هەروەها ئامادەیە کاریان بۆ بدۆزێتەوە،

دەتوانیٚ لە (دهۆك) خانویٚك بەکریٚ بگریٚت و لەگەڵ خیٚزانەکەی تیایدا دابنیشن، دەشتوانیٚ بە ئاسودەیی لە خیٚوەتگەی دۆمیز دابنیشیٚ، لەویٚ خیٚوەتیٚك و هەندیٚ رایەخ و پیٚداویستی چیٚشتخانەو مانگانەش بڕیٚك پارە بۆ هەر تاکیٚك دابین دەکریٚت.

پیٚش ئەوەی بگەنە ماڵەکە، شۆفیٚرەکە لای دایە کتیٚبخانەیەك، داوای لیٚکردن هەریەکەی ویٚنەیەکی خۆی بگریٚت و هەموو ئەو بەڵگەنامانەش کە لایانەو وانیشان دەدا ئەوان ژن و میٚردن و منداڵەکانیش هی ئەوانن فۆتۆکۆپی بکەن.

دواتر گەڕانەوەو کەوتنە ریٚ، گەیشتنە ماڵەکە، شۆفیٚرەکە بەردەوام بەخیٚر هیٚنانەکەی بۆ دووبارە دەکرنەوە، بۆ پیٚشوازیان بانگی ژن و کچەکانی کرد، کەوتنە یەکتر ماچکردن هەر وەکو ئەوەی عەیامیٚك بیٚت یەکتر بناسن، دواتر دەستیان بە ماچ کردنی منداڵەکان کرد، دەیانگوت : شوکور بەسەلامەتی گەیشتن (مامۆستا).

لەسەر ئەو پیٚشوازییە گەرمە زۆری سوپاس کردن، پاشان هەموویان چونە ژووری دانیشتن.

دوای کاتژمیٚریٚك دانیشتن، خواردنی شیٚوانیان بۆ ئامادەکردن کە بریتی بوو لە گۆشتی مریشکی سوورەوە کراو لە سەر قاپیٚك تیٚکەڵەی برنج و هەرشتە.

پاشان چایەیان بۆ هیٚنان، دواتر پیاوەکە بۆ پشوودانیٚك بردنییە

ژووری نوستن.

پیاوەکە لەگەڵ کوڕێکی تەمەن پانزەساڵی دانیشت، شەویان بە قسەو باس و گاڵتەو گەپ بردەسەر تا خەو خۆی خستە سەر چاوەکانییەوە، ئەوسا بۆ خەوتن بانگیان کرد.

خۆی بە خەوێکی قووڵی بەردەوام سپارد، تا کاتژمێر شەشی بەیانی ئەوکاتەی لەگەڵ دەنگی پیاوەکە بێدار بووەوە کاتێ بەیانی باشی لێکردو زۆری نەبرد چووە دەرەوە.

دوای بەسەر بردنی یەکەم شەوی لەم گەشتەی لە ماڵی ئەم پیاوە باشە، لەسەر جێگەکە خۆی لێراکێشا، دواتر هەڵسایەوەو بۆ شوشتنی دەموچاوی چووە لای دەستشۆرەکە.

دوای گەڕانەوەی، پیاوەکە بردیە ئەو ژوورەی شەوی پێشوو لەگەڵ ژن و منداڵەکانی و ژنەکانی دیکە نانیان تێدا خوارد.

هەر کە چووە ژوورەوە، (سیروان)ی کوڕە تەمەن سێ ساڵییەکەی بە غاردان وەکو ئەوەی عەیامێك بێت نەیبینیبی خۆی خستە نێو باوەشی، دوای ئەو (لاوین)ی پێنج ساڵەو (بیرهات)ی کچە تەمەن حەوت ساڵییەکەی، هەموویان وەکو ئەوەی لە هەستی ئاسوودەیی دابڕابن لە باوەشی کۆبوونەوە.

سلاوی لە ژنەکان کرد، زەردەخەنەیەکی لەگەڵ ژنەکەی کە بە پێچەوانەی دوێنێ چالاکترو رووخۆشتر بوو گۆڕییەوە.

کیژەکان قاپی خواردنەکانیان هێنا ژوورەوە، دەستیان بەخواردنی بەیانی کرد، دواتر پیاوەکە داوای لێکردن سواری ئۆتۆمبیل بن، تا بۆ تەواو کردنی کاروباری چوونە ژوورەوە زوو بیانگەیەنێتە بارەگاکە.

لەو کاتەدا خێزانەکەی و ژنەکانی دیکەی بینی بە چاوی فرمێسکاوییەوە دوا ماچی ماڵئاوایی لە یەکتری دەکەن.

رایان سپارد کە هەست بە ئاسوودەیی بکات و جگە لە بایەخدان بە منداڵەکانی بیر لە شتێکی دیکە نەکاتەوە ، هەرکاتێکیش هەستی بە غەریبی کرد تەنها یەك تەلەفۆنیان بۆ بکات، ئەوان هەموو یارمەتییەکی پێشکەش دەکەن، گەر پێویستیش بکات ئەوان خانوێکی دیکەیان هەیە تا خودا دەرگایەکیان لێدەکاتەوە دەتوانن تیایدا بژین.

کاتژمێر نۆ فەرمانبەرەکان هاتن، خەڵکێکی زۆر لە کوردانی سوریا کۆ بووبوونەوەو داوای پەنابەریان دەکرد.

بەپێی ئەو مافدارێتییەی بینیان خەڵکەکەیان رێکخست، سەرەتا بەم خێزانانە دەستیان پێکرد کە منداڵی بچوکیان لەگەڵ بوو، پاشان گەورەکان، ئەوسا ئەو گەنجە سەڵتانەی بە تەنیا هاتبوون و تا بەشداری لە کوشتارگەکاندا نەکەن و نەکەونە دەستی رژێم، لە سوپا جیا ببوونەوە و بە هەڵاتوو لە ریزی سوپای نیزامی هەژمار کرابوون.

دوای کاتژمێرێك لە تۆمارکردنیان، ئەوسا شۆفێرەکە بۆ تەواوکردنی مامەڵەی وەدەستهێنانی فەرمانی نشینگەو ئەو مافانەی

بۆیان دانراوە، داوای سوار بوونی ئۆتۆمبیلەکەی لێکردن تا بیانگەیەنێتە خێوەتگەی (دۆمیز).

سوپاسێکی زۆری پیاوەکەی کردو گوتی نامەوێ چیتر بارتان گران بکەم و بە ئۆتۆمبیلێکی تەکسی تایبەت دەڕۆین.

پاشان بەرەو فرۆشەری هێلی مۆبایلەکان رۆیشت، هەندێ لەو پارە سووریانەی لای بوو بە دیناری گۆڕییەوە و هێلێکی مۆبایلیشی کڕی و خستییە شوێنی ئەو هێلە کۆنەکەی کە ژمارەکەی سالآنێکی درێژ بوو و لەگەڵ پەیدابوونی مۆبایلەکان لە ولاتەکەی هاودەمی بوو و باش ئەزبەری کردبوو و لە مۆبایلەکەی دەریهێناو بووە شتێك لە شتومەکەکانی رابووردوی لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە ناوچەکانی ئەو ولاتە گۆڕان.

پیاوەکە ژمارەی مۆبایلی خۆی پێدا و لێی دووبارە کردەوە کە هەروەختێك پێویستی بە یارمەتی بوو تەلەفۆنی بۆ بکات، کاتێ ئۆتۆمبیلە تەکسییەکە بەرەو شاری (دهۆك)کە خێوەتگەی (دۆمیز)ی لێبوو و بۆ تەواو کردنی مامەڵەی پەنابەری کەوتە رێ، کاتژمێر نزیکەی یانزەی بەیانی بوو.

بارانێکی بە خوڕ دەباری و ئۆتۆمبیلەکەش بەرەو شارەکە دەرۆیشت، بۆ جاری یەکەمی بوو کە بە تەواوی ئادگاری شارێکی کوردی ببینێ.

شارێکی کوردی، ئەوەتە کوردان لە شارێکی کوردی و لەژێر سایەی حکومەت و پەرلەمان دادەنیشن و ئەوانیش لە ناوجەرگەی هێلی ئاگردا دەژین.

لەو ساتەدا وای بەبیردا هات کە بەلانس و بەهای هەر دەوڵەتێك بە گەلەکەی بەستراوەتەوە، ئەو کاتەی گەل هەمووی دەبێتە دەوڵەت و دەوڵەتیش دەبێتە گەل.

ئەوکاتەی دەوڵەت راستاڵ و بەهێز دەبێت، گەلیش راستاڵ و بەهێز دەبێت، رەنگە ترسناکترین دیاردە ئەوەبێ کەگەل هەست بە ئینتیمایەك بۆ وڵاتەکەی نەکات، یان یەکێك بێت و دەست بەسەر وڵات دا بگرێت و بۆ خۆی و بنەماڵەکەی قۆرخی بکات، بنەماڵەکەی لە سەرجەم خێزان و بنەماڵەکانی گەلیش جیا بکاتەوە، ئەوکاتە جومگەکانی دەوڵەت لەق دەبن و نیشانەکانی دارمان لە سەر جومگەکانی دەردەکەوێت.

ئەوە قۆناغی ئەو کۆدەتا گەورە یەکلاکەرەوەیە کە گەل هەنگاوی بە هێز و خۆبەخشانەی لەم جۆرە دەهاوێژێت، ئامادەیە کە بەنرخترین باج کە بتوانێ بیدات لە پێناوی ئەوەی کەسێك پێشکەشی جیهان بکات کە بتوانێ لە خۆ بەکەم زانین رزگاری بێت و بڕوای وا بێت کە فەرمانبەرێکە لە فەرمانڕەواییە کاتییەکەی و ئامادە نییە هەموو تەمەنی بە فەرمانبەرێتی بەسەر ببات، چونکە ژیان بواری دیکە لەخۆ دەگرێت و مرۆڤ نایدۆزێتەوە و چێژی لێوەرناگرێت تا نەچێتە

بنەوانییەوە.

کاربەڕێوەبردن بە جێنشینی خۆی بسپێرێت هەر وەکو ئەوەی کلیلی ئەو خانووەی رادەست بکات کە ماوەیەك تیایدا کرێگرتە بووە، پاکانەی خۆی دەربخات بەرامبەر ئەو خانووەی چۆن رادەستی کراوە بەمجۆرەش باشتر بەو کەسە بسپێرێت کە دەبێتە بەرپرسی سەردەمێکی دیکە.

ئەوەتە دەسەڵات دەبێتە گەورەترین بار بەسەر گەلەوە، دوچاری قورسترین نەهامەتی و ترسناکی دەکات، هەموو شتێك دەکات و بەدەست و ددانەکانی خۆی بە کورسییەکەی هەڵواسێ، ئامادەیە جلەکانی دابکەنێت و بە رووتی بمێنێتەوە، بەمەرجێ لە سەر کورسییەکەی بمێنێتەوە، لەخۆی زیاتر کەس نابینێ لەسەر کورسییەکەی دابنیشێ، چونکە بە خەیاڵی دانایەت بەرگەی ئەو سوکایەتی پێکردنە بگرێت کە بەرامبەری دەکرێت و قسەکانی دایکی، کە تاماوە هەر لۆمەی دەکات و پێی دەڵێ : ( وەکو ژنان بگری، چونکە نەتوانی وەکو پیاوان پارێزگاری لە فەرمانڕەوایەتییەکەت بکەیت).

ئەو دەسەڵاتدارە هەست بە حاڵەتێکی دوژمنکارانە بەرامبەر خەڵکی دەکات، جەنگێکی دەروونی دەست پێدەکات و کاریگەری لەسەر باری دەروونی و بژێوییان دەبێت، تووشی دڵەراوکێ و گرژ بوون

و شپرزەییان دەکات، بۆئەوەی بە دەردی خۆیان سەرقاڵ بن و لێیگەڕێن لەسەر کورسییەکەی خۆی بێت، ئەو کاتەی دەشمرێت تا کەسێکی نامۆ لەسەری دانەنیشێ ئەو میراتە بۆ کوڕەکەی دەگوێزێتەوە،

(دهۆك)بە چیاکانی دەدرەوشایەوە، زیاتریش بەو نووسینە کوردیانەی بۆ یەکەم جار دەیبینێ، لەسەر رووی دەزگا و شوێن و رێگاکاندا هەڵواسرابوون.

کاتێ چووە ناو خێوەتەکە، بەو کۆمەڵە خەڵکە و ئەو زەوییە فراوانەی کرابوو بە خێوەتگە سامدار بوو، بەو فرۆشیارانەی شتومەکەکانیان بۆ فرۆشتن راخستبوو و تەکسییەکان، جوولەی هاتوچۆیەکان بەچڕی، منداڵان، ژنان، پیران، گەنجان، ئۆتۆمبیلەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، فەرمانبەرانی رێکخراوە مرۆییەکان ، بارانیش بە چڕی دەباری، زەوییە خۆڵاوییەکەی کردبووە کەند و کۆسپی شێلراو لە قوڕوچڵپاو.

هەموو ئەوانە لە ژێر مەترسی شەڕ منداڵەکانیان دەربەدەر کرد، بۆیە دەتوانرا ژمارەی زۆری منداڵەکان لەچاو ژمارەی خەلکەکە جیا بکرێتەوە، لو ساتەدا سەیری هەر سێ منداڵەکەو ژنەکەی دەکرد و خۆی بەراورد دەکرد، بەڵام هەندێ جار شتەکە خۆی جیاواز دەنواند کاتێ پیاوێکی بینی چوار منداڵ و ژنەکەی و سێ کچی عەزەب و دایکی و باوکە پیرەکەی لەگەڵدا بوون.

ئەوکاتە قەبارەی کارەساتەکەی بە خەیاڵداهات، لە هەموو ئەو خێوەتگایانەی ئوردون و تورکیا و لوبنان کە خێزانە سووریەکانی لە خۆ گرتووە.

ئەوانەی ماڵوحاڵی خۆیان جێهێشتووەو لە ماوەی شەو و رۆژێکدا بوونە پەنابەر، ساڵانێکی زۆر لە میوانداری کردنی پەنابەرانی هەموو جیهان راهاتبوون، لە شوێنی جۆراوجۆر، پێشوازیان لە گەشتیار و میوانان دەکردو ماڵەکانیان بۆ والآدەکردن.

لەژێر لێزمەی باران دەستی منداڵەکانیان گرت و بەرەو ئەو بارەگایەی نیشانیان دابوون رۆیشتن.

ئەوە ئەو رێگەیە کە ناچارن پێیدا بڕۆن وەکو ئەو ملیۆنەها سووریەی زەمینلەرزە لە خانووە ئارامەکەیانی دابوو.

وای لێهاتبوو وشەی(سووریا) ببووە گرێیەك لە قوڕگی، سووریای بریندار کە لەهەموو لایەك لێیدەدرێت.

ئەو سووریایەی لە هەموو جیهان بۆی دەهاتن، هەنووکە جێگەی کوڕەکانی نابێتەوە، ئەو فەلەستینیانەش کە حەفتا ساڵ لێی دانیشتن، ناچار بوون لێی دەربچن، ئەو عێراقیانەش کە ئارامگایەکی گەرم و بێوەی و جوانیان لە باوەشیدا دۆزییەوە، ناچار بوون جێی بهێڵن، چیتر گەشتیاران رووی تێناکەن، چیتر عاشقان رووی تێناکەن، گوڵە یاسەمینەکان دەسماڵی ماتەمینیان پۆشی، ولاتی شام، ولاتی

خۆشەویستی، هەموو شارەکان لەژێر گرمەی تۆپەکان دەناڵێنن : دیمەشق، سوێدا، قنیتەرە، دەرعا، حەلەب، حومس، حەما، لازیقیە، تەرتوس، رقە، دیرەزوور، حەسەکە.

بەتەنیا مایەوەو خوێنی لێدەڕژێ و خوێنی لێدەڕژێ و خوێنی لێدەڕژێ، خەڵکی دیکەش پێدەکەنن و پێدەکەنن.

دەرۆیشت و فرمێسك لەچاوانی دەهاتنە خوارەوە، بینگیرەکەش لە قوڕگی جێگیر دەبوو، لەوێ بەو ئامێری وێنەگرتنەی فەرمانبەرێك پێشتر ئامادەی کردبوو وێنەیان گیرا و زانیاریان لێوەرگیرا، لە گۆڕەپانەکەی چاوەڕوانیان دەکرد تا یەکێ لە فەرمانبەرەکان دەرکەوت و بانگی ناوەکانی دەکرد، هەر یەکەو (فۆرمی سیفەتی بە پەنابەر بوون)ی بە خاوەن ناوەکان دەدا، کە وێنەو زانیاریەکانی ئەوانی تێدابوو.

کاتێ فەرمانبەرەکە ناوی ئەوی خوێندەوە، وەڵامی نەدایەوە، کاتێ ناوەکەی دووبارەکردەوە، ژنەکەی بانگی کرد و فۆرمەکەی پێدا و زانی کە بینگیرانەکە نەیهێشتووە قسان بکات.

دوای گەڕانەوەی سەیرێکی کردو رووی لێوەرگێڕا، ئەو کاتەی فۆرمەکەی لە ژنەکەی وەرگرت هەستی کرد کە زۆری حەز لێیە پارچە پارچەی بکات، چاوی بە دەستەواژەکەی کەوت، کە بە زمانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی نووسرابوو، دەستی بەخوێندنەوەی کرد:(

نوسینگەی کۆمسیۆنی سامی نەتەوەیەکگرتووەکان شایەتی دەدات کە ئەو کەسانەی ناویان لێرەدا هاتووە داوای پەنابەرێتی دەکەن، نوسینگەش هەنووکە لیکۆڵینەوە لە بارودۆخیان دەکات، بەو پێیەی کە داوای پەنابەری دەکەن، لەو کەسانەن کە چاودێری نوسینگەی کۆمسیۆن دەیانگرێتەوە و لە گەڕانەوەی بە زۆری بۆ وڵاتەکەی خۆیان کە وەکو خۆیان دەڵێن تیایدا مەترسی لەسەر ژیان و ئازادیاندا هەیە دەیانپارێزێت، تاکو بڕیاری کۆتایی لەسەر داوای بوون بە پەنابەریان دەدرێت)

پاشان داوایان لێکرا بۆ تەندرووستیان پشکنینی خوێنیان لە بارەگایەکی تەنیشت بۆ بکرێت، لەوێ تەنها پشکنینی خوێنەکە بۆ گەوران بوو و منداڵانی نەدەگرتەوە.

بەرەو ئەو گۆڕەپانە ڕۆیشتن کە خەڵکەکە هەموویان لەوێ کۆبووبوونەوە، ئەو کاتە هەستی کرد کە بە پێخواسی دەڕوات.

سەیرێکی پێیەکانی کرد، پێڵاوەکەی دۆزییەوە، پاشان سەیری ژێر پێی خۆی کرد، بینی کە ژێرپێڵاوەکەی لەناو قوڕولیتە جێماوە.

لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو تا رایەخێکی بینی پێڵاوی لەسەر بوون، دیار بوو خاوەنەکەی شارەزای داخوازی کڕیارەکان بوو، پێڵاوێکی پلاستیکی ئەستووری وەکو ئەو پێڵاوانەی جوتیارە ئاودێرەکانی بۆ هێنا.

کاتێ گەیشتنە شوێنەکە کۆمەڵە خەڵکێکیان بینی لەتابوورێکی درێژدا لەچاوەڕوانی دابوون، بەرەو ئەو دەرگایە رۆیشت کە پێشوازی لە هاتووەکان دەکرد، لەوکاتە ئەو فەرمانبەرەی ناوەکانی تۆمار دەکرد ئامۆژگاری کرد کە بەڕیز خۆی تۆمار بکات و لەبەر ئەوەی خەریکە دەوام تەواو دەبێت و ئەو ناوانەش کە لە دوێنێوە لە چاوەڕوانی دابوون زۆرن، بۆیە دەبێ سبەی بەیانی بێتەوە.

لە خشتەی ناوەکان ناوی خۆی تۆمار کرد، کەلوپەلی خۆیان هەڵگرت و بۆ دەروازەی ئەو خێوەتگەیەی کە تەکسییەکانی لێ کۆبووبوونەوە گەڕانەوە.

ساتێك وای بەخەیاڵدا هات کە ئەو خێوەتگەیە گەورەیە لەم دەشتە بۆتە نیشتیمانی کوردان، کە لە هەموو لایەکی رۆژئاوا بۆی هاتوون.

هەندێ ناسیاوی خۆی بینییەوە ، پێشتر لە شارەکەی خۆی نەیبینیبوون، خێوەتگەکە ببووە شوێنێکی گەورەی پێکگەیشتنی هاو خەم و دەردان، نزیکەی هەموو پێداویستیەکانی تێدا دیار بوو، خەڵکی بارودۆخێکی وایان بەسەردا سەپا بوو کە ناچار بوون بۆ باشکردنی بژێوی ژیانیان هەموو کارێك بکەن، ئەوەی نەشتوانێ لە شاردا خانوێك بەکرێ بگرێت، لە خێوەتگە دەمێنێتەوە تا کارێکی بەردەوام دەدۆزێتەوە بە هیوای ئەوەی رۆژێ بێ و جێیبهێڵێ، بۆیە شەوان لە

خێوەتگەکە دەمێننەوەو بە رۆژیش دەچوونە سەر کارەکانیان.

کاتێ نیشانەکانی شەکەتی لە منداڵەکانیدا بینی، بەرەو خێوەتەکە رۆیشت، مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی خواست، ژنێك لەسەرەتای تەمەنی بوو لە خێوەتەکە هاتە دەرەوە، بەخێرهاتنی کردن و گوتی: فەرموون بەخێر بێن.

گوتی: نەختێ پشوو دەدەین و گەشتەکەمان تەواو دەکەین.

دووبارە بەخێرهاتنی کردنەوە، لە ژنەکەی چووە پێش و بەربوونە ماچکردنی یەکتری و دواتر منداڵەکانیشی ماچ کرد.

لە خێوەتەکە چوونە ژوورەوە، ژنەکە یەکسەر ئاوی پێدان، سەرو کیسێکی پەتاتەی وشکی دا بە منداڵەکان و چاپەستەکەی خستە سەر غازەکەو گوتی کە خەڵکی (قامشلۆ)یەو ساڵێك دەبێ لەگەڵ مێردەکەی هاتوونەتە ئێرە و هەر لەم خێوەتەش یەکەم منداڵی

کە (ئیڤار)ی کچی بوو لەدایك بوو و هەنووکە تەمەنی (دە) مانگانە.

مێردەکەی ئەو خێوەتەی وەرگرت چونکە بەهۆی بەرزبوونەوەی کرێی خانوو بە شێوەیەکی سەیر پارەی بەکرێ گرتنی خانوێکی نەبوو، چونکە داهاتەکەی لە پێنجسەدهەزار دینار تێپەڕناکات، لەم کاتەی کرێی مانگانەی خانوێکی رانەخراو ئەم داهاتەمان دەبات و هیچ بۆ بژێوی ژیانمان ناهێڵێتەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی مێردەکەی بڕیاری

دانیشتنمان لەم خێوەتگەیە بدات، تا لەماڵەوە هەر بەسەر پشتدا نەکەوێ و لە چاوەڕوانی یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان دابێ، دەچێ کار دەکات بۆ باشکردنی ژیانی، یان بۆ ئەوەی کرێیەکەی زیاد بکات و بتوانێ خانوێك بەکرێ بگرێت و ئەم خێوەتگەیە جێبهێڵێ، ئەو وەستای خانووبەرەیە، لەگەڵ ڕۆژاندا گەر مانەوەی لێرەدا درێژ بووەوەو شەڕیش لە وڵات هەر بەردەوام بوو، ڕەنگە کارێکی باشتر بدۆزێتەوە، ئەم شەڕەی کە شێوازێکی تارمایی ئامێز و نادیاری وەرگرتووە و کەسێك شتێکی روونی لێدەست ناکەوێت، هەر شتێکی لێ بەرهەم بێت تەماوی و نادیارە.

ژنە تەمەن بیست و سێ ساڵانەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاشان چاپەستەکەی هێنا.

گوتی: بەخوا تامەزرۆی چایەی سووریاین

ژنەکەش گوتی: لێرە چایە بەزۆری بۆندارە، بەڵام لەگەڵ ڕۆژاندا لێی ڕاهاتین، هەروەکو چۆن لە زۆر شتی دیکەش ڕاهاتین.

چەند کەوچکێکی شەکری لە ناو پیاڵەکان کرد، کاتێ چایەکەی تێکرد، هەڵمەکەی خێوەتەکەی بۆندار کرد، لەگەڵ پێشکەشکردنی چایەکان، باسی (سامان)ی مێردی تەمەن سی ساڵانی کرد: کە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن لە خێوەتەکە دەردەچێ و لەگەڵ ڕۆژئاوابوون دەگەڕێتەوە.

ژنەکە گوتی: ژیان لەم خێوەتگەیە زۆر زەحمەتە، بەڵام ژیان لە ژێر

رەحمەتی بووردومانکردنی مالاَن و ئەو تەقینەوانەی لە سەر شەقامەکان روو دەدەن و کرداری رفاندنی خەڵکی باشترە.

لێرە لەکەس بە هیوا مەبن، ئەوەی پشت بەخۆی نەبەستێت دەبیَ دەرۆزەی بکات، چونکە ئەوەی لێرە پێمان دەدەن نە پێی قەڵەو دەبین و نە رێی برسییێتیمان دەگرێت.

لە خێوەتەکەی تەنیشتمان کوڕی ژنەکەی هاوسێمان تەمەنی پێنج سالاَن بوو، کاتژمێر دووی شەو بوو دوپشك پێی وەداو لە سەر دەستەکانی مرد، ئەو هەژارە دەستی بەهات و هاوارکردو لە دەوری کۆبووینەوەو دەرزییێکی ژانبڕمان لێدا، بەیانیەکەی یەکێك ژمارەی مۆبایلی بەرپرسی یەکێك لە پارتە کوردییەکانی سووریای ئەوێی پێدا، بەو پێیەی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسەکانی ئەوێدا هەبوو، داوای لێکرد بۆ چارەسەری کوڕەکەی یارمەتی بدات، بەگەرمی وەلاَمی دایەوەو گوتی دوای کاتژمێرێکی دیکە پەیوەندیم پێوە بکە.

ئەو هەژارە زۆر کەیفخۆش بوو، دوای کاتژمێرێك پەیوەندی پێوە کردەوە، بەلاَم پێی سەیر بوو کە مۆبایلەکەی وەلاَمی نەبوو، تا کاتژمێر چواری ئێوارە هەر تەلەفۆنی بۆ دەکرد، وەلاَم نەبوو، پاشان بە ژمارەی تەلەفۆنێکی دیکە قسەی لەگەڵکرد، کاتیَ گوێی لەدەنگی بوو، هیچ قسەیەکی دیکەی نەکرد، تفێکی ئاراستە کردو هێلەکەی داخست.

مندالەکەی هەڵگرت، حالی زۆر خراپ بوو، شۆفێری تەکسییەکی

دهۆکی کاتێ بە حاڵی ئەم منداڵەی زانی لەسەر کیسەی خۆی بڕیاری چارەسەرکردنی دا و بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی گەیاندی، بەلاّم پێش ئەوەی بیگەیەنێتە نۆڕینگەی دکتۆرێکی تایبەت گیانی لەدەست دا.

دوای کاتژمێرێك بۆ دەرچوونیان و دوای پشوودانێك لە خێوەتەکەی مۆڵەتیان لە ژنەکە خواست، زۆری داوا لێکردن کە ئەم شەوە لە خێوەتەکەی بەسەر ببەن و (سامان)یش پیاوێکە میوانی زۆر خۆش دەوێ، بۆیە کاتێ دەگەڕێتەوە دڵخۆش دەبێت.

بەلاّم سوپاسی کرد و داوای کرد سلاّوی پێبگەیەنێت و ئەم شەوە لە یەکێ لە میوانخانەکان بەسەر دەبەن، بەیانی دەگەڕێنەوە.

کاتێ ژنەکە بە راموسان ماڵئاوایی لە خێزانەکەی کرد، ژنەکەشی کچەکەی ئەوی ماچکرد، پاشان بەرەو دەروازەی خێوەتەکە رۆیشتن، بۆ چوونە ناوشار سواری ئۆتۆمبیلێك بوون.

لە رێگادا داوای لە شۆفێرەکە کرد، تا بیانباتە میوانخانەیەك تاکو ئەم شەوە تیادا رۆژ بکەنەوە، بەلاّم شۆفێرەکە گوتی ئەم شەو بۆ خەوتن لە جیاتی میوانخانە لە ماڵەکەی خۆی پێشوازیان دەکات، ئەوان میوانن و پێویستە لە لە هەڵسان بە ئەرکی خۆی بەرامبەریان بێبەشی نەکەن، هەروەها ژنەکەی و منداڵەکانی بە ناسینیان و بەسەربردنی شەوێك بەیەکەوە زۆر دڵخۆش دەبن، پاشان گوتی: کێ دەزانی، رەنگە ماوەیەکی دیکە ئێمەش میوانی ئێوە بین.

ئەوکاتە ناچار بوو رازی ببێت، بەرەو ماڵەکەی خۆی برد و بە زەردەخەنەیەکەوە دووبارەی دەکردەوە: یاخوا بەخێر بێن میوانانی ئازیز.

سەرلەبەیانی رۆژی دوایی، شۆفێرەکە بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی گەیاندنییە ئەو شوێنەی کە دوێنێ لێی هەڵگرتبوون، یەکسەر چوونە شوێنی شیکردنەوەکە، خەڵکانێك کۆمەڵیان بەستبوو، هەندێکیش دەچوونە ژوورەوەو دەهاتنە دەرەوە.

چوونە ناو خەڵکەکە و چاوەڕوانی ئەو فەرمانبەرەیان دەکرد ناویان بخوێنێتەوە تا بچنە ژوورەوە.

کاتێ کاتژمێر بووە دوانزە، یەکێ ناوی خوێندەوە، کاتێ خەڵکەکە بۆ چوونە ژوورەوە رێگەی بۆ کردنەوە، هەریەکێکیان لە ناو ژوورەکەدا چوونە لای سستەرێك، یەکسەر لە قۆڵیانەوە دەستیانکرد بە خوێن لێوەرگرتنیان.

پاشان بۆ وەرگرتنی مۆری کۆتایی بۆ وەدەستهێنانی مۆڵەتی نیشتەجێبوون بۆ بارەگایەکی دیکە گوێزرانەوە.

بەرەو بارەگاکە رۆیشتن، دیار بوو پەنابەرێکی زۆر کۆمەڵیان تێدا بەستبوو، تاکو کاتژمێر سێی عەسر لە چاوەڕوانیدا بوون، کاتێ فەرمانبەرەکە ناوی خوێندەوە گوتی دەبێ سبەی بەیانییەکەی بەرەو فەرمانگەی کاروباری پەنا بەران لە دهۆك برۆن، لەوێ دۆسیەکەیان لە

چاوەڕوانیدایە.

کەل و پەلەکانیان هەڵگرت و منداڵەکانیان دایە پێشخۆیان کە لەو چاوەڕوانییە درێژەو وەستان لەسەر پێیان شەکەت ببوون، بۆ چوونە ناو شار بەرەو دەروازەی خێوەتگەکە ڕۆیشتن و تا سبەی بەیانی لە یەکێ لە میوانخانەکان شەو بکەنەوە.

لەم کاتانەدا گوێی لەدەنگێك بوو کە ناوی ئەوی بانگ دەکرد، خێزانەکەشی گوێی لە دەنگەکە بوو، کچەکەشی ئاگاداری کردەوە کە یەکێك بانگی دەکات.

ئاوڕی دایەوە،هاوڕێیەکی کۆنی خۆی کە دکتۆرێك بوو لەگەڵ ژن و کوڕەکەی بینین، لێی هاتنە پێشەوەو بەگەرمی تەوقەیان لەگەڵ یەکتری کرد، یەکتریان ماچ کرد و گوتی : بەخێر بێیت سلیڤانی هاوڕێم...کێ بەبیریدا دەهات کە لێرە بەیەك دەگەین؟!!

هەروەها ژنەکانیشیان لای خۆیانەوە یەکتریان ماچ کرد.

ئەوکاتە برادەرەکەی پێی ڕاگەیاند کە مانگێك زیاترە لە شاری دهۆك دادەنیشێ، تاکو خانوێکی دۆزییەوەو لە وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێبوونیش تەمەڵی کردووە، هەنووکەش هاتووە تا مامەڵەی نیشتەجێبوونەکەی بکات، بەڵام هەنووکە درەنگ داهاتووەو تەنها توانی کەمێك لە مامەڵەکەی ئەنجام بدات بۆیە دەبێ بۆ تەواو کردنی ئەو پێداویستیانەی ماون سبەی بگەڕێتەوە.

دواتر گوتی گەر خۆی بینی حەز لە کارکردن دەکات، ئەوە بۆ کارکردن لە پیشەکەی خۆی نۆڕینگەیەك دەکاتەوە، هەر چەندە ئەو بێکارییەی بە هەلێك دەبینی بۆ ئەوەی تاکو بارودۆخ باشتر دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی لەگەڵ خێزانەکەی رابوێریٚ و بۆ خوێندنەوە خۆی یەکلایی بکاتەوە

گوتی: ئای، ئەوەت بیر نەچۆتەوە، بیرم دێت پێش دە ساڵێك لەمەوبەر لە نۆڕینگەکەت گوێ بیستی ئەم ئاواتەت بووم، ئەوکات لەرێگەدا منت بینی و بە ئۆتۆمبیلەکەت منت بردە نۆڕینگەکەت، بە بیرت دێت؟

گوتی : بە بیرم دێت، دوای ئەمە تەنها جارێك نەبێت ئیتر سەردانت نەکردمەوە.

گوتی : بەڵێ هاوڕێکەم، ئەو رۆژە پێت گوتم کە حەزدەکەیت زوو خانەنشین بکرێیت و هەموو کاتەکەت بە خوێندنەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشت کردن بۆ هەموو ولاّتانی جیهان بەسەر ببەیت.

گوتی : بێنە بەرچاوی خۆت، هەندێ جار جگە لەم نەشتەرگەرییە کتوپڕانەی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە یەك رۆژدا پەنجا نەخۆشم دەبینی.

گوتی : بەبیرم دێت، وابزانم چوار سستەرم بینی لە نۆرینگەکەتدا کاریان دەکرد.

گوتی: باوکی لاوین من هەر لە کاتژمێر نۆی بەیانی تاکو نۆی شەو کارم دەکرد.

دواتر جلەوی کارەکانم لەدەست دەرچوو، لەبەرامبەر واقیعێکی مرۆیی کە بە هیچ شێوەیەك دوو دڵی تیایدا شیاو نەبوو خۆم بینییەوە .

گوتی : ناوبانگی وا لەوە دەکات، ئەمڕۆ تۆ یەکێکی لە دکتۆرە بەناوبانگەکانی بواری نەشتەرگەری لە شار .

گوتی: هاوڕێکەم زیانەکەمان قورس بوو، ئایا مانای پەڕاگەندەیی زیاتر لە سێ ملیۆن هاوڵاتی لە وڵاتدا دەزانی، وێرانکردنی چەند گەڕەکێکی نیشتەنی بەتەواوی، نازانم چەند کاتمان پێویستە تا بگەڕێینەوە دواوەو لەکتر ببوورین، خانووەکان بۆ یەکتری درووست بکەینەوە، بە کارەساتی یەکتری دڵنەوایی یەکتر بکەین.

پاشان بە کەسەرێکەوە گوتی: بیرم کردەوە بەرەو وڵاتەیەکگرتووەکان بڕۆین یان هەر وڵاتێکی ئەورووپی، وەکو زۆربەی هاوەڵەکانم کردیان، بەڵام لە دواساتدا بینیم کە بوونم لە کوردستان ئاسەواری پەڕاگەندەییم کەم دەکاتەوە، ئەوە بۆ یەکەمجارە هەرێم دەبینم، لێتناشارمەوە کە بەگەیشتنم بە ئێرە هەستم بە خۆشییەك کرد، دیسان لێتناشارمەوە دڵەراوکێیەك سەبارەت بە ئایندە رووی تێکردم چونکە بارودۆخەکە وا هاتووە کە کوردستان لە زۆرترین شوێنی

دنیا پێکهاتەترین و ئاڵۆزترین و مینرێژترین و بەیەکاچووترینە، وەکو ئەوەی لە شوێنێکدا بژین کەس نازانێ کەی دەتەقێتەوە و ئەم تەقینەوەیە چی دوای خۆی جێدەهێڵێت. نەختێ بێدەنگ بوو، پاشان لیکەکەی قوتدایەوەو هەڵیدایەوە: بە بڕوای من شتەکە پێویستی بە توانایەکی نا ئاساییە، هەندێ جاریش لە ئاساییش زیاتر.

پاشان سوور بوو لەسەر ئەوەی بۆ ئەم شەوە بیباتەوە ماڵەوە، ژنەکەش پێداگری لەگەڵ خێزانەکەی کرد، هەر چەندە وای نەخشە کێشابوو لە یەکێ لە خواردنگەکانی دهۆك شەوبەسەربردنێکی بەپێز بۆ ماڵئاوایی لێکردنی بە سەرببات، بەڵام لەبەر سوور بوونیان ناچار بوو رازی بێت، چونکە هەستی کرد دوای پشوودانێکی باش لە میوانخانەکە، پێویستیەکی زۆری بە گۆڕانکارییەکی وا هەیە.

بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی رۆیشتن کە لە تەنیشت دەروازەی خێوەتگەکەی راگرتبوو، ئەو کاتە گوتی : رەنگە جێگەی هەموومان نەبێتەوە، ئێمە بە تەکسییەك بەدوای ئێوەدا دێین.

گوتی : نا نا هاوڕێکەم، لە کورسی دواوە لەگەڵ برهام جێگەی خۆت بکەوە ـ ئاماژەی بە کوڕە دوانزە ساڵانەکەی کرد ـ لە کورسی دواوەش هەر دوو خاتوونەکە جێگەی خۆیان دەکەنەوە.

لەگەڵ سوار بوونیدا سوپاسگوزاری خۆی بۆ دووبارە کردەوە، بەرەو یەکێ لەم گەڕەکانەی ئەو خانووچکە رایەخکراوەی تێدا بوو کە

هاوڕێكەی بەكرێی گرتبوو ڕۆیشتن، خانووچكەكە جوان و فراوان بوو، بۆیە هەستی نەكرد كە بووبێتە مایەی زەحمەتی بۆ هاوڕێكەی، لە چوار ژوور و سالۆنێكی فراوان پێكهاتبوو.

سەر لە ئێوارە بۆ هاوڕێكەی ئاشكرا كرد كە دەیویست بە شەوبەسەربردنێك لە یەكێ لە شوێنەخۆشەكانی ماڵئاوایی لە دهۆك بكات، بەڵام ئەوەی بوو بوو، بۆیە داوای لێدەكات لەگەڵ خێزانەكەی بەشداری ئەو شەوەمان بكات.

پاشان بە شێوازێكی گاڵتە ئامێزەوە گوتی: هاوڕێكەم گەر ئەم داوەتەم ڕەت كەیتەوە، ئەوە داوەتەكەت بۆ مانەوەم لێرە ڕەت دەكەمەوە .

ئەوسا ڕازیبوونی خۆی نیشاندا، كاتژمێر دەی شەو چوونە یەكێ لە خواردنگە جوانەكان.

لەسەر خوانی شێوان دانیشتبوون، هاوڕێكەی گوتی: ژیان لە وڵاتدا بۆتە دۆزەخ، بێنە بەرچاوی خۆت، هەر دكتۆرێك و دەرمانسازێك و پارێزەرێك و زێڕینگەرێك، پشت بە هاودەمێك بۆ پارێزگاری لەخۆكردن دەبەستێت.

بەسەر شەقامدا دەڕۆیشتن، چاودێری هەر دەستێك دەكەین بمان ڕفێنی و پاشان داوای پارەیەك وەكو ڕزگارانە دەكەن و هەر پولوپارەیەك كە بۆ دوارۆژی منداڵەكانمان پاشەكەوتمان كردبێت هەموو دەبەن .

هەرجارێك زەنگی تەلەفۆنەکەم لێدەدرا، وام دادەنا هەنووکە یەکێك دەڵێ کە کوڕەکەمی رفاندووەو داوای رزگارانەی دەکات.

پاشان پێکەنی و گوتی : یەکێ لە هاوەڵەکانم پێمی گوت پێش ئەوەی بێم بەچەند رۆژێك: دەزانی هەر جارێك نەخۆشێك دەهاتە نۆڕینگەکەم دەشێوام، دەمگوت هەنووکە دەمانچەکەی دەردێنێ و بۆ شوێنێك کە خۆی دەیەوێ دەمبات، هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە کە داوا لەو هاودەمەم بکەم کە بە مووچەیەکی مانگانە بۆ پاراستنی خۆم بەکرێم گرتووە، هەموو نەخۆشەکان پێش هاتنە ژوورەوەیان بپشکنێ.

کاتژمێر بووە یەکی شەو، هەستیان بە تێربوون کرد، مەست بوو و چێژی لەم کاتە خۆشەی سەر لێواری غەریبیە وەرگرت.

گەڕانەوە ماڵەوە، ئەو کاتە خێزانەکەی بۆ راخستنی ئەو ژوورەی تێیدا دەخەون یارمەتی ژنەکەی دەدا.

دوای کەمێك منداڵەکان خەویان لێکەوت، خۆی خزاندە نێو جێگەی خێزانەکەی و دەستبازی لەگەڵدا دەکرد، چرپاندییە بن گوێچکەی: پیاوەکە ئێمە لە ماڵی خەڵکێکی غەریبین.

گوتی : نە غەریب و نە نزیك، لە کوێ بخەوین، ئەوێ ماڵمانە.

کاتێ بینی لەسەر کەللەرەقی خۆی سوورە، وەکو هەمو جارێ بە منگەمنگەوە خۆی دایە دەست ئارەزووەکەی: کارم سپاردە خودا، گوناهم لە ئەستۆی تۆ، چونکە نوێژی بەیانی ناکەم.

بەیانی، زوو لەخەو هەڵسان، سوپاسی هاوڕێکەی لەسەر ئەم میواندارییەی کرد، ژمارەی تەلەفۆنی یەکتریان گۆڕییەوە، پاشان گەیاندنییە ئەو شوێنەی فەرمانگەکەی لێیە، بۆ تەواو کردنی مامەڵەکەی بەرەو خێوەتگەکە رۆیشت.

کاتژمێر نۆ بوو کاتێ گەیشتنە بەردەرگەی فەرمانگەکە، دوای کەمێك فەرمانبەرەکان چوونە ژوورەوە، دەستیان بە هێنانە ژوورەوەیان کرد، بۆ هەر یەکێك وێنەی نوێیان گرت، هەندێ زانیاری پێویستیشیان وەرگرت، ئەوسا پێیان گوترا کە لە گۆڕەپانی فەرمانگەکە چاوەڕوان بن، لەوێ یەکە یەکە پلیتی نیشتەجێبوونیان پێدەدرێت.

❊ ❊ ❊

کلّپەی دەرچوون لە واقیعێك و پیاچوون بە واقیعێکی دیکە، لێرە بۆنی باپیران دێ، لێرە ئەو نیشتیمانە ئەزەلییەی لە نزیکییەوە ئەقلّ و بیری کورد پێکهات و نەشونمای کرد.

لەوکاتەی پێیەکانی لەسەر خاکی کوردستان دانا، نازانێ بۆ هەستێك رووی تێکرد کە ئەو هەولێری نەدیووە، وەکو ئەوەی نەهاتبێتە کوردستان، نازانێ بۆ لە بەرامبەریدا هەستی بە کشانێکی سیحری کرد، لەو ساتانەدا وای بۆ چوو کە ئەو بە دەنگێکی خەمناکەوە لە دوورەوە بانگی دەکات. بۆیە ئەوکاتەی ژنەکەی هاوبەشی لە خۆشیی بینینی ئەوپلیتانەی نیشتەجێبوونەکان دەکرد کە لەدەستی فەرمانبەرەکەی وەرگرت و پرسیاری لێکرد: لەکوێ نیشتەجێ دەبن؟

لەهەولێر..وشەکە لەخۆیەوە لە دەمی دەرچوو.

لە هەولێر. ژنەکەی وشەکەی دووبارە کردەوە.

وەکو نیشانەی بەڵێ سەری بۆ لەقاند، پاشان دەستی بۆ ئۆتۆمبیلێکی تەکسی راگرت و لە چۆنییەتی چوونە هەولێر پرسیاری لەشۆفێرەکە کرد.

شۆفێرەکە پێی گوت، دەبێ بچێتە گەراج و لەوێ تەکسییەکان هەر کەسێك بە بڕی پانزەهەزار دینار هەڵدەگرن، گەر حەزیش بکات دەتوانێ بە نرخێکی کەمتر بە پاس(کۆستەر) بڕوات.

کاتێ پرسیاری لێکرد ئایا دەتوانێ بیانگەیەنێتە هەولێر؟

رازیبوونی خۆی دەربڕی و گوتی سەرکەون.

لە کورسیەکەی پێشەوە لە تەنیشت شۆفێرەکە دانیشت و ژن و منداڵەکانیشی لە کورسییەکانی دواوە دانیشتن، زۆری نەبرد ئۆتۆمبیلەکە بەرەو لای پایتەختی هەرێم کەوتە رێ.

دەربارەی، ئایا چەند کاتی پێویستە بۆ گەیشتن پرسیاری کرد، گوتی: زیاتر لە (١٦٠کم) دەبێت، بۆ گەیشتن پێویستمان بە دووکاتژمێرو نیوە.

ئەو کاتە پرسیاری لێکرد دەبێ بە ئاسانی خانووی کرێ دەست دەکەوێ؟

گوتی ئەو خەڵکی دهۆکە، لەسەر داوا و بەکرێی تایبەت بە رێکەوت دێتە هەولێر، بەڵام بەگشتی بەهۆی رووتێکردنی خەڵکی لەهەموو شارەکانی عێراق بۆ گەڕان بەدوای شوێنێك کە ئەمن و ئاسایش لێی بەرقەرار بێت گرفتی کەمی خانووی کرێ لە هەموو هەرێمدا هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کڕین و هەروەها کرێی خانوو، پاشان پێکەنی و گوتی: دەزانی نرخی کرێی خانوو لە هەرێم لە نرخی کرێی خانووی ئەوروپا زیاترە؟

پاشان لەگەڵ داوای مۆڵەتی کێشانی جگەرەیەك گوتی: هەروەها هاتنی براکوردەکانمان بەم دواییە لە رۆژئاوا و سوریا بوونە هۆکاری بەرزکردنەوەی نرخەکان، چونکە بەهۆی سرووشتی کارەکانیان لە

شارەکاندا نیشتەجێ بوون و ناچار بوون خانوو بەکرێ بگرن.

لەم قۆناغەدا گرفتی نیشتەجێبوونمان هەیە، بۆیە پرۆژەی دروستکردنی شارۆچکەی نیشتەجێبوون لە هەموو شوێنێکی کوردستان زۆربووە.

ئەمن و ئاسایش لە هەرێم بۆ وەبەرهێنان گەورە بزنسمانە گەورەکانی جیهان بۆ خۆی رادەکێشێ، بۆیە لای ئێمە دیاردەی گەشتیاری زۆر بووە و ژمارەی میوانخانەکانیش چەند هەندە زیاد بووە .

دوای نەختێ بێدەنگ بوون پیاوەکە هەڵیدایەوەو گوتی: بەزۆری لەبەر ئەوەی خێزانداری لەهەولێر خانوێکت هەر دەست دەکەوێ، نوسینگەکانی خانوو و زەوی لێرە بەتایبەتی لە گەڕەکە میللیەکان خانووی کرێ بە پیاوی سەڵت و رەبەنەکان لە هەرکوێیەك بن نادەن، چونکە پیاوی سەڵت کاتێ خانوێکی کرێ داگیر دەکات، خێزانێکی تەواو لە نیشتەجێبوون بێبەش دەکات، چونکە ئەو دەتوانی لە شوێنی کارکردنەکەی بخەوێت یان هەر شوێنێك کە خاوەنکارەکە بۆی دابین دەکات.

هەولێر لەبەرچاوی وەکو گوڵێك دەکرایەوە، گوزارشتی لە ئادگاری جوانییە سەرەتاییەکانی دەکرد، ئۆتۆمبیلەکە لە میحرابی دەروازەی سنوورەکەی لە سەرخۆ دەرۆیشت، لە سرووشتە دڵگیرەکەی ورد دەبۆوە،

کە رۆژی دەمەو عەسر بە جوانی تاڵە تیشکەکانی لەسەر زەویە پان و بەرینەکە راخستبوو.

ئۆتۆمبیلەکە خێراییەکەی کەمکردەوە تا لە پشت ریزێك لەو ئۆتۆمبیلانەی دەچوونە ناوشار راوەستا، شۆفێرەکە گوتی : ئەوە (بازگە)ی سەرەکییە و دەچینە ناو جەرگەی شار.

دوای کەمێك ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە دەروازەی پاسەوانەکان، سەیرێکی پسوولەی نیشتەجێبوونیان کرد، دوای بەخێر هێنانیان گوتیان: (فەرموو) فەرموون وەرنە ژوورەوە.

کاتێ لە پشت جامی ئۆتۆمبیلەکە چاوی لە نیشانە دیارەکانی دەگێڕا، نەیدەزانی هەولێر ئەو هەموو هێزی کێشانەی تێدایە، هەولێر، ئێوارە خەریك بوو باڵی خۆی دەکێشا.

چوونە ناو شارێکی نوێ خۆشە و بینینی ئادگارە بیناسازییەکان و هەڵمژینی شەماڵەکەی، بۆ یەکەمجار سەیرکردنی روخساری دانیشتوانەکەی.

شۆفێرەکە لە شەقامێك وەستا و گوتی ئەوە بنکەی نوسینگەی خانووبەرەیە دەتوانن لێی دابەزن، یان هەر شوێنێکی دیکەی خۆی دەیەوێ.

لەسەر ئەمە سوپاسی کرد، گوتی لێرە دادەبەزین بەڵکو خانووێك دەدۆزێتەوە، یەکسەر رووی تێدەکەن.

پیاوەکە بەپەلە سندوقی دواوەی ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە، هەردوو جانتاکەیان هێنا خوارەوە، پاشان گوتی پێش ئەوەی کات درەنگ بێت دەگەڕێمەوە.

پێی گوت: بە بەتاڵی دەگەڕێیتەوە؟

گوتی: نەختێ بە گەراجی باکووری تەیراوەدا دەڕۆم، گەر کەسێك ببینم هەڵی دەگرم و دەردەچم، گەر کەسیش نەبوو بەبەتاڵی ڕێگە تەواو دەکەم.

ئەمەی گوت و سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو، ئەوکاتە بیری کەوتەوە کە کرێی پێنەداوە، بەپەلە دەرگای کردەوەو گوتی : ئەی پیاو لەسەرخۆبە.

شۆفێرەکە لەمە سەری سوڕماو گوتی: ئایا رای خۆت گوڕیووە و دەتەوێ بتگەیەنمە شوێنێکی دیکە؟!

گوتی : نا، بەلاّم کرێیەکەم پێنەداوی.

سەری خۆی لەقاند وپێکەنی : ئەوە گەشتێکی خۆڕاییە لە برایەکەوە بۆ خێزانی برایەکی دیکە.

دەرگەکەی گرتبوو و ماوەی رۆیشتنی نەداو گوتی: گەر کرێیەکەت وەرنەگری ناهێڵم لێرە بجوولێی.

گوتی: گوێ لەمن بگرەو کەللەرەق مەبە، ئەو برە پارەیە بۆمن هیچ نییە، بەلاّم بۆتۆ مانای زۆری هەیە، خێزانەکەت لە تەنگانەیەك

رووتان تێدەکات دەردێنیّ.

گوتی: لەگەڵ ئەوەشدا، من سوورم لەسەر ئەوەی کرێیەکەت پێبدەم.

پاشان دەستی بۆ جانتاکەی درێژکرد، تەنها دوو کاغەزی دیناری تێدا دۆزییەوە، یەکێکیان سوور بوو لە جۆری بیست و پێنج هەزاری بوو و ئەوەی دووەمیش شین بوو لە جۆری پێنج هەزاربوو.

کاتیّ گەڵایەکی سەد دۆلاری دەرهێنا و بە سوپاسەوە دایە پیاوەکە.

پیاوەکە بە نادڵی وەری گرت و دەی بڵماند: ئەمردەکەی ئازیزم، پاشان کاغەزێکی جۆری پەنجا دۆلاری دەرهێنا و بۆی گەڕاندەوە.

نزیکەی پێنج دەقیقان وەستا، پاشان بەرەو نزیکترین دوکان رۆیشت، داوای کرد هەردوو جانتاکە لەسەر سۆشتەکە دابنیّ تاکو دەگەڕێتەوە، پیاوەکە بە رێزەوە رەزامەندی دەربڕی.

چووە یەکەم نووسینگەی خانووبەرە کە لە ریزی نووسینگەکانی خانووبەرە بوو، لە خانوێکی کرێی پرسی، پیاوەکە لە نەبوونی خانوێك بۆ کریّ داوای لێبووردنی کرد لەم کاتەدا.

چووە نووسینگەکەی تەنیشتی، هەمان وەڵامی بیست، پاشان لە نووسینگەیەکەوە دەردەهات و دەچووە نووسینگەیەکی دیکە، نووسینگەکانی خانووبەرە هەموویان لەم گۆشەیەدا کۆ بووبوونەوە.

دەچێتە نووسینگەیەك، سڵاو لە خاوەنەکەی دەکات، ئایا خانوێکتان بۆ کرێ هەیە؟

پیاوەکە وەکو نیشانەی (بە داخەوە نییە) سەری بۆ دەلەقاند.

دوای ئەوەی زیاتر لە بیست نووسینگە گەڕا، یەکێ لە خاوەن نووسینگەکان گوتی خانوێکی هەیە، بەڵام لە شوێنێکی دوورە.

ژنەکەی لەبەر زۆر ڕۆیشتن شەکەتی پێوە دیار بوو و گوتی: بە شێوەیەکی کاتی لەو خانووە دادەنیشین، تا لەسەرخۆ خانوێکی دیکە لە شار دەدۆزینەوە.

بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر دانیشتن لە شار، ڕۆیشتنەکەی تەواو کرد و پرسیاری کرد، هەندێ خانووی دۆزیوەتەوە، بەڵام نرخەکەی ئەوەندە بەرزە تووشی شۆکی کرد و بە شێوەیەك قەت وای دانەنابوو، لە دیمەشق کاتێ دەیویست لەگەڵ خێزانەکەی پشووی مانگێك بەسەر ببات، خانوێکی رایەخکراو لە سەد دۆلار تێنەدەپەڕی، کەچی خانوێکی رایەخنەکراوی ئاسایی لێرە بە پێنجسەد دۆلارە و هی رایەخکراویش لە هەزار دۆلار نزیك دەبێتەوە، دیاردەی میوانخانە ـ مۆتێلەکان ـ کە خانووچکەی رایەخکراو بەکرێ دەدات سەرنجی راکێشا، بەڵام بیری لەسەر بەکرێگرتنی خانووێك لە گەڕەکە میللیەکان راگیر بوو و خۆی رایدەخات، چونکە ئەو کاتەی بەسەری دەبات درێژە دەکێشێ.

ژنەکەی لای خۆیەوە لەسەر ئەو بیرۆکەیە هانی داو گوتی : بە بەهای دوومانگی خانووچکەیەکی رایەخکراو پێداویستییەکان ماڵێکی تەواو دەکڕین و لە خانوێکی رایەخنەکراوی دادەنێین.

کاتێ شەو داهات، نووسینگەکان دەرگەکانیان داخست، جوولە لەشەقام کزبوو، چاری نەما جگە لەوەی بەرەو میوانخانەیەك بۆ شەو بەسەر بردن بروات، بەیانی بۆ گەڕان بەدوای خانوێکی دیکە لە شوێنێکی دیکە دەردەچێت.

بە گەڕانەوەی بۆ ئەو دوکانەی جانتاکانی لێ بەجێهێشتبوو، پرسیاری لە میوانخانەیەك کرد؟

پیاوەکە گوتی لەبەر ئەوەی خێزانی لەگەڵدایە، ئامۆژگاری دەکەم لە جیاتی میوانخانە بچێتە موتێلێك، چونکە موتێل خانووچکەی رایەخکراو بەکرێ دەدات، بەڵام ئەوی دیکە بەتەنها ژوور بەکرێ دەدات.

پاشان هێمای بۆ موتێلێکی نزیك کرد، ئەوسا بەپێ بۆی رۆیشتن، نزیکەی پێنجسەد هەنگاوێك دەبوو.

کاتێ چوونە ئەو خانووچکە بچوکەی لە ژوورێك و شوێنە پێویستەکانی دیکە پێك هاتبوو، زۆری نەخایاند هەموویان خۆیان بە خەوێکی قووڵ سپارد تاکو کاتژمێر هەشتی بەیانی، کەلوپەلی خۆیان هەڵگرت بۆ چێشتخانەیەکی نزیك هاتنە خوارەوە و نانی بەیانیان

خوارد، پاشان ئۆتۆمبیلێکیان راگرت و بە شۆفێرەکەی گوت دەیەوێ بیگەیەنێتە نووسینگەیەکی خانووبەرە بەڵکو خانووێك بدۆزنەوە.

ئامۆژگاری شۆفێرەکەیان کرد تا بیانگەیەنێتە نووسینگەکانی گەڕەکە میللیەکان، چونکە هەلی دەستکەوتنی خانوێك لەوێ لە شوێنێکی دیکە زیاترە، هەروەها رەنگە خانوێك بە نرخێکی گونجاو لە گەڕەکێکی میللی بدۆزنەوە، ئەوە بۆیان لە دانیشتن لە خانووچکەیەکی ناو کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوونی نامیللی کە دراوسێیەك دراوسێیەکەی دیکە ناناسێت باشترە.

(ئاڤان)بیرۆکەکەی پەسەند کرد و هانی دا، رای شۆفێرەکەی قەبوول کرد.

ئەوکاتە پیاوەکە گەیاندنیە گەڕەکی (ئیسکان) و لەوێ بۆیان پرسیاری لەهەندێ خەڵکی و خاوەنماڵەکان کرد، ئەوەی لە نووسینگەکانی خانووبەرە دەبینرا، بەبێ ئەوەی خانوێك بدۆزنەوە.

پیاوەکە زیاتر لە دووکاتژمێران بێ سوود گەڕا، ئەوکاتە داوای لێکرد بیانگێڕێتەوە بۆ بازار.

بە هەندێ نائومێدییەوە ژنەکەی گوتی: چی بکەین؟

گوتی: گریمانەی خراپتر ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ موتێلەکە.

ئەوکاتە کاتژمێر بووە سێ، سەموونێکی گەرم و قووتوویەك گۆشتی مانگا و بوتڵێك کۆلای کڕی، لە باخچەیەك دانیشتن و سەر و

سەندەویچیان خوارد.

کە تەواویان کرد، پشوویەکی باشیان دا، تەکسییەکی راگرت و داوای لێکرد بۆ بەکرێ گرتنی خانووێك بیانگەیەنێتە چەند گەڕەکێکی میللی.

شۆفێرەکە بەخێرهاتنی کردو بۆیەکێ لە گەڕەکەکان رۆیشتن، بێ ئەوەی مەبەستی خۆی بپێکێ سێ نووسینگەی بەسەرکردەوە .

داوای لێکرد بیباتە گەڕەکێکی دیکە، پیاوەکە بە رووخۆشییەوە گوتی: بۆ گەڕەکی (سێتاقان)تان دەبەم، رەنگە لەوێ خانووێك بدۆزینەوە.

گوتی: ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە کە لە چەقی شارەوە لە بازار نزیك بێت.

پیاوەکە کاتێ بەرەو گەڕەکەکە دەرۆیشت گوتی: کاکە دەتوانی بە نیو کاتژمێر بەپێ بچیتە بازاڕ.

گوتی: باشە ئازیزم.

کاتی چوونە گەڕەکەکە، دەستی بە پرسیارکردن کرد، تا نووسینگەیەکی خانووبەرەی دۆزییەوەو ئەوەی دەیەویست تێیدابوو.

کرێیەکەی دا بە شۆفێرەکە و لەسەر ئەو ماندوو بوونەی

بەرهەمێکی بوو سوپاسی کرد.

خاوەن نووسینگەکە گوتی: لەم گەڕەکە خانوێکم هەیە وا دەزانم بۆ تۆ گونجاوە.

ئاماذةى بؤ ذنةكةى كرد لةطةلَ مندالَةكان بضيَتة ذوورةوة، هةموويان لة نووسينطةكة دانيشتن.

پیاوەکە گوتی: کاکە نابێ لە خانووەکە دابنیشن تا بەڵێننامەکە لە ئاسایش پەسەند نەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ناچاری، لەسەر بەرپرسیارییێتی خۆم خانووەکەت پێدەدەم، دەبێ لەماوەی هەفتەیەك بچیتە لای ئەوان و بەڵێننامەکە پەسەند بکە.

رازی بوونی خۆی دەربڕی، پیاوەکە گوتی : خاوەن ماڵەکە کرێی شەش مانگی پێشوەختە دەوێ و منیش کرێی نیو مانگت وەکو هەقی نووسینگە لێوەردەگرم.

گوتی: کاك خۆشناو ئێمە نازانین ماوەی چەند لێرە دەمینێینەوە.

گوتی: قەیدێ ناکات، مامۆستا تکام وایە زوو بگەڕێنەوە، پاشان هەڵیدایەوەو گوتی: کرێی مانگانەی خانووەکە پێنج گەلایە ـ پێنجسەد دۆلاری ئەمریکی ـ و ماوەی بەڵێننامەکە دەکەینە شەش مانگ تا ئاسایش پەسەندی دەکات، تۆش مانگ بە مانگ کرێیەکە دەدەیت، ئایا ئەوە بۆت دەگونجێ؟.

گوتی: کاکە گونجاوە بۆم، مەمنوون.

پیاوەکە بەڵێننامەکەی پڕکردەوەو هەر چوار روونووسی پێدا بۆ ئەوەی پەسەندی بکات.

ئەوکاتە کرێی مانگێکی لەگەڵ هەقی نووسنگەکەی دەرهێناو رادەستی کرد.

ئەوەی سەرنجی راکێشا کاتێ پارەکەی بۆ راگرتبوو، بینی پیاوەکە بەگرانی دەست بۆ پارەکە دەبات، بینی وا فرمێسك لە چاوەکانییەوە دێنەخوارەوە.

دوای کەمێك دەستی بۆ پارەکە درێژکرد، پاشان گەڵایەکی سەد دۆلاری بۆ گەڕاندەوەو گوتی: چوارسەد بەسە.

خانوویێك لە هەولێر، دەڵێی خەون دەبینین.

نەعرەتەی بۆ ژنەکەی لێدا، ئەمە لەکاتی دەرچوونی ئەم خاوەن نووسینگە بوو کە خانووەکەی پێ سپارد و دووسەد دۆلاری بۆ گەڕاندەوەو گوتی ئەوە کرێی نووسینگەکەم بوو کە رێژەکەی ئەوەندە بوو، وەری ناگرم و پێشکەشی ئێوەی دەکەمەوە.

سوپاسی ئەو پێشدەستییەی کرد، یەك گەڵای قەبوول کردو گەڵاکەی دیکەی لەناو دەستی هێشتەوە.

لەکاتی دەرچوونی، پیاوەکە ژمارەی تەلەفۆنی خۆی پێدا، داوای لێکرد لەکاتی پێویستدا تەلەفۆنی بۆ بکات.

خانووێکی چۆڵ، هیچ شتێکی تێدا نەبوو، هەواش زۆر سارد بوو، منداڵەکان دەیانەوێ دابنیشن، بەڵام هیچ نییە لەسەری دابنیشن و شەویش ڕێگەوبانەکانی کە هاوشێوەی ئەوان شەکەت و خەواڵوو بوو دادەپۆشی.

لەم ساتانەدا چەندی حەز دەکرد بۆ یەك کاتژمێریش بێت بە سەرپشتدا بکەوێت و لە قەبارەی ئەو شەکەتییەی خەریك بوو هەموو سووچی جومگەکانی داگیر دەکرد پشووێك بدات، لەم کاتەدا چوونە بازاڕ بۆ ئەو وەکو ئەوەبێت کێوێکی لە سەر پشت بێت، بەڵام ناچار بوو دەبێ جارێکی دیکەش بۆ کڕینی هەندێ رایەخ بۆ ئەوەی تا بەیانی لە سەری بخەون بچێتەوە بازاڕ.

سەیرێکی(سیروان)ی کرد کە هەر بەپێوە لە سەر دەستی دایکی دەبۆرژا.

بە بۆڵە بۆڵ بەرەو دەرگا هەنگاوی نا: ئەوەی بتوانم بیکڕم دەیکڕم و دەگەڕێمەوە.

ژنەکەی لەگەڵ هەنگاونانی بەرەو لای گوتی: لەگەڵتا دێین.

هەموویان دەرچوون، بارانێکی ورد لەسەر شێوەی پرۆشك لە جەرگەی ئاسمان دەهاتە خوارەوەو دەیڕشاند.

دوای دە دەقیقە گەیشتنە بازاڕی (لەنگە) کە بە سەدان دوکان ئاوەدان بوو، بازێڕی حەمیدیە دیمەشقی بیرهێنانەوە، بەڵام قەڵەباڵغتر

بوو و لە حەمیدییەش زیاتر کەلوپەلی تێدا بوو.

ئەو رایەخ و پێخەف و سەرین و هەندێ شتی دیکەی کە بۆ ماڵە نوێیەکەیان پێویست بوون کڕیان و دوای دوو کاتژمێران بە کۆڵەوە گەڕانەوە.

ژەمێکی خواردنی خێرایان لە بازێڕێ هێنابوو و خواردیان و زوو خۆیان رادەستی خەو کرد.

کاتێ(ئاڤان)چاوەکانی کردنەوە، رووناکی پەرش و بڵاوی دەرەوەی بینی، دەستی بۆ مۆبایلەکەی برد بۆ ئەوەی سەیری کاتژمێرەکە بکات، ئەوکاتە دەنگی بەرزو بۆوە: هەستە، لە خەوماین.

بە منگەمنگەوە چاوەکانی کردنەوە: هەنووکە کاتژمێر چەندە؟

گوتی: یانزەو نیووە.

پاشان هەڵیدایەوە: دەبێ شتێك بکەین.

لە ناو جێگە هەڵسا و دەموچاوی بە ئاوێکی زۆر ساردەوە شُشت، بۆ ئەوەی ئاوەکە گەرم بێت بیری چوو بوو گیزەرەکە دابگیرسێنێ.

کاتێ گەڕایەوە ژوورەکەی لەسەرماندا دەلەرزی، سبلیتی ژوورەکە سەرنجی راکێشا، دەستی بۆ کۆنترۆلە بچووکەکە برد دایگرت و گوتی : ئازیزەکەم ئیش دەکات.

ژنەکەی پێکەنی و گوتی : بۆ دوێنێ نەمان بینی، گەر بمانزانیایە شەو داماندەگیرساند، مندالەکان سەرما بردوو بوون.

چاکێتەکەی کردە بەر و بەرەو دوکانەکانی تەنیشتیان رۆیشت، هەندێ کەلوپەلی خۆراکی کڕی، پاشان خۆی گەیاندە سەمونخانەکەو بایی دووهەزار دینار سەموونی گەرمی کڕی و گەڕایەوە.

مندالّەکان لەخەو هەلّسا بوون و لە چاوەڕوانی ئەو دابوون، هەروا لە یکتری راهاتبوون، یەکێك هەستی بە دیار نەبوونی ئەوی دیکە دەکرد.

بەهۆی ئەو چاپەستە کارەباییەوە چایەی لێنا، ئەو چاپەستەی لە جانتاکەی دەئاخنی و دەیگوت:: بەخوا لەگەلّمان دێی، هەفتەیەکە تۆمان کڕیوەو هێشتا خێروشەڕی تۆمان نەدیووە.

هەموویان دانیشتبوون و نانی بەیانیان دەخوارد، لەوکاتە دەرگا ئاسنینەکەی دەرەوە لێدرا، هەلّساو دەرگای کردەوە، هەندێ لە هاوسێکانی بینی و کەلوپەلی پێویستیان هەلّگرتبوو.

داوای لێکردن بێنە ژوورەوە، ژنەکەشی نزیك بووەوەو پێشوازی لە ژنەکان کرد، ئەوانەی لەگەلّی وەکو ئەوەی پەیوەندییەکی پتەوی کۆنی لەگەلّیاندا هەبێ، بەربوونە ماچکردنی یەکتری.

ژنەکان هاتنە ژوورەوە، بەلاّم پیاوەکان هەر بە پێ وەستا بوون و پرسیاریان لە پێداویستییەکانی مالّ دەکرد، بە توندی کەوتنە سەرزەنشتکردنی لەبەر ئەوەی دوێنێ لەهاتنی ئاگاداری نەگرتوونەتەوە، تاکو بەرامبەری بەئەرکی خۆیان هەلّبستن.

یەکێکیان گوتی بەلۆعەکان پێویستیان بە گۆڕین هەیە، یەکێکی دیکە گوتی تانکی ئاوەکەی حەمامەکەش پێویستی بە گۆڕین هەیە، پاشان گوتی : پێویستی بە دۆشێك هەیە.

دوای کەمێك یەکێکیان مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، تەلەفۆنێکی بۆ خاوەن خانووەکە کرد، دیار بوو دەیناسی، داوای لێکرد هەر زوو بەپەلە ئامادەبێت.

کاتێ پیاوەکە هات، بەخێرهاتنی کردو هیوای نیشتەجێبوونێکی خۆشی لێکرد و گوتی ئەو ئامەدەیە بۆ هەر یارمەتییەك لە دەستی بێت.

پێیان گوت کە دەبێ حەمامەکە تەواو بکات، کەم و کوڕییەکانی تەواو بکات، بەلۆعەکانی ئاو و لەگەڵ هەندی وایەری کارەبایی چاك بکاتەوە.

کابرا رازی بوو لەسەر هەموو ئەو داواکارییانەی گوێبیستی بوو و گوتی سبەی بەیانی ئەو کەم و کوڕیانەو چاککردنیان و هێنانی پێداویستییەکان بە یەکێك دەسپێرێت.

بەردەوام لە دەرگا دەدرا، هەندێکیان دەهاتن و دەچوونە دەرەوەو بە هەندێ لە پێداویستییەکانی خانوێکی رانەخراو دەگەڕانەوە.

تا ئێوارە ئەمە بەردەوام بوو، لەکاتی دەرچوونیان گوتیان بۆ تەواو کردنی پێویستییەکانی ماڵەکە سبەی دەگەڕێنەوە، داوایان لێکرد خۆی

بە کڕینی کەلوپەلی ناو ماڵ ماندوو نەکات.

کاتێ لە نێو منداڵەکانیان دانیشتبوون لەژێر هەست و نەستی سەرسامییەوە، هەر یەکێك کاتێ سەیری ئەوی دیکەی دەکرد دەیویست زیاتر باوەڕ بەوە بکات کە ئەمڕۆ بینی و ئەوە بەراستی لەگەڵیاندا کراوە و بە یەکەوە بەچاوی خۆیان بینیان.

بەنهێنی هەریەك لەخۆیان پرسی: ئایا ئەوە هەست و نەستی گەرمی نەتەوایەتییە کە بۆئەم کارە پاڵی پێوەنان، ئایا ئەمە هەستی مرۆیی رووتە و پەیوەندی بە ئینتیمای رەگەزییەوە نییە.

بەلاّم لە هەردوو حاڵەتدا، بەخشین ناگاتە ئەو پەڕی باڵاّیی وەکو بینیان، بۆیە وای هەست کرد کە ئەوەی روویدا ئەنجامی تێکەڵەیەکە لە هاوشانیی ئینتیمای نەتەوەیی تێکەڵ بە بۆنی مسکی مرۆڤدۆستی.

ئەو وەختە زانی کە ئێش و ئازاری مرۆیی دەتوانێ چەندە کۆمەڵگایەکی یەکانگیر درووست بکات، کە بە پلەیەکی بەرز چێژ لە تەنکی و ناسکی حاڵەتی مرۆیی وەردەگرێت تاکو بە بۆنی مسکی مرۆڤ بۆندار دەبێت .

کاتێ بەیانی لەخەو هەڵسان، هەستیان بە هیچ کەم و کوڕییەك لە ماڵەکە نەکرد، وایان هەست کرد کە لە ماڵەکەی خۆیان دانیشتوون.

دوای خواردنی نانی بەیانی کەش و هەوا سەرنجی راکێشان، بە پێچەوانەی دوێنێ خۆر هەڵهات و وەکو خۆری گەرمی بەهار، ئەو کاتە

پێشنیاری بۆ ژنەکەی کرد کە لەگەڵ منداڵەکان بۆ ناسینی ئادگاری شارەکە بچنە دەرەوە.

لە کاتی چوونە دەرەوەیان گوتی: یەکەم شت کە بۆ دۆزینەوەی جوانییەکانی شارەکە یارمەتیمان دەدات ئەوەیە کە خۆمان لە سواربوونی تەکسی تایبەت بەدوور بگرین، بۆ هاتوچۆمان پشت بە ڕۆیشتن ببەستین، گەر یەکێکیشمان ماندوو بوو ئەوە ئامرازی گواستنەوەی گشتی(کۆستەر) بەکاردەهێنین.

سەیری منداڵەکانی دەکرد کە لەبەر دەمیان بە دڵخۆشی رایان دەکرد گوتی: ئەوە گرتنی وێنەو بڕگەی ڤیدیویی بیرەوەریەکانمان بۆ فەراهەم دەکات.

گوتی : ئازیزەکەم دەزانی زۆرترین شار کە مرۆڤ بیناسێت ئەو شارەیە کە ڕێگاکانی شانسی زۆر ترین هەنگاوی پێی تێدابێ.

لە ڕێگا بوون بۆ چوونی بازاڕی شارەکە کە لە ئادگاری شوێنەکە ورد دەبووەوە، لەم ساتە کاتێ سەیری هاتوچۆکەرانی دەکرد شتێکی بۆهات، کە زۆرترین ئەو کەسانەی شارەزای شارەکانیانن، ئەو هەژارانەن کە پارووی نان ناچاریان دەکات ڕۆژانە بە هاتوچۆیان هەمووسووچێکی شارەکەیان تەی بکەن.

ئەوکاتەی دەچنە ناو قولایی کۆلانەکانی شارەکە، کارەکەیان دامەزراندنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ قوولایی شارەکە فەراهەم

دەکات.

تووشی لێزمەی بارانێکی وا زۆر بوون کە لەم ساردییەی زستاندا جل و بەرگی ژێرەوەشیان تەڕ ببوو، وەکو چۆن ئەوکاتەی تووشی گەرمایی خۆر دەبن لە گەرمەی نیوەڕۆیانی هاوین، دلۆپەی ئارەقە لە نێوچەوانیان دێتەخوارەوە، لە بەهاریش چێژ لە شەماڵی هەوایەکی خۆش و بۆنی خۆشی هەڵچووی درەختەکان وەردەگرن و گوێ لە جریووەی چۆلەکەکانی وەردەگرن، بە تەمەڵی کۆڵەکانیان هەڵگرتووە و بە شەقامەکاندا دەگەڕێن ئەو کاتە پایزیش پێش خۆیانی دەداو شایەتی وەرینی هەر گەڵاکەیەکن لە پۆپەی درەختەکانی، ئەو کاتەی لەسەر پێچەکانی لێواری ڕێگاکانی ئەو شارانەی هاودەمیان بوونە و ئەوانیش هاودەمی دەبن و جەستەکانیان تووشی گڕی گەردەلولێك دەبن، ئەوانە کارکەری ساختمانی ژیانن لە شارەکانیان.

لە هیکرا خۆیان لە شەقامێکی پڕ لە باڵندەو ئاژەڵ دیتەوە،کەروێشك، کەڵەباب، قاز، مراوی، کۆتر، بولبول، پاساری، مریشك. ڕۆیشتن تا گەیشتنە پردێك کە ناوی پردی سەیداوە بوو، لە سووچی (ئاردفرۆشان)پاشان گەیشتنە بازێڕێکی قەڵەباڵغ کە دەگەیشتە جەرگەی شارەکە.

ئەوکاتەی منداڵەکان چوونە ئەو باخچەیەی بە گۆڵکوڵەی ئاو و گوڵی ڕەنگاورەنگ ڕازابۆوە، لەگەڵ نموونەی ئامرازی گواستنەوە و

پیێژین و پیشەسازی جێماوەی دێرین، کە کۆترەکان دەفڕین و وەکو ئەوەی خەڵکی ئاهەنگی جەژن بگێڕن، قەڵای دێرین بەم هەموو جوانییەی خۆیەوەی بەسەریاندا دەڕوانیێ.

دەستی بەگرتنی بە وێنەی منداڵەکانی کرد، پاشان بۆخۆی، پاشان یەکەیەکە وێنەی یەکتریان بەتەنیا و بە کۆمەڵ گرت، دواتر هەندێ بڕگەی ڤیدیویی گرت.

بەمجۆرە وەکو قەراخی خەونەکان، وەکو هەڵکردنی با، وەکو فیچقەکانی هەڵسان و نیشتنەوە لە دەریاکاندا، لە توانای مرۆڤدایە کەزییەکانی شوێن، بە کەزییەکانی شوێنێکی دیکە بگۆڕێت، لە گەرمی کۆمەڵگا دەربچێت و هۆگری ئیقاعی گەرمی کۆمەڵگایەکی دیکە بێت، لە قووڵایی واقیعێکی ئەزەلی دەربچێت و خۆی بخزێنێتە فراوانی واقیعێکی دیکە.

وای بۆ دەرکەوت کە مرۆڤ توانایەکی لە رادەبەدەری لەسەر هێزی نوێکردنەوەو گونجان و بەرهەڵستی هەر هەستێکردنێك کە بە زۆرداری قایل بکرێت،

بە دۆڕاندن

بە نائومێدی.

بەمجۆرە وەکو ئەم گۆرانییانەی بەردەوام لە نوێبوونەوەدان..

وەکو تامی مۆسیقا..

شۆخی بەرگێکی نوێ لە بەرەبەیانییەکی جەژندا...

مرۆڤی هۆشیار لە کەللەرەقیدا توانایەکی رادەبەدەری لەسەر بیرۆکەی نوێبوونەوەدا هەیە.

هەولێر لەبەرچاوی وەکو بەتامترین ئافرەت کە چاو پێشتر نەی بینیووە دیار بوو، پێیەکانی بە سوورانەوە لە دەوری زیارەتگاکەی پێشتر پیرۆز نەبوو بوو، دیار بوو ئەو کاتێ بەرهەڵستی هەڵقولاّنی هەستە زۆرەکەی لە ئاست کلّپەی جوانییەکەی دەکرد، دووچاری سیحری هەموو جێپەنجەیەك لە جێپەنجەکانی شۆخیە زۆرەکەی ببوو.

کاتێ کاتژمێرەکەی گۆڕەپانی بازاڕی هەولێر کە دەکەوێتە تەوێلی قەلاّ، ئاماژە بە کاتژمێر دوو و نێو لێیدا، پێشنیاری بۆ ژنەکەی کرد کە نانی نیوەڕۆ لە یەکێ لە چێشتخانە میللییەکانی بخۆن.

ئەوە دەرفەتێکی سیحری بوو کە لەگەڵ نزیکترین و خۆشەویستترین درووستکراوی خودا لێی دابنیشێ، هەرسێ منداڵەکەی، خێزانەکەی، هەولێر، شاری میوانان و گەشتیاران و نیشتەنیان،

شاری بەخشندەیی و هێمنی و ئاسایش، ئەوەی بە بۆنی کوردایەتییەکەی بۆندار دەبێت.

هەولێر: گەوهەری کوردستانی بەنرخ.

کاتێ کاتژمێر بووە شەشی ئێوارە، گەیشتنەوە بەردەرگای ماڵ،

ماندوو ببوون.

لەگەڵ گەیشتنیدا بەرەو ئەو ژوورەی بەناوی ئەوەوە کرا بوو، کە راهاتبوو هەندێ کات دوور لە قاووقیژی منداڵان لێی بەسەر ببات.

نەختێ لە لاپتۆپەکەی دەخوێنێتەوە، گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی دەگرێت، کاتێکیش لەسەر ئینترنێت بەسەر دەبات، سەیری ئەلبوومەکانی وێنەی خێزانەکەی دەکات، بڕگەی ڤیدیویی، ورد دەبێتەوە، پاشان هەندێك پشوو دەدات.

بەمجۆرە، وەکو ئەوەی لەماڵەوە بێت، ئەوە هەمان ئەو نەریتەیە کە پەیڕەوی دەکات، ئەو ئازادییە کراوەیە کە لەسەر شێوازەکەی راهاتووە.

هەندێ جار دوای نیوەی شەو لەماڵ دەردەچوو، بۆ ماوەی چارەگە سعاتێك لەبەر دەرگا دەوەستا و لە شەقامەکە ورد دەبۆوە، یان لەژێر رووناکی گلۆپەکان بەتەنیا پیاسەی دەکرد،، کاتێ دەچووە شەقامێك فیتەی پاسەوان وشیاری دەکردەوە.

داوای لێبووردنی لێدەکرد و پاشان دەگەڕایەوە ماڵ، سەیرێکی منداڵە خەوتووەکانی تەنیشت دایکیان دەکرد، بە هەڕەمەکی نووستبوون بەباشی رێکی دەخستنەوەو دایدەپۆشین، پاشان بۆ خاوکردنەوەی جومگەکانی خۆی دەسپارد و خۆی دەهاویشتە سەر جێگاکەی.

دوای گەیشتنیان بە کاتژمێرێك، لە دەرگا درا، ژنەکەی چوو دەرگا بکاتەوە، دوای کەمێك گوێی لە دەنگی بوو دەیگوت بەخێر هاتن.

بۆ پیّشوازیان هەڵسایەوەو، بینی دراوسێکان بوون بۆ هەر کەم و کورتییەکیان پرسیاریان دەکرد.

سێ پیاو بوون لەگەڵ ژنەکانیان جانتا و قووتی و ئامێری کارەبایی و زۆپای نەوتییان پێبوو.

شتەکانیان لە ژوورەوە دانا، گەڕانەوەی لای ئەو ئۆتۆمبیلە گەورانەی لە بەر دەرگا وەستا بوون و کەلوپەلی دیکەیان لێ دادەبەزاند.

لەگەڵ ژنەکەی بەدیاریانەوە وەستابوو نەیانهێشت ئەوان بێنە پێشەوەوە و لەگەڵیان شتەکان هەڵبگرن.

دوای نیوکاتژمێرێك لە هێنانە خوارەوەی ماڵێکی تەواو، تەواو بوون، هەرشتێکیان لە شوێنی خۆی دانا و هەندی شتیش دووبارە بوون، چونکە ئەو پیاوانەی دوێنی هاتبوون ئەوانیش لەم شتانەیان هێنا بوون.

دوای دوو کاتژمێران لە کارکردن، ماڵەکە تەواو گۆڕا، مافووری باش، سەرین و بەتانییەو موکێت و جل و بەرگ و یاریی منداڵان و ئیسفەنج و دۆشەگ و لێفەو تەباخ و هەندێ پێداویستی چێشتخانە.

کاتێ تەواو بوون، داوای دانیشتنی لێکردن، ئەوکاتە یەکێك بە زاراوەی سۆرانی گوتی: ئێوە کوردی ئێمەن، هاتوونەتە ناو کەس و

کاری خۆتان، تا خودا دەرگای بەخێرتان لێدەکاتەوەو دەگەڕێنەوە شوێنی خۆتان ئێمە دەبینە دەستگیرۆی ئێوە.

یەکێکی دیکە گوتی: ئێمەش وەکو ئێوە بە ئەزموونی ئاوارەیدا تێپەڕیوین، ئەو کاتەی بە چەکی کیمیاوی بووردومان کراین، منداڵەکانمان هەڵگرت و پەنامان بردە ناو کوردانی ئێران، لەم دەشتانەدا لەژێر باران و بروسکەدا ڕۆیشتین، زۆرمان لەئەنجامی گازی ژەهراوی و سەرما و ترسدا مردن، هەندێ لە ئێمە بە هەزار حاڵ گەیشتنە سنوور و ترسی بووردومان کردن بە کیمیاوی شەکەت و ماندووی کردبوون.

بۆمان باشترین پێشوازیکەر بوون، لە ماڵەکانی خۆیان نیشتەنییان کردین و خواردنی خۆیان پێداین و جل و بەرگی خۆیان دەبەرکردین، بەرامبەرمان بە ئەرکی نەتەوەیی و مرۆیی هەڵسان.

ئەوەی سێیەم گوتی : ئێمە داواتان لێدەکەین و لێتان دەپاڕێینەوە کە ڕێگەمان پێبدەن لە میانەی ئێوەوە هەندێ چاکەی ئەوان بدەینەوە، ئەوە تاکە دەرفەتە هەتا شتێك بدەینە ئەوانەی هەموو شتێکیان پێداین.

پیاوی یەکەم گەڕایەوەو گوتی: ئەمە تکایەکی تایبەتە و تکامان وایە نائومێدمان نەکەی، مەرج نییە میوان پێویستی بێ تا خانەخوێی ڕێزی بگرێت، بەڵکو ئەوە ئەرکی خانەخوێیە بەرامبەر میوانەکەی،

کاتی کەمتەر خەمی بەرامبەر ئێوە دەکەین، ئەوە مانای کورتهێنان لە هەست و نەستی ئێمە بەرامبەر ئەو هەرێمەی ئێمە دەگەیەنێ، کە هەر مشتە خۆڵێکی بە خوێنی خۆمان ئاوداوە، لە پێناو ئەوەی لە رۆژێکی وەکو ئیمڕۆ لەم هەست و نەستانە بژین قوربانیمان بە هەموو شتە بەنرخ و گرانبەهاکانمان داوە، تکایە لە بەجێگەیاندنی هەستی پێشوازیکردنتان بێبەشمان مەکەن، تا لەم هەستەشمان بێبەش نەبین کە هەرێمەکەمان بەراستی ماڵی گەورەمانەو هەر مێوانێك بێتە ناوی، میوانی هەموومانە.

لەم کاتە ژنەکان فرمێسکیان دەڕشت، دوای کەمێك پیاوەکانیش فرمێسکەکانیان دەرشت و لە خۆیان دەگرت، منداڵەکانیان لە باوەش دەگرت: لەبەر ترسی شەڕ پەناتان بۆ براکاناتان برد، ئێوە مەرگەساتی هەڵەبجەو ئەنفال و جینۆسایدمان بیردێننەوە، ئێوە ئێمەین و ئێمەش ئێوەین، مناڵەکانتان منداڵی ئێمەن و منداڵی ئێمەش منداڵی ئیوەن.

دەنگی ژنێك هات کە منگەمنگی لەگەڵ ژنەکەی دەکرد، خوشکەکەم تا لە ناو ژیانێکی خۆشتر لە ژیانی ئێمە و لە خواردنێکی باشتر لە خواردنی ئێمە و لە جل و بەرگێکی باشتر لە جل و بەرگی ئێمە نەتان بینین ئێمە ناسرەوین.

زیاتر لە دە دەقیقە دانیشتن، دواتر لەگەڵ داوای لێبووردنیان لە چایە خواردنەوە، هەڵسان و گوتیان : بۆ ئەوەی پشوو بدەن جێتان

دەهێڵین، خودا حافیز.

بەیانی ڕۆژی دوایی بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی نیشینگە چووە لای موختاری گەڕەك، پاشان هەروەکو خاوەن نووسینگەکە ڕێبەری کرد جگە لە وێنەی خۆی و ژنەکەی هەموو بەڵگەنامەکانی بە ڕەنگاورەنگی کۆپی کرد و چوونە بنکەی پۆلیس.

ئەمەش کاتژمێرێکی خایاند، پاشان سەرۆکی بنکەکە سێ بەڵێننامەی کۆپی کراوی پێدا، دانەیەکی لای خۆی هێشتەوە گوتی دانەیەك بۆ ئەوە و دانەیەکیش بۆخاوەن نووسیگەکەیەو دانەیەکیش بۆ خاوەن خانووەکەیە.

❊ ❊ ❊

هـ....

و....

ل.....

یٚ......

یٚ....

ر....

ر....

لەتەنیشت هەولێردا بۆنی مێژوو بڵاودەبێتەوە، هەموویان ڕۆیشتن و هەولێر مایەوە، شۆختر دەبیٚ، بە جوانییەکەی تەواو دەبیٚ دایەنگەیەکی ئەمینی نەوەی کوردانی، ئەوانەی بەردەوام چنگیان پێوە گرتووە و ئەویش لە گەشتی دەریای مێژوودا چنگی پێیانەوە گرتووە.

هەندیٚ جار وا هەست دەکات کە لە پارکێکی گەورەو لەسەر چەرپای هەولێری ناوەڕاست زێی سەروو و زێی خواروو دایە، بەجۆریٚ کە ڕۆژهەڵاتی بەرزتر بوو لە ڕۆژئاوای و باکوری بەرزتر بوو لە باشووری.

بە قەزا و شارۆچکەکانیدا دەگەڕیٚ:

قەزای خەبات..

قەزای چۆمان...

قەزای چۆمان..

قەزای دەشتی هەولێر..

قەزای رەواندوز..

قەزای شەقلاوە..

قەزاری سۆران..

قەزای مەخمور..

قەزای کۆیە..

قەزای مێرگەسوور..

قەزای ناوەندی هەولێر.

بە دەروازەی ناحییە پڕ لە بۆنی کوردایەتییەکەی:

ئاشتی..

باسرمە..

بارزان..

بەحرکە..

بالیسان..

تەقتەق..

پیران..

خەلیفان..

حاجی ئۆمەران..

دارەشەکران..

دارەتوو..

رزگاری..

دیانا..

سمیلان..

سکتان..

سیدکان...

سەلاحەددین..

شەمامك..

سێگرتکان..

شیروان مەزن..

شۆڕش..

قەراج..

عێنکاوە..

کەسنەزان...

قوشتەپە..

گەلاڵە..

کەورگۆسك..

گوێڕ...

گۆڕەتوو..

هەریر...

مەزنێ...

وەرتێ...

هیران...

لە شەوی تاریکدا، لەسەر جێگەکەی خاو بووبووە و بەپشتدا کەوتبوو و گوێی لە هەندی گۆرانی کوردی هێور گرتبوو، هەولێر وەکو پەپوولەیەکی نەرم و نیان هاتەلای، بە بە هاتنە ژوورە رەنگینەکەی بەتەنگیەوەهات و لەبەری هەڵسا..

هەولێر، بە جلوبەرگە کوردییە نایابە جێماوەکەی کۆکتر دەبوو، بە گەوهەری دەگمەن و مروارییە کورد زادەکان جوانتر دەبوو، بە هەردوو پێیە پیرۆزەکەی لەسەر هەموو ئەو میراتە رووچووەی بە قووڵایی مێژوودا دەوەستێ.

لە سیحری ئامادەبوونیدا دەشلەژێ، وشەکان لەسەر زمانی گیردەبوو : (بەزمانی کوردی) فەرموو ئازیزەکەم، دانیشە.

هەولێر، هەرچەندە هەموو زمانەکانی جیهان دەزانێ، بەلاّم لەسەر

زمانەکوردییەکەی بە شکۆترین بێژەی زاراوەی سۆرانی پێدادەگرێت.

ئەوە هەولێرە بەلێنی خۆی لەگەلێدا بەجێ دەهێنێ، پێش مانگێك کاتێ لە ژوورەکەیدا، خۆی بە بۆرژانێکی ئێوارە سپارد بوو، هەستی بە چەند پەنجەیەکی نەرم کرد کە یاریان لەگەلّ رووخساری دەکرد.

وای زانی ئەمە دەستی (ئاڤان)ە، بەلاّم بۆنێکی نامۆی کرد و خۆی بە کونە لووتەکانی داکرد و پێشتر نەیناسی بوو، پێشتر بە بۆنێکی لەم جۆرە گوشاد نەبوو بوو، بۆنێك کە هەموو جەستەی مەستکرد.

کاتێ چاوەکانی کردنەوە، رەونەقی شۆخترین ئافرەت کە یەکەم جاری بوو

لەنکاو دەیبینی، سەرەتا وای زانی کەوتۆتە ژێر دەسەلاّتی خەونێك، بەلاّم دەنگەکە لە هێزی بێدارییەوە چەسپی کرد و بە منگەمنگەوە: هاتووم بەخێرهاتنی میوانەکەم بکەم.

لەسەر چەرپاکە دانیشت و بە سەرسامییەوە سەیری دەکرد و دواتر گوتی: (من هەولێرم).

کە گوێی لە ناوەکە بوو راپەڕی، بەلاّم مۆلەتی لێوەرگرت و گوتی جارێکی دیکە سەردانی دەکاتەوە و لەگەلّی دادەنیشێ، ئەم سەردانەی تەنها بۆ بەخێرهێنان بوو، چونکە لەگەلّ خێزانەکەی بوونەتە میوانی.

بەیەکگەیشتنێکی لەهیکەوە بوو بەجۆرێ هەندێجار شتەکەی لێ ئالۆز دەبێ، وا دەزانێ کە ئەوە خەونە، ئەو هیچ ئاسەوارێکی دوای

خۆی جێنەهێشت کە ئاماژە بەهاتنی بکات.

لەو رۆژەوە ئەو لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا دەژیت، چاوەڕوانی ئەوەی دەرگای لێبکاتەوەو لە هەر ساتێکی چاوەڕوانکراوو چاوەڕوان نەکراودا لەسەرخۆ بێت.

لە ژوورەکەیدا شەونخوونییەکەی درێژەی دەکێشا، تا هەندێ جار خۆی بە سوڵتانی خەو دەسپارد، تا بەیانی خەوی لێدەکەوت، هەندێ جار (ئاڤان) درەنگانی شەو هەڵدەستا و کاتێ لە جێگەکەی خۆی نەیدەبینی و دەچووە ژوورەکە و لەخەوی هەڵدەستاند، دەڕۆیشت و لە سەر جێگاکەی لە ژوورە گەورەکە دەخەوتەوە.

کچەکەی دادەنیشت و دەیبلْماند: پێویستیت بە شتێکە؟

گوتی: جگە لە بینینی تۆ پێویستیم بە شتێکی دیکە نییە.

گوتی: کەس و کاری خۆم باش دەناسم، ئەوان پارێزگاری لە داب و نەریتی کوردایەتی دەکەن و بە بارودۆخی ناخۆشتر و زیاتر لە قورسیی رۆیشتوون، لە خۆشبەختیش ئەوە وای لێکردن کە لە هەست و نەستیاندا رشتتر بن.

دڵەکانیان وەکو دڵی کۆتر رووشنە و پڕیەتی لە بەزەیی و میهرەبانی و بێگەردی هەستی مرۆیی.

چووە حاڵەتێکی بێدەنگی شکۆدارەوە ، ورتەی لێوە نەدەهات، بەڵکو هەوڵی دەدا کە لە ئامادەگی تامیی قسەکانی هیچ جوولەیەکی

لێ ڕوونەدا.

هەڵیدایەوەو گوتی: ئەوە نابێتە بەتەنگەوە هاتنی میوان، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە هەست دەکات کە بە شێوەیەکی باشتر دەژیت.

لەوەی وەکو لەماڵەکەی خۆی بژیت، تۆ میوانی لەگەڵ خێزانەکەت لە ناخۆشیدا پەنات بۆ ئێمە بردووە، ئەمەش بەرپرسیارێتیمان بەرامبەرت دوو هێندە دەکات.

باوەڕی نەدەکرد شارێکی گەورە بتوانێ خۆی بێنێتە سەر شێوەی ئافرەتێك و بۆ بەخێر هاتنی بێت، گەر ئەمە لەگەڵ ئەودا نەبوایەو بە چاوی خۆی نەیبینایایە و بەم گوێچکەیەی گوێ بۆ دەنگ دەگرێت گوێی بۆ دەنگەکەی نەگرتایە باوەڕی نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پرسیاری لێکرد: چۆن توانیت خۆت بێنیتە سەر شێوەی ئافرەتێك و لێم بێیتە ژوورەوە.

پێکەنی و گوتی: چۆن خەڵکی خاتریان لای خودا هەیە، بەمجۆرەش شارەکان خاتریان لای خودای خۆیان هەیە.

من هەولێرم...

گەورەی کوردانی شکۆمەند..

قەڵا بەرزەکەم شایەتمانی شکۆمەندییەکانم..

لە پێناو کەزییەکانم زەبربەدەستانی جیهان جەنگان..

لە پێناو من هەر چی هێز و سوارچاکییەك هەبوو ئامادەیان کرد..

لە پێدەشتی من سەردەمێك نیشتەجێ بوون..

پاشان زۆر پێنەچوو بەرێزەوە پێمدا رۆیشتن..

من هەولێرم..

شاری ئەزەلی کوردان..

خاوەنی پایەو پاکێتی کوردانم..

بەبێ ئەوان هیچم نییە..

ئەوانیش بەبێ من هیچیان نییە..

من هەولێرم..

خەونی زیوینی شاکان..

شوێن نیگای زلهێزان..

مۆڵگەی چلێسیی هێرشکەران..

شوێنی هەڵگری میراتی بابلی عەشتاری پیرۆز.

من هەولێرم..

سەیرانگای ساسانییەکان..

باخچەی پارسییەکان..

حەشارگەی گەنجینەی فرسییەکان..

گەشتی سەلجوقییەکان..

گەوهەری نەوە گرانبەهاکانی فارس...

کەناری عوسمانییەکان..

گوڵی ئیمپراتۆرییەتی ئووری سێیەم..

ژنەجادووگەرەی شای سۆمەری جوان جوکی..

سرووشبەخشی ئاشووربانیباڵ..

چوارینەی تەختی ئیمپراتۆری ئاشوور سەنحاریب.

من هەولێرم

لانکەی ئەشکەوتی شانەدەر

مەئوای ئادەمیزاد ئەلیاندرتاڵی دوور

مرواری نەمری کوردستانی

سەرینی میدییەکان لەشەوانی تەنیایی

وێستگەی هێرشەکانی رۆمان

خۆشبەختەکەی هۆلاکۆ

بووکی ئیمپراتۆریەتی سەفەوییەکان

پۆشاکی تەیموریلەنگی گرانبەها،

دیلەجوانەکەی تیلیانەکان.

من هەولێرم

شارۆچکە زێڕینەکەی نەوەکانی کورد.

من هەولێرم

لای خودای خۆم خاترم هەیە ،

بەزەردەخەنەوە سەیری دەکرد، گوزارشتی لە خۆشهاتنی بەم سەردانی کردنەی دەکرد، لەگەڵ بەرزی ئەم پەژارە دیارەی سەر روخساریشی پێدەکەنی.

وەکو چەند ئەستێرەیەك بوو لە ئاسمانی روخساریدا، کە پێشتر لە پۆپەی شەنگیدا پەژارە لێی نەدابوو، بۆ یەکەمجار پەژارەیەك لەخۆی دەگرت، ئەو کاتە بۆ پرسیار کردنەکەی خۆی نەگرت: کێوێك لە غەم و پەژارە دەبینم کە خەرمانەیەك لە بەرزی خستۆتە سەری.

گوتی: ئەم تۆزە پەژارەیە میراتی منە بۆیان ماوەتەوە، ئەم قەلایەی من لێی دادەنیشم، بە فرمێسکی ژنەدیلەکانی جەنگ درووستکراوە، هەر گەردێ لە خۆڵەکەی، لەگەڵ فرمێسکی ژنە دیلێك تێکەڵ بووە، لەگەڵ خوشکەکانی بڕیاری بونیادنانی جێبەجێ دەکرد و بەرد و تاشە بەردو خۆڵی هەڵدەگرت، تاکو درووستکردنی قەلاکە کۆتایی پێهات، ئەمە بۆ ئەوەی شاکان لە ناومدا تاجەکانیان بخەنە سەر.

ئەوکاتەی لەو پەڕی شەنگی لاوێتی خۆیدا بوو هاتە بیری کە لە تەمەنی بپرسێ و

گوتی : رووناکی چاوەکەم تەمەنت چەندە؟

گوتی: من لانکەی مرۆڤایەتیم.

گوتی: وەکو کیژۆڵەیەکی تەمەن چواردە بەهاری خۆت دەنوێنی.

گوتی: وایە گەر تەمەنی شارەکانت بە تەمەنی مرۆڤەکان پێوانە کرد، لێرە ئەم بەراووردکردنە وورد نییە.

تەمەنی شارەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لەگەڵ تەمەنی مرۆڤەکان جیاوازن.

شاری وا هەیە لە تەمەنی سێسەد ساڵیدا پیر دەبێت و شاری واش هەیە کە لە تەمەنی هەزار ساڵیدا دەمرێت، شاریش هەیە لەتەمەنی دەهەزارساڵیشدا هەر لەو پەڕی گەنجی دایە.

زیندەگیی شارەکان بە تەمەنەکانیان پێوانە ناکرێت، بەڵکو بە نەمرییاندا.

گوتی: زانیومە زیاتر لە ناوێکت هەیە، نهێنی ئەم ناوانە چین؟.

گوتی : ناوەکانم زۆرن، هەندێکیان دەزانی و هەندێکیشیان جگە لەمن کەس نایزانیت، هەر نەتەوەیەك کاتێ تیان نبشتەجێ دەبێ، ناوێکم لێدەنێ.

گوتی: خاتوونەکەم حەزم لێیە ناوەکانتم بۆ بگێڕیتەوە.

گوتی: ئەو ناوانەی خۆم کە لەناو خەڵکیدا پێی بەناوبانگم:

خەولێر..

هاوخوور..

موێر..

ئولێر..

هەولێر..

ئوربیلم..

ئەربائیلۆ...

ئوربیلیۆم..

ئەربیل..

ئەربائەرلا..

ئاربیرا...

ئاربل...

ئاروبل...

ئەربیلاس..

ئەربیلس...

ئەرویل...

ئەربیرە...

ئەربیلا..

پاشان هەڵیدایەوەوگوتی: بەڵاٌم خۆشەویسترین ناو لای دڵمەوە:

هەولێرە چونکە لە سەرتوێژی پاکترین زمانی کوردیە کە پێی لەسەر ڕەگی خۆم دەوەستم.

لەسەر سووربوون و هەلپەی شاو ئیمپراتۆر و سوڵتانەکانی سەر زەوی بۆ دانانی تەخت و تاجیان لە وراق و پانتایی من، شارەکانی جیهان ئیرەییم پێدەبەن.

ڕۆژێك لە ساڵی ٢٠٠٠ پێشزاین شای سۆمەر شولیکی پێی گوتم کە ئەو شانازی بەوە دەکات کە ئەو یەکێکە لەو ماڵ و موڵکانەی تا هەنووکە بە ژیان و بەجوانی لە هەموو ماڵ و موڵکێکی دیکە ئاوەدانترن.

ئەو ڕۆژەی مۆڵەتی لێم خواست تا بە ناوی (ئوربیلیوم) نازم هەڵگرێت و ئەم ناوە لە خۆشەویسترین ناوەکان بوو لای ئەو، بەردەوام لەسەر زمانی بووم، کاتێ ناوەکەمی بە سەر زمانیدا دەهات، وەکو ئەوەی تامی پارچەیەك شیرینی بکات وا بوو.

ئێوارەیەك کاتێ لەگەڵ خێزانەکەی لە قەلاکەم شەوی بەسەر دەبرد، بە ژنەکەی گوت کاتێ ناوەکەمی بە سەر زمانی دادێ وا هەست دەکات کە دەنگی خۆشتر دەبوو، ئەوکات هەستی بە هەندێ پرووشکی ئیرەیی کرد و رووی بەرزکردەوە.

بەلام، وەکو ئەوەی باوە، ئەوان لێم دەرچوون، جادووم لێدەکردن، لە نێوان ناوی من ناوی شارەکانی خۆیان (ئوور، ئەدیرو، ئوروك)یان داڕشت.

دەمە گوڵئاساکەی بە زەردەخەنەیەك جوانتر کرد و هەڵیدایەوەو گوتی: بەڵام ڕۆژێکیان لەپڕ شای ئوورم بینی بۆ گێڕانەوەی شکۆی سۆمەر لەدەرگای دام، منت بینی بە ناونیشانی خاتوونی ئیمپراتۆرییەتی ئووری سێیەم تاجدار کراوم و لەم پلەو پایەشم کەسێك شوێنەکەم لەق ناکات.

کاتێ گەلانی زاگرۆس لە میدییەکان و کوتییەکان و ئورارتۆ و خورییەکان و کاشییەکان و میتانییەکان لام نیشتەجێبوون و بۆ ئەوەی بمکەن بەجوانترین شاری زەمین کێبڕکێیان لەناو خۆیان کرد و دەسەڵاتێکی سیاسی و ئیداری و دارایی و پلە و پایەکی بەرزیشیان وەدەست هێنا.

بۆ ئەوەی بمکەن بە مرواری ئیمپراتۆریەتەکەیان کێبڕکێیان دەکرد.

ئاشوورییەکان کاتێ لام نیشتەجی بوون و پێدەشتی منیان کردە تەختی عەشتاری پیرۆز، ڕێزییان لێنام و لە نووسینە مسمارییەکان تاجە گوڵینەیان لەسەرم نا: (ئەی ــ کشان ـ کلاما ) و پێیان گوتم: تۆ ماڵی خانمی هەرێمی، بەوەوە هێمایەکی ئایینیم بۆ سەرجەم کوڕان و نەوەکانی ئاشوور و بۆ ئەوانەش کە بە زیارەتگام دادەنێن وەدەست هێنا، نایانەوێ لێم جیا ببنەوە، هەنووکەش لێم نیشتەجێن و دیوارەکانم بۆن دەکەن و لە گەردی خۆڵی قەڵاکەم بۆنی باپیرانیان دەکەن.

کاتێ لە ساڵی حەوسەدی پێش زاین پشتی باوباپیرانت، میدییەکان قایم بوو، نەسرەوتن تا بە سوپاکەیان و بە زەبری شمشێر لە نەوەکانی ئاشووریان سەندم، منیان گێڕایەوە چاندنگە کوردییەکەی و بەبۆنەی لەسەر نانی تاجەگوڵینەیەك وەکو گەوهەری ئیمپراتۆریەتی میدیایی ئاهەنگیان گێڕا، بەڵام جوانییەکەم بەردەوام سیحری خۆی لەشاو سەرکردەکانی جیهان دەکات، چڕنووکی دەوڵەتی (هەخەمانی)ی ئەخمینیی هەڵیکەندم.

ئەسکەندەری مەکدۆنی بارودۆخەکەی بە دڵ نەبوو، لە پێناوی من جەنگێکی بەناوی (ئەربیلا) پەرپا کرد و بۆ ئەوەی بمکات بە شای ئیمپراتۆرییەتی نەوەکانی یۆنان بە زەبری هێز منی سەند. کاتێ پشتی شای ئەرمەن (نیکران) ئەستوور بوو، شەوێکیان لە خەوتگەکەی کینگلیدا، ئۆقرەی نەگرت تا هات و بەزەبری هێز منی کردە شارێکی بەرزی ئەرمەن.

هەروەکو ئەوەی لە جیهانێکی رابوردووی دووردا بسوورێتەوە و بۆنەکەی هەڵدەمژیت و لە سەرکەوتن و ژێرکەوتن و زاڵبوون و شکستەکانی ورد دەبێتەوە.

هەستی دەکرد کە چەندە پێویستی بە خۆ هەڵواسینی بیرەوەری ئەو شارەزاییە مرۆیە لەسەر یەککەوتووانە هەبوو، چەند پێویستی بە گەڕانەوە بۆ ئەوپەڕی رابوردوو هەبوو، بۆئەوەی ئەو نقووم بوونەی بۆ

ئەوپەڕی قوولآیی واقیع تێڕوانینێکی روون بۆ ئاسۆی دوارۆژی فەراهەم بکات.

به بەڕەوانییەوە و بە رۆحییانەتێکی زۆرەوە گوتی:

شتێك سەرنجی رانەکێشام، ئەویش ئەوەیە کە بەدرێژایی ئەم هەموو سەردەمانە هیچ ئیمپراتۆرییەتێك تاکو منی نەگرتبێتە خۆی هەستی نەکردووە کە لە بەڕێوەبردندا ئیمپراتۆریەتێکی تەواوە.

گەر هەموو گۆی زەمین مولکی ئەو بێت، هێشتا هەر هەستی بە کەم و کورتی کردووە، چونکە هەموو زەمین لە دەستێك دادەنێت و هەولێریش لە دەستەکەی تر.

❊ ❊ ❊

لە دەنگی(ئاڤان) بێدار بووەوە کە دەیگوت : جارێکی دیکەش بەجێت هێشتین و لێرە بەتەنیا خەوتی، ئەو رایەخە خۆش نییە و ئازار بە پشتت دەگەیەنێت.

چاوەکانی کردنەوە، سەیرێکی دەورو بەری خۆی کرد.

بە چەند دەستەواژەیەك داوای لێبووردنی کرد لەسەر جێهێشتنیان و جارێکی دیکە خەوتن بەتەنیا و دەستی بەمنگەمنگ کرد: وا پێدەچێت لە هیکرِا خەو بردمێتییەوە.

کاتی ئاڤان چووە دەرەوە، رووداوەکەی شەوی رابووردووی بیرهاتەوە، کاتێ هەولێر شەونخوونی لەگەڵداکردو تا لەگەڵ سەدای دەنگەکەی خەوی لێکەوت، کاتێ دەیچرپاند وەکو ئەوەی گوێبیستی خۆشترین ئاوازێ بووبێ کە کەوتبێتە بەر گوێچکەی.

بیری کەوتەوە کە شەپۆلێکی قورسی بۆرژان لە ناکاو خۆی پیا کرد، پێی دەڵێت لەو دەروازەی کەوتۆتە پلیکانەی قەلاَکەوە بۆ نوێژکردن دەچێت .

گوتی: ئایا نوێژ دەکەیت ئەی هەولێر؟

بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی : شارەکان وەکو ئەم خەڵکەن، شاری باش هەن و شاری خراپیش هەن، شاری گوێڕایەڵ هەن و هی واش هەن کە لەخودای خۆیان یاخی دەبن.

شار هەیە بەرۆژوو دەبێ و زەکاتیش دەدات و شاریش هەیە بۆنی

ڕۆژوو و زەکات ناناسێت و شار هەیە زیکر دەکات و هی واش هەیە بێ باوەڕە.

لەجێگاکەی هەڵساو بۆ دەم و چاو شوشتنی بەرەو دەستشۆرەکە چوو، ئەو کاتە گوێی لە دەنگی ژنەکەی بوو : تاکو نانەکە دەهێنی، چاپەستەکە دەخەمە سەر غازەکە.

کاتێ هاتە هەولێر، بینی خەڵکی هەولێر پشت بە کڕینی سەموون دەبەستن.

لە ڕۆژانی یەکەمدا شتەکە بۆ ئەوان نامۆ بوو، ئەوان لەسەر ئەو نانە ڕاهاتبوون کە لە نانەواخانە ئۆتۆماتیکییەکانی میریی درووست دەکرا.

پێشتر لە بۆنەکاندا سەموونیان بەکار دەهێنا، هەندێ جاریش گەر نەخۆش بکەوتنایە، بەڵام لە گەڵ ڕۆژاندا لەسەر خواردنی ئەم سەموونە بەتامە ڕاهاتن، بەتایبەتی ئەوکاتەی تازە لە تەندوور دەردەچوو.

زۆری نانەواخانەی ناحکومی لە شارەکە و گەڕەکەکانیدا سەرنجی ڕاکێشا، خەڵکی سێژەمە لەسەر کڕینی نانی تازەو گەرم ڕاهاتبوون.

ئەمە تەنها لەسەر نان نەوەستا بوو، بەڵکو زۆربەی کەلوپەلی خۆراکی دەگرتەوە، خەڵکی ڕۆژانە پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان دەکڕی، بەبێ ئەوەی لە چێشتخانەو ساردکەرەوەکان پێویستیان بە داکردن و عەمار کردن بێت.

کاتیَ خەڵکی هەستیان بە زامنکردنی خۆراك بۆ ڕۆژانی قات و قڕی و برسییەتی نەکرد، ئەم کاتە شتەکە بە پێچەوانەوە دەبێت، ئەوکاتە مرۆڤ دەتوانیَ نانی دە ڕۆژان بکڕێت و لە ساردکەرەوەکەی دابنیَ، پێنج مریشك و هەندێك گۆشت یان ماسی بکڕێت و بۆ ماوەی دوو مانگ بەکارییان بێنی.

هەروەها سەبارەت بە پەنیر و پۆلکە و سوورکراوەکان و هەڵگیراوەکان و خۆشاو و بامیا و ئاخنراو و پاقلەمەنییەکان.

بیری کەوتەوە کە هۆکاری ئەمە ترسی خەڵکە لە نەمانی کەلوپەلەکانی خۆراك لە بازاڕدا، نەبادا ببنە کۆیلەی ئەو تارمایی برسییەتی و قات و قڕییەی بەردەوام لە زەینیاندا بوونی هەیە، بۆیە هەر کاتیَ پەلاماری کەلوپەلێکی خۆراکیان دەدا، بازرگانەکان نرخەکەیان بەرز دەکردەوە، گەر خەڵکی لە پێویستی خۆیان زیاتر نەکڕن، بێگومان بە درێژایی ساڵ نرخەکەی گۆڕانی بەسەر دانەدەهات و بە تەڕوتازەیی بەکاریان دەهێنا.

بەمجۆرە، بەدرێژایی ساڵەکان نەبوونی متمانە بە سبەی مەترسییەکی گەورە بوو و سبەینێش وەکو دوا ڕۆژێکی تاریك و نادیار بوو بۆیان، هیچ زەمانەتێکیش نەبوو کە مرۆڤ برسیی نەبێت، کاتیَ هەموو ئەگەرەکان لە ئارادابن، هیچ دەرگایەك لە وڵاتدا نییە کە لە سایەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی نزم و خوراو لەسەر شانی واقیعێکی

خەمناك و پڕناسۆر و بەسەریەکداکەوتوو بەدرێژایی ساڵان تەنها نانێکیش ببەخشێت.

لێرە، شتەکە بە پێچەوانە بوو، تارمایی شوێن ناتوانێ ستەم لە کەس بکات، بەبیری دێت کە هەولێر پێی گوت واز لە کوڕەکانی ناهێنێت، تەنیشتی ناکەوێتە زەوی پێش ئەوەی هەموو خەڵکی لە وڵاتەکەی نەبینێ کە سێژەمە نانیان خواردووەو میووەی تازەشیان خواردووە و جل و بەرگێکی نوێیان پۆشییووە و لەسەر جێگەیەکی خۆش پاڵکەوتوون، کاتێ یەکێکیش نەیتوانی ئەم شتانە بۆخۆی دابین بکات، ئەو پشتی دەگرێت و شتەکان لای ئەو دەدۆزێتەوە.

ئەو لەناو قەلاکەی لەسەر گەنجینەی ئەو گەوهەر و مرواری و زێڕ و زیوەی بەدرێژایی سەردەمێکی دوور بۆ نەوەکانی حەشاردابوو خۆی قایم کرد، بۆ ئەوەی کاتێ رێگەی خۆشگوزەرانییان لێتەسك دەبێتەوە لای ئەو پەناگەیەك بدۆزنەوە.

کاتێ ویستی بچێتە دەرەوە، (لاوین)ی کوڕی بینی بە راکردنەوە دەیویست لەگەڵیدا بچێتە دەرەوە، دەستی گرت و بەرەو نانەواخانەکە رۆیشتن، لەبەردەم دوکانەکەی تەنیشتیانەوە پیاوێکی بینی بانگی منداڵەکەی دەکرد، خۆی خوارکردەوەو ماچێکی لە روومەتی کرد و بردییە ناو دوکانەکەو کیسەیەکی بۆ پڕکرد لە بسکویت و شیرنەمەنی

و شۆكۆلاتە و كاتوو.

هەرچەند ئەو هەستەوەر بوو بەرامبەر ئەم كارە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەستەشیدا دەزانێ تەنها كەسێكی پیسكە نەبێت ئەگینا كەس دیاریی رەتناكاتەوە، رەتكردنەوەی دەستێك كە دیاریی هەڵگرتووە، دەبێتە برینێك بۆ كەسەكە و قورستریشە لە رەتكردنەوەی دەستێك كە بۆ تەوقەكردن درێژكرابێت.

تا رۆژێكیان ژنەكەی لەم هەستەی ئاگاداركردەوە، ئەو كاتەی قەبارەی دیارییەكانی بینی، ژنەكەی گوتی رێگە بەخۆی نادات كە ئافرەتێك بەدەست و دیارییەوەی سەردانی بكات و دڵخۆش بێت بە پێشكەشكردنی دیارییەكەی، ئەویش رەتی بكاتەوە.

لەم كاتەدا لە ژنەكەی گەیاندا كە باری بژێوی باشەو پێویستی بە یارمەتی نییە.

لەگەڵ بەسەرچوونی رۆژاندا، رێككەوتن كە ئەوانیش دیاری پێشكەش بە دراوسێكانیان بكەن، بۆئەوەی تێیان بگەیەنن كە ئەوانیش بەشی خۆیان هەیە، بۆیە (ئاڤان)یش زۆرجار قاپێ خواردنی بۆ دراوسێكان دەبرد و هەندێ جاریش ئەو دیارییانەی بۆ دەبردن كە تایبەت لە شار بۆیانی كڕیبوون.

لەلایەكی دیكە بەئەنقەست جلوبەرگی جوانی دەپۆشی و بۆ هاتن و چوونەكانی و بۆ رایی كردنی هەندێ كاری خۆشی تەكسی بەكار

دەهێنا ، بۆ ئەوەی وێنەیەك نیشانی دراوسێکان بدات کە لەگەڵ هاتنی بەشی خۆی پول و پارەی هێناوە.

بابی هەزار دینار سەموون و قووتییەك ماستی ئیرانی و قاپێك هێلکەی کڕی و لەگەڵ کوڕەکەی گەڕانەوە ماڵەوە.

(ئاڤان) خواردنی بەیانی کە پێك هاتیوو لە کەرە و جاترە و دۆشاو و زەیتوون و هەنگوینی ئامادەکرد، پاشان هەندێ ماستی لە قاپێك کردوو هێلکەشی لە رۆنەکەدا.

هەموویان لەگەڵ دەنگی فەیرۆز کە لە مۆبایلەکەیەوە دەردەچوو لەسەر خوانی خواردنە خۆشەکە دانیشتن.

دوای نانخواردنەکە، لەسەر پشت کەوتوو نەختێك پشوویدا، (ئاڤان)یش منداڵەکانی بۆ دەرچوون ئامادە دەکرد، چونکە وایان دانابوو ئەو رۆژە لە قەلاّ بەسەر ببەن، لە رۆژانی پێشوو هەر وا پێیدا تێپەڕیبوون، بەلاّم ئەمجارە بڕیاریاندا رۆژەکە هەمووی لەوێ بەسەر ببەن.

ئەو قەلاّیەی بەسەر بازاڕی نیشتیمانی دادنۆڕی، لەناو جەرگەی شار، کە (١٥٠پێ) بەرزەو لەسەر پانایی (٦٠٠٠٠مەتر چوارگۆشە)یەو تیرەکەشی (٤٠٠ یاردە) یە.

ئەو کەسەی سەردانی هەولێر بکات و قەلاّی نەبینێ بێت هەروەکو ئەوە وایە کە سەردانی هەولێری نەکردبێت، ئەو قەلاّیەی بۆنی

شکۆداری خۆی لێهەڵدەسێت.

قەلاّ لەپێش چاویان وەکو بووك وابوو، سەوزایی سەرەتای مانگی مارتی پێوە دیار بوو، ئەو مانگەی زیاتر لە هەموو مانگێك پڕیەتی لە بۆنەی کوردان، لەم مانگەدا دیارترین راپەڕینی تێدا روویدا و لە ساڵی ١٩٩١دا بووە هۆی سەربەخۆیی هەرێم و دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی، ئەو مانگەی خوێناویترین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تێدا روویدا لە میانەی هەڵمەتەکانی جینۆساید و بووردومانکردنی هەڵەبجەی وێرانکراو بە خراپترین چەکی کیمیاوی، ئەو مانگەی ئاهەنگی نەورۆزی تێدا دەگێڕن، کوردان وەکو هێمایەك بۆ ئازادی ئاگری نەورۆز دەکەنەوە.

قسەکانی هەولێر گەڕانەوە لای و بۆیان دەگێڕایەوە کە چۆن شای ئاشووری سەنحاریب هەولێکی زۆریدا بۆ گەیاندنی ئاو بۆ ئەو قەلاّیەی دڵی لێچوو بوو، بەم کارە گوزارشتی لە هەست و نەستی خۆی کرد، بە زمانە مسمارییەکەی لە قەراخی رووباری بەستۆڕەی نووسی:

من سەنحاریبم، شای وڵاتی ئاشوور
لە چیاکانی خانیّ سیّ رووبارم لێدا
کە کەوتۆتە سەرووی شاری ئەربائیلۆ
کانیاوەکانی راست و چەپیم بۆ زیاد کرد
لە تەنیشت ئەو رووبارانە

پاشان جۆگەیەکم بۆ ناوەڕاستی شاری ئەڕبائیلۆ لێدا
ولاَتی خاتوونی بەڕێز
عەشتاری خواوەند
ڕێڕەوەکەشم راستاڵ کرد.

لە پێش چاوەکانی قەلاَ شایەتمانە، لەسەر جێپەنجەی مێژوویەك لە تەمەنی زەمان و مرۆڤەکان بەیەکەوە، شایەتمانە لەسەر چاوچنۆکی مرۆڤ، شایەتی دەدەن کە هەموویان رۆیشتن و تۆش بە زیندوێتی ماویتەوەو لە سەری هەموو مانگی ئازارێك گەنجتر دەبیتەو.

بە سەیرکردنی جوانیی قەلاَ دڵخۆش دەبێت و بۆنی مێژوو هەڵدەمژێت و روونی پەژارە لەسەر چارەی هەولێریان دەپشکنیٚ، قسەی هەولێری سەبارەت بەتایبەتمەندی ئەو نیشانانەی بیردێتەوە، پاشان بەرەو قەلاَ چاو دەگێڕێت و دیارە لە حاڵەتی خەمێکی پڕشکۆ دایە.

شکۆدارە ئەو پەژارەیەی هێزی ژیانی پێدەبەخشێت، تەماشاکەرانی بە هەستی جیهانی رۆحانیەت دەبەخشیٚ و وا هەست دەکات دەچێتە بازنەی نەمریی شانشینی رۆحانییەت.

چەندبن کەس پێیدا رۆیشتن، چەندین ئیمپراتۆریەت و شانشین و تەخت و تاج لەپێناو دەستخستنی جەنگان.

ئەوەتە خەڵکی لەهەموو لایەکی جیهان بۆی دێن، وێنەی یادەوەری لە شوێنە دیارەکانی دەگرن، ئەوەی بێتە عێراق و کوردستان

نەبینیٚ، وەکو ئەوە وایە نەهاتبیٚ، ئەوەی بێتە کوردستان و هەولێر نەبێنیٚ وەکو ئەوە وایە نەهاتبیٚ و ئەوەی بێتە هەولێر و قەلاٚی نەبینی بیٚ وەکو ئەوە وایە نەهاتبیٚ.

هەتاکو موسلمانەکانیش کاتیٚ بەهێز بون، هەستیان نەکرد ئیمپراتۆریەتەکەیان بەبیٚ هەولێر تەواوە، هێرشکردن بۆ کردنەوەی هەولێر فەتحێکی ئیسلامیی بوو و مۆرکی ئیسلامی خستە سەری.

زەردەخەنەی هەولێری بیرکەوتەوە کاتیٚ لەسەر هەردوو لێوە گوڵڕەنگەکەی دەبریسکایەوە : ئەمە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب بوو، کاتیٚ عوقبەی کوڕی فەرقەد بوو بە والی موسڵ، پاشان دەستی بۆ ڕێگای ڕۆژهەڵاتی دیجلە درێژکرد و تاجەگوڵینەی وەکو شارێکی نوێی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لە سەر نام.

ئەوکاتەی خەلافەتی عەباسییەکان هات، هاتمەوە دەستی کوڕانی کوردی هەزبانی و قەلاٚکەم بۆ سەقامگیر بوونی دەسەلاٚتەکەیان گەڕایەوە، بەلاٚم عیمادەددینی زەنگی جارێکی دیکە منی داگیر کردەوە و خستمیە ژێر دەسەلاٚتی خۆی و زەینەددین عەلی کوچك بۆ دامەزراندنی میرنشینەکەی مۆڵەتی لێوەرگرتم و گوتی ناوی دەنێم: میرنشینی بەکتەکینیی، پاشان موزەفەرەددینی کۆکبەری برای ڕەبیعە خاتوونی خوشکی سەلاحەددینی ئەیوبی مارەکردو دەسەلاٚتی لیٚ گرتە دەست ،

لەو رۆژەوە بەڵێنی پێدام کە بمکاتە بەهێزترین و جوانترین میرنشین و بەڵێنی خۆی بۆم گەیاندە جێ و چوارخانەی بۆ کوێران درووستکرد و هەموو پێداویستییەکی بۆ فەراهەم کردن و هەموو عەسرانی رۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە سەردانی دەکردن، پاشان چەند تەکییەیەکی بۆ سۆفییەکان درووست کرد و خانوێکیشی بۆ هەتیوان و یەکێکیش بۆ بێوەژنان درووستکرد، پاشان قوتابخانەی موزەفەرییەی دامەزراند و میوانخانەیەکی گەورەی بۆ حەوانەوەی هەر میوانێك کە بێتە سنوورەکەم درووستکرد، من هەلگری هێزی ئیسلام بووم و میرنشینی سیحر و جوانیی ناوچەکەی بووم.

ئەم قسەیە، لە نەریتی رۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەردا دەڵێنەوە، لەم رۆژەدا هەولێر بەرگێکی جوان بەبەر پانتایی شەقامەکان و دیواری مالأن و قووببەی مزگەوتەکاندا دەکات و خۆی بۆ ئاهەنگی رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر ئامادە دەکات.

ئەوە یەکەمجاری بوو کە ئاهەنگی لە یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر لەم خاکی کوردەی کورد حوکمی تێدا دەکات ببینێ.

بەیانیەکەی، لەدەرگای دەرەوەیان درا، ژنان وەکو رێزلێنانێك لەم رۆژە شیرینی و شەکراویان دابەش دەکرد.

ئەم نەریتەی هەولێرییەکان لە میر موزەفەرەددین کۆکبەرییان بۆ بەجێماوە، ئەوەی بۆ یەکەمجار لە میرنشینەکەی یادی مەولودی

پێغەمبەری کردۆتەوەو ئیمڕۆش کوڕەکانی لاسایی دەکەنەوە.

هەولێر ئەمجارە لە قاقای پێکەنین دەدات و قاقا بەتامەکەی درێژە دەکێشێت و چی بەبیرهاتنەوە لەم شتانەی دیبوونی : من وەکو ئەوەی لەسەر چلێسی زلهێزان راهاتووم، جارێکی دیکە لە بازنەی سوپا و شەڕ و شۆڕەکاندا دەمبینی، کاتێ هۆلاکو دەرکەوت و شەیدام بوو، ئەم رۆژە گوتی : گەر هەموو دنیا هی من بێت، تۆم نەبێ خاتوونەکەم وەکو ئەوە وایە هیچم نەبێت، بەبێ تۆ زەمین هەمووی بیابانێکی چۆل و هۆلە، تۆ بەهاری زەمینی و گەوهەری شارەکانی مێژووی.

خەڵکەکەم ماوەی شەش مانگ لە ناو قەلاکەم خۆیان قایم کردو بەرهەڵستییان کرد، بەلاّم ئەو کەللە رەقی و سەرشێتییەکەی هەر لە زیاد بوون دابوو، لە پێناو ئەوەی داگیرم بکات و بۆخۆی شارێکی ئاسوودە لە دەڤەرکەم دابمەزرێنێ ئەوەی هەیبوو کردییە قوربانی.

ئەو پیاوە لەگەڵ مندا بەڵێنی خۆی بردەسەر، ئاهەنگێکی ئیمپراتۆرییانەی گەورەی گێڕا و منی کردە میرکچ و خاتوونی ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلی پان و بەرین و خانمی یەکەم بە پەسەندی و کەسێکیش لەم پلە و پایەم کێبەرکێم لەگەڵدا ناکات.

بەلاّم وەکو هەمووجارێ هێزداران ئەوانەی لە پێناو من هێزدارانی دیکە ژێر دەست دەکەن، جگە لەمن کەس ناتوانێ هێز و نەمریی ئەوان بچەسپێنێ، دوای ئیلخانییەکان جەلائیرییەکان هاتنە لام و

قەرەقۆینلوی بەرخی رەش حوکمڕانی منی گرتە دەست و دوای ئەمیش ئاق قۆینلوی بەرخی سپی، کاتێ تەیموری لەنگ دەرکەوت بۆ داگیرکردنم سوپاکەی هێنا سەرم و منی لە ژێر چڕنووکی سەفەوییەکان دەرهێنا، بەلاّم ئەوە بەدڵی سوڵتان سەلیمی دووەم نەبوو، شەڕی جاڵدیرانی هەڵگیرساند، هەروەکو موویەك لە هەویر دەربێنی هەرواش منی لە ئیمپراتۆرییەتی سەفەوییەکان دەرهێنا.

بە دەنگێکی خۆش دەیبڵماند، چاوەکانی وەکو مرواری فرمێسکیان دەڕژاند و لەبەر گریان تا دەهات دەنگەکەی قورس دەبوو :

من هەولێرم..
شاژنی شاکانی زەمین
میرکچی میران..
خانمی خانمان..
سوڵتانژنی سوڵتانەکان..
گەوهەری ئاوەدانی گرانبەها..
من هەولێرم..
لاواز و دۆڕا و تەسلیم بوو و ماندووانم خۆش ناوێت...

من حەز دەکەم نەوەکانم هەروەکو شا و زلهێزانی زەمین چۆن لەپێناو تاڵە موویێکی سەرم شەڕیان کرد هەروا لەپێناوی من

شەڕبکەن..

من هەولێرم، خاتوونی نەمریی نەوەکانم

ئەوکاتەی دڵنیا بوو لەوەی لە نەریتی هەولێر شوێنی داهێزرا و دواکەوتوو و بێکاران نابێتەوە، ئەوە شاری جوولەی بەردەوامە، شاری درەوشانەوەیەو بە ستەم رازی نابێت.

هەرجارێك بۆ کوورەی هێز بەرزبوونەوە و هەرجارێك بەسەر جومگەی شەکەتیدا کەوتن و هەر جارێك وەکو داوی دووکەڵ لە نێوانی پشتیاندا ونبوون، ئەو بۆ زیاتر بە هێزبوون هانی کوڕەکانی دەدا.

کاتێ بە شەو و بە رۆژ بۆ پاسەوانی کردنی ئێشك دەگرن، ئەو هانیان دەدات بۆ ئەوەی نەبۆرژێن و چاو لێك نەنێن، خاکەکەی دەکێڵن و تەنیشتەکانی بونیاد دەنێن و شەقامەکانی دەشۆرنەوە و گەوهەری پاراو و مرواری گرانبەهای پێشکەش دەکەن و بۆ رازی کردنی کێبڕکێ دەکەن، جگەرگۆشە بەنرخەکانی بۆ دەکەنە قوربانی.

لەلایەکی دیکەوە جوانیی ناوە کوردییەکانی نێوان خەڵکی سەرنجیانی راکێشا:

رەندە = المتأنقة

هیزان = قوي

ناوی کێوێکە = جودي

لاو، گەنج = لاوين

ئازاد = حر

سەرۆك = قائد

سەكفان = هداف، طؤلكةر

رزگار = متحرر

ئەياز = ملحن

بێريڤان = راعية الاغنام

شڤين = حراسة الأغنام ليلاً

بەنگين = منادى

ئەرتەش = جيش

ستەمبار = مظلوم

ستەمكار = ظالم

لەيلان = سراب

شيرەڤان = راعي الاسود

ئارام: صبر

نرڤين = حقل أخضر

ئارامگر: صابر

پەروانە = فراشة

رێوان = مرشد

لوورین = هدهدة النوم

كورتان، زین : سراج، سرج

بربریك: الفراشة

جانە : الروح

سۆزدار = معاهد

جوانگول: وردة جدیدة

شار = مدینة

رێژین: طریق الحیاة

دیلوك: موال

نازك: شفافة

نازدار: رقیقة

رێبەر: قائد

شێروان: راعي الأسود

ئاراس: نهر في كوردستان

شيريهان: ملكة الجمال

چەكدار: مسلح

نشتيمان: وطن

ئارى: ناري

شێرزاد: بنو الاسد

شهزاد: بنوالملك

گومان: ظن

لاوەند: شاب فتي

سيروان: نهر في كوردستان

ئارام: هدوء

ناندەر: كريم

بێدار: صاحي

سۆزدار: وفي

شيندار: حزين

بلند: عالي

حەمرین: جبل في كوردستان

دلڤین: حب القلب

دڵبرین: قلب مجروح

دڵجان: قلب شاب

دڵسۆز: قلب واعد

دڵدار: عاشق

دلشین: قلب حزین

داخاز: مطلب

دڵشەنگ: قلب أنیق

دڵگەش: قلب مشع

جومەرد: كریم

هوزان: شعر

جوان: جمیل

لاڤا: تمني

ئاڵچی: صانع العلم

رونی: ضوء

خناڤ: قطر الندى

لاوین: وسیم

بەهار: ربيع

هاڤین: صيف

بیرهات: ذكرى

دلخاز: قلب حائر

هەلاّت: شروق

کاژین: أين الحياة

کۆڤان: أحزان

روناهی: ضوء

شیلان: زهرة في حضن الجبل

شلێر: نوع من الأزهار

ولات: وطن

نێرگز: نرجس

نێچیرڤان: صياد

ژیان: حياة

رێبەر: دليل

ديار: ظاهر

ريناس: دليل الطريق

سردار: رأس الدولة

سامان: أدوات المعيشة = ثروة

شڤان: راعي الغنم

دارين: محبوبة

تاليا: نور الجنة

جۆليا: شباب

هۆشيار: صاحي

دلبرين: قلب مجروح

رۆندك: دمعة

سۆز: وعد= عطف

جوتيار: فلاح

سەرباز: جندي

هەژار: فقير

سەربەخۆ: إستقلال

شەرمین: خجل

دڵسۆز: قلب مخلص

هێلان: رحيل

سەرکەوت : تقدم

هةرمان: باقي

گۆهدار: سميع

خەبات : نضال

باران: مطر

هێژا: عزيز

جگەر: روح

زانا: عالم

ئێڤار : عصر المساء

ژين: حياة

دل شاد: قلب فرح

هێمن = هادیء

رێدوور/ ریدیر: طریق بعید

ناز: دلال

روناك: ضیاء

لە ناو جوانیی رێگەکان دا دەهات و دەچوو، لە رووی خەڵکی بێدار و بە رۆشنایی ژیانێکی پڕ، ورد دەبۆوە، تێیدەگەیاند کە بە بڕوایەکی تەواوەوە کەس لە ناو هەولێر دانییە کە هەولێری خۆش نەوێ، بۆیان هەیە لە هەموو شتێك جیاواز و پەرتەوازە بن، بەڵام لە خۆشەویستیان بەرامبەر هەولێر لە هەموو لایەك وەکو هەڵوێستی تاکە پیاوێك بەیەك دەگەنەوە.

هەولێرییەکان لایان گرنگە باش کار بکەن و سیلەی رەحم باش بەجێ بگەیەنن و باش گوێڕایەڵ بن و باش جووت بن و باش بخۆن و باش بخەون، لایان گرنگە رۆژەکەیان خۆش رابوێرن، زۆر حەزیان لە بیرۆکەی پاشەکەوتکردن بۆ بەیانی نییە.

هەولێر فێری کردوون کە سەینێ تەم و مژاوی و نادیارە و لەسەریانە زۆر لێی بە هیوا نەبن.

بە لێهاتنێکی جەستەیی باش بە ڕێگاکاندا دەڕۆن، بەبێ ئەوەی شتێك سەرقاڵیان بکات چێژ لە ئەوپەڕی پلەی هۆشیاری خۆیان وەردەگرن، لە هەر ساتێکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕوان نەکراو دا لە نەریتی ئەوان هەمووشتێك ئەگەری کەوتنی هەیە، ئەمەش هێز و توانایەکی هەڵقوڵاوی لە ئازایەتی و ڕەسەنایەتی و دەستکراوەیی پێدەدات.

ڕێگاکانی هەولێر ڕێگە بە هێرشی شەپۆلەکانی نوێگەری نادات و لە ڕەگەوە هەڵیدەکێشێ و نوێگەری جیهانی کە بە ڕەسەنایەتییەکەیەوە ڕەگی داکوتاوە، بۆیە جوانیی خانووە بلاستیکییەکان دەبینی و جوانیی دەرگا و پەنجەرە پلاستیکییەکان، تا خانووە نوێیەکانیش ڕەچاوی هەستەوەری تەلارسازیی هەولێریان کردووە، بەجۆرێ کە باخچەو کولێکولەی ئاو و شوێنە بە گوڵ چێنراوەکان پانتاییەکی باش دەگرێ، چونکە هەولێر بە هەوربڕ و ژاوەژاو و قەڵەبالغی خانووەکان هەستیارە.

پانتاییەکی فراوان بۆ ئەم کوڕانەی ئەم ئارەزووەیان هەیە دادەنێت و حەزیان لە وەدەستهێنانی زیاتر لە خانووێك نییە، کاتێ یەکێك حەزی لە لایەکی فراوانی بێت ، یەکەم شت کەپێی دەڵێن ئەوەیە : خانووێك بەسە..ژنێك بەسە..دوکانێك بەسە..ئۆتۆمبیلێك بەسە..جزدانێك بەسە.

ئەی جەژنی پیرۆز

ئەی جەژنی شکۆدار

هەردەم لەکاتی کرانەوەی گوڵی بەهار وەرە

بەفر لە چیا بەرزەکانی کوردستانەوە دەتوێتەوە

هەردەم لە رۆژی دیارکراوت وەرە

لە هەرلایەکی دونیا دڵی کوردان شاد بکە

هەردەم لە رۆژی دیارکراوی خۆت وەرە

کاتێ مانگی ئازار دێت، تاڵە تیشکەکانی لە دەشتاییەکانی کوردان دەدات

کاتێ هاواری یەکەم قوماتەی لەدایك بووی تازەی کورد دێت، کە تازە دایکی لەسەر گەردی خۆڵی زێڕینی کوردستان بوویەتی.

زۆر دوامەکەوە ئەی جەژنی مەزن

لەبێبەرگیدا دەلەرزێ

لە چاوەڕوانی ئەوەی سەرلەبەیانی رۆژی بیست و یەك پیرۆزبایی لێبکات.

نەورۆز، رۆژێکی نوێ لەسەر نەتەوەی کورد هەڵدێ و ساڵێکی نوێی کوردان رادەگەیەنێ، لە میانەیدا مرۆڤی کورد نوێ دەبێتەوە و خەونە ئەزەلییەکەی بە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەی هەموو کوردانی

جیهان لەخۆ دەگرێت نوێ دەبێتەوە.

ئێوارەی نەورۆز لەسەر بان و شەقامەکان پڕ بووە لە مۆم و چرا، هەندێ لە گەنجانی کورد بەرەو چیاکان و سرووشت رۆیشتن و مۆمیان هەڵگرتووەو ئاگریان کردۆتەوەو بە ئاگر دەنووسن: ئازادی ـ کوردستان.

شەوی ئەم ئێوارە پیرۆزە بۆتە رووناکی و مۆم و ئاهەنگ و دەهۆڵ و زورنا، ئاهەنگ گێڕان لە گەڵێدا بەسەرچوونی ئەم شەوەی کوردستانی گرتۆتەوە بەخەیاڵیاندا دێت.

بۆ هەڵهاتنی سپێدەی یەکەم رۆژی سەریساڵی کوردی پەرۆشن، ئەم هەڵهاتنەی هیوایان بە هەڵهاتنی سپێدەی یەکەم رۆژی دەوڵەتی کوردی کە ببێتە دەوڵەتێك لە تەك هەموو وڵاتانی جیهان زیاتر دەکات.

تامی نەورۆز، بۆنی نەورۆز، ئێوارەی نەورۆز بەتەواوی لەبەر چاوەکانی باڵاتر دەبێ و لە هەست و نەستەکانیدا کاتێ یەکەم نەورۆز لە هەرێمی کوردستان دەبینێ.

ماوەی دەرۆژان خەڵکی لە ئامادەگیدان بۆ پێشوازی ئەم رۆژە شکۆدارەی هەر ساتێك لە ساتە زێڕینەکانی بۆنی ئازادی دەکەن.

قۆناغێکی کوردی نوێ لەبەردەمیدا دەبێتەوە، گەشتێکی نوێ لە گەشتەکانی کورد، بەڵام لەم کاتە بیری کەوتەوە کە باجی ئەم گەشتە چەندە قورسە، چەندین کەس بۆ ئەوەی کوردستان بەزیندوویی

بمێنێتەوەو نەمرێت بوونە قوربانی.

چەندین کەس کردەکانی قڕکردن و شەڕی وێرانکەریان هەڵگیرساند بۆ ئەوەی کورد ئەم گەشتە نەبێنیٚ.

کوردستان مانای دوارۆژ و هەڵهاتنی خۆر لەسەر تاریکایی کورد دەگەیەنیٚ.

مانگی ئازاری پیرۆز، مانگی خۆشی و پێکەنینەکان و فرمێسکەکان، هەر رۆژێك لە رۆژەکانی ئەم مانگە پڕن لە بیرەوەری و رووداوی وا کە خەرمانێکی نوورینی پیرۆز دەخاتە سەر لێکدانەوەی هێما و درووشمی رۆژی نەورۆز.

ئەمە بووە رووداوێکی گرنگ، گەورە و تایبەتمەندیەکی نەتەوەیی بیٚ وێنەی هەیە، هیچ کەسێك لە مێژووی کوردان ناگاتە ئەم پایەی کە کێبڕکیٚ لەگەڵ ئەم رووداوە گەوهەرییە بیٚ وێنەیە لە رووی ناوبانگی و درێژەپێدان و فراوانی جەماوەریدا بکات.

ورد دەبۆوە چۆن ئەم رووداوە جگە لە هەموو بۆنەکانی دیکەی نەتەوەی کورد بەتەنیا کوردانی هەموو دنیا بۆ ئەوەی لە دایك بوونی ساڵی نوێی کوردان ببینن لێرە کۆ بکاتەوە.

نەورۆز چۆن توانی ئەم هەموو دەلالەت و هێز و گرنگییە زۆرە و هێمایەی لە خۆی دەگرێت بۆ خۆی دابین بکات، بەجۆریٚ گەر کوردێك لە شوێنێك ئاهەنگی نەورۆزی لێقەدەغە کرا، لە دەسەڵاتی ئەم دەڤەرە

هەڵدەگەڕێتەوەو گوێڕایەڵی نابێت.

بۆ هەر سەرشێتی و جەربەزەییەك ئامادەیە و خۆی تووشی هەر ئەگەرێك بکات بەمەرجێ لە وەستانی رۆژی نەورۆز و لە شکۆی رۆژێك کە بەناوبانگترین و ئامادەترین و بەهێزترین و بەدەسەڵاتترین و شۆخترین و گوڵدارترین جەژنی کوردانە وبێبەش نەکرێت، لە کۆتاییدا هەموو هەوڵێکی سڕینەوەی لە یادگەی کورداندا فەشەلی هێنا، بەجۆرێ لەکاتی ئاهەنگگێڕان بە یادی جەژنەکەیان دەستدرێژیان کراوەتە سەر.

کاتێ سەیری لاپەڕەکانی مێژوو دەکات، دەبینین لەم مانگەدا زۆرترین تاوانکاری دڕندانە بەرامبەر مرۆڤی کورد کراوە.

ئەو سپێدەیەی رووی لە نەورۆز بوو بۆسە و تەلەزگەیان بۆ راوکردنی دەنایەوە و بە بیانووی جێبەجێکردنی هەستی نەتەوەیی خۆی دەستگیریان دەکرد، بەڵام ئەو هەستەکەی زیاتر دەبوو، ئەو زیاتر مکوڕ بوو لەسەر رێنەدان بەهیچ کەسێك لە رەگەوە هەڵیکێشێ.

بەدرێژایی ساڵان، ئەم قەناعەتەی بۆ درووست بوو کە نەورۆز بە نەتەوە بەستراوەتەوە، هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر نەورۆز، دەستدرێژییە بۆ سەر شوناسی کوردایەتی، تا یادکردنەوەی نەورۆز وەکو کارکردن و ئەنجامدانی تایبەتمەندییەکانی، هەڵکردنی هەستی نەتەوەییە.

لە رابووردوودا لەو کاتەی خەڵکی دیکە هەڵدەپەڕین و گوزارشتیان لە هەستی خۆیان لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانیاندا

دەردەبڕی، لەرابووردووە ئەو نەوەکانی خۆی نەدەبینی کە کۆڕی ئاهەنگگێڕان و هەڵپەڕکێ لە جەژنە نەتەوەییەکانیان بە ئاشکراو لەبەردەم ئامرازەکانی راگەیاندندا بگێڕن.

هەنووکە بە بینینی ئەم دیمەنەی بەرچاوی هەستی خۆشی خۆی دەردەبڕێ، ئەوکاتەی خەڵکی بە شۆخی و شانازییەوە و کۆکی جلی پێشمەرگە دەپۆشن و بەرەو شوێن ئاهەنگی نیشتیمانیی گەورەی نەورۆز دەچن و بەشداری لە کۆڕی ئەو هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنایەی دەکەن کە لە کەلتووری کورداندا بەرچاون.

ژنە گۆرانی بێژانی کورد دێن و بە دەنگە خۆشەکەیان جوانترین ئافراندنی کەلتووری کوردان لە ئاوازی خۆش دەچڕن.

ئامادەگیی و هەڵسان بە ئاهەنگی نەورۆز تامێکی جیاوازی هەیە، ئەوکاتەی نەریتی کوردان پێویست دەکات کە خەڵکی لە ئێوارەی نەورۆز کۆ ببنەوە و ئاگرێك وەکو نیشانە و هێمای ئازادی وەکو ئەم ئاگرەی کە (کاوەی ئاسنگەر )هەڵیگیرساند، دەکەنەوە.

کاتێ لەم هێمایە ورد دەبۆوە، هەستێك دەیگرتەوە کە بیرۆکەی نەورۆز لە کرۆکیدا لەسەر لێکترازاندنی خۆ بەکەمتر زانینەوە هاتووە و شیکردنەوەی ئەم خواستی خۆویستییەی لەگەڵ مرۆڤدا پەرەدەسێنێ و ئەم کاتەش دەگاتە بالاترین پلەکانی کە ئەم مرۆڤە دەگاتە قۆناغێك

کە ژیانی خۆی لە مردنی هاولاّتیانی دیکە چ کورد و چ عەجەم دەبێنێتەوە.

لەم حیکایەتەدا شا تووشی دەردێکی بێدەرمان دەبێت، دوای چەند هەولّدانێك یەکێك لە پزیشکەکان دەرمانێك دەدۆزێتەوە، کە بریتییە لە چەورکردنی شوێن دەردی جەستەی ئەم شایە بە مێشکی مرۆڤ.

شا(زوحاك) هەموو بیروباوەڕێکی مرۆڤایەتی لە خۆی دادەماڵێ، تەنها بیر لەخۆی دەکاتەوە، رازی دەبێ کە بەردەوامی بەژیانی خۆی لەسەر حیسابی ژیانی یەکێ لە هاولاّتییەکانی بدات.

داوا لە دەست و پێوەندەکانی دەکات کە تا زووە ئەو دەرمانەی بۆ ئامادە بکەن، دەست و پێوەندەکان وەکو گورگی هار دەچنە سەر رێگاکان بۆ گرتنی خەڵکی و سەربڕینیان و دەرهێنانی مێشکیان، تا جەستەی شاکەیانی پێ چەور بکەن و رۆژێکی دیکەش لە ژیان بەردەوام بێت.

لەگەڵ بەسەرچوونی رۆژاندا، ئەم رووداوە لە ناو خەڵکی عەوام بلاّوبووەوە و ناچار بوون خۆیان لەناو ماڵەکانیاندا بەند بکەن و گەر زۆر ناچار نەبن نەچنە دەرەوە.

ئەم کاتە بۆ یەکەم جار بیرۆکەی هەڵگەڕانەوە لە (شا)، خۆی خستە مێشکی گەنجێك بە ناوی(کاوەی ئاسنگەر)، کە بۆ ئازاد کردنی خەڵکی لە بەندیخانەی ماڵەکانیان و لە تارمایی رفاندنیان یەك لە دوای

یەك هەولێدا، پیاوەکانی شا بوو بوونە خێو و دەستیان بۆ رفاندنی خەڵکی لە سەر رێگا و شوێنی کارکردن وماڵەکانیان درێژدەکرد، ئەو گەنجە لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی کۆدەبۆوە و ئاگاداری کردنەوە کە ئەو دەیەوێ بچێتە لای (شا)و ژیانی ئەو خەڵکەی لە ژیاندا ماون رزگار بکات، گەر نەخشەکەی بۆ لەناوبردنی سەرکەوتوو بوو، ئەوە ئاگرێك وەکو هێمای ئازادی و بۆ کۆکرنەوەی خەڵکەکە دەکاتەوە، گەر ئاگریشی هەڵنەگیرساند ئەوە مانای ئەوەیە نەخشەکەی سەرکەوتوو نەبووەو دەستگیرکراوە.

کاتێ شەو باڵی بەسەر رێگاکاندا گرت، گەنجەکە بۆ پەلاماردانی کۆشکی شا خۆی ئامادەکرد، لەگەڵ کاتدا و دنیایەکی کش و مات، بە نهێنییەوە چووە ناو کۆشکەکە و تا گەیشتە (شا)کەو توانی بیکوژێت.

کاتێ چووە دەرەوە، چووە سەر شوێنێکی بەرز و ئاگرێکی کردەوە، ئاماژەکە گەیشتە هاورێکانی کە کارەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هاتنە ناو کۆشکەکە و رزگارکردنی ولاتەکەیان لە ستەمی شا راگەیاند.

لەو کاتەوە کوردەکان ئەو رۆژەیان کردۆتە رۆژی لە دایك بوونی ساڵێکی نوێ، چونکە لەم رۆژەدا لە جەوروستەم رزگاریان بوو، ئەم مێژووە پێش نەورۆز و دوای نەورۆزیش بووە خاڵێکی وەرچەرخان لەبەردەم گەلی کورد.

لە ئێوارەی نەورۆز، (ئاڤان) بۆئەوەی زوو نەخەون سەری منداڵەکانی ششت، ئەو خواردن و خواردنەوانەی هێنا کە بۆ ئاهەنگەکەی ئامادەی کردبوون.

تا درەنگانی شەو و تا منداڵەکان خەوتن هەر دانیشتبوون، ئەوبەتەنیا لەگەڵ ژنەکەی ئاهەنگیان لەم ئێوارە جیاوازەدا گێڕا.

بۆ بینینی ئەو یارییە ئاگرینانەی بە بۆنەی پێشوازی لە سەرلە بەیانی نەورۆز هەڵدەدران،چوونە سەربانەکە و تیایدا سەرتاپای تاریکییەکە دەبووە رەنگەکانی پەلکەزێڕینە، هەموولایەك پڕ بوو لە دەنگی یارییە ئاگرینە و ئاواز و گۆرانی.

بەیانی، منداڵەکان زوو لەخەو هەڵسان و جوانترین جلی کوردەواری ئاساییان کردەبەر، لەبەر ئەوەی بۆیان نەبوو جلی پێشمەرگە یان بەرگێك رەنگەکانی ئاڵای کوردستان بنوێنێ کە ئاماژەن بۆ نەتەوەیەی خۆیان بپۆشن، ئەوە ژنەکەی بەم جلە جوانە کوردەوارییانەی کە هەموو سیحری ژنێتی ئافرەتی کورد دەردەخا خۆی رازاندەوە.

رێگاکان چۆل و هۆل بوون و جوولەیان تێدا نەما بوو و دەرگای دوکانەکان داخرابوون، بەجۆرە لە رۆژی لەدایك بوونی ئەو رۆژە دیارەدا کە لە سەری ساڵی کوردان تەنها یەکجار دەهات، سرووشت ئەو هەموو خەڵکەی بۆ باوەشی خۆی رادەکێشا.

تا ئۆتۆمبیلیش لەسەر ڕێگاکان کەم ببوو، نزیکەی نیوکاتژمێر وەستا تا ئۆتۆمبیلێکی دۆزییەوەو داوای لە شۆفێرەکە کرد کە بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی خەڵکی ئاهەنگی تێدا دەگێڕن.

شۆفێرەکە پێی گوت کە شوێنەکان زۆرن، شوێن هەیە نزیکەو شوێنیش هەیە دوورە، شوێنە دوورەکە لەبەر قەڵەباڵغی ناتوانین بۆی بچین، واباشە بچیتە شوێنێکی نزیکی ئەو دەشتەی کوردستان، چونکە قەڵەباڵغی لەوێ کەمترە و بە ئاسانیش بۆ گەڕانەوەیان ئۆتۆمبیلیان دەست دەکەوێ.

کاتێ گەیشتنە شوێنێك خەڵکی ئاهەنگیان تێدا دەگێڕا و وەکو تابلۆیەکی کەرنەڤاڵی بوو و لەبەردەمیدا خۆی بینییەوە، ئەو ئەمەی دۆزییەوە و ڕەچاوکرد کە سرووشت جوانترو قەشەنگتر دەبێت کاتێ خەڵکی لە باوەشیدا ئاهەنگ دەگێڕن، چەند درەوشاوەترو شۆختر و ڕەنگینتر دەبێ بەم خەڵکە، بەجۆرێ دەگاتە ئەوپەڕی درەوشانەوەو دەکرێتەوە کاتێ ئەویش لەگەڵیاندا ئاهەنگ دەگێڕێت.

ئەوە خۆکاریی مرۆڤی کوردە کە بەهەموو شتەباشەکانی بەرچاوی بەرجەستە دەبێت، ئەوەتە گوزارشت لە ڕادەی پەیوەست بوونی بە ئازادییەوە دەکات و ڕادەی خۆشەویستی بۆ ئازادیی سرووشت.

ئەوکاتە پیاوێکی پیر سەرنجی راکێشا کە لەتەنیشت خێوەتێك دانیشتبوو و سەبارەت بە پەندی پێشینانی کوردان لەگەڵ گەنجێکی تازە پێگەییو دەدوا.

ئاڤان هەنگاوەکانی بچووك کردنەوەو گوتی: با گوێ لەم پیاوە بگرین بزانین چی دەڵێت.

دوای مۆڵەت لێوەرگرتنیان تا رێگەیان بدەن بەشداری دانیشتنەکەیان بکەن بەرەو لایان چوون .

ئەو کاتە هەردوکیان لەبەریان هەڵسان و بەگەرمی بەخێریان هێنان.

دوای کەمێك دانیشتن، ژنێك لە خێوەتەکە هاتە دەرەوەو لەگەڵ راموسینەوە ئاڤانی بەخێر هێنا و بەشداری دانیشتنەکەی کردن.

ئەو پیاوەی باسی پەندی پێشینانە میللیەکانی لای کوردان دەکرد گوتی: ئێوە خەڵکی کوێن؟

گوتی : سوریا

دیسانەوە بەخێرهاتنی کردنەوەو لە خودا پاڕایەوە ئەم ئاگرە بکوژێنێتەوە و بە خۆشی و سەلامەتی بگەڕێنەوە خاکی خۆیان.

پاشان پیاوەکەی دیکە هەڵیدایەوەو گوتی: کاکە ئەوەی ئێوە پێیدا رۆیشتوون، ئێمەش پێشتر پێیدا رۆیشتووین، لەبارچوونی ئەمن و ئاسایش زۆر لە شەڕ ناخۆشترە، لەکاتی لەدەستدانی ئەمن و ئاسایش

هەموو شتێك حەلاڵ دەكرێت، من پێش بیست ساڵان سەردانی سوریام كردووە، جوان بوو و لەوێ بۆ بژێوی ژیان زۆر ماندوو نەدەبووی.

دوای كەمێكی تر ژنێك خۆی و خوانێك كە هەندێ میوە و شیرنەمەنی و تۆو و بادامی لەسەر بوو، هات.

پیاوەكە دیسانەوە دەربارەی پەندی پێشینان و گرنگی ماناكەی سەبارەت بە كۆمەڵگای كوردی كەوتەوە قسەكردن، ئەمیش گوێی لێگرتبوو و وای هەستكرد كە قسەی نەستەقی كۆمەڵگاكان بریتیین لە پوختەیەك كە گوزارشت لە بوونی خۆیان دەكەن.

پیاوەكە گوتی كورد كۆمەڵێك لە پەندی پێشینانیان بەرهەم هێناوە كە نەنووسراونەتەوەو هەر لەسەر زاران ماونەتەوە:

كاتێ هەندێ پەندی كوردی دەڵێینەوە كە كۆمەڵگای كوردی لەسەر زاران دەیگوێزێتەوە و تایبەتمەندییەكانی تێدا دەردەكەون، بەجۆرێ كە گوێگری ئەو پەندانە بەشێوەیەكی گشتی دەتوانێ نەختێ بە سرووشت و بنەماكانی ئەم كۆمەڵگایە ئاشنا بێت.

ئەو پەندەی لێكچوونی هەموو كوردان لە هەركوێیەك بن دەردەخا.

پاشان پیاوەكە دەستی پێكردەوەو گوتی :

ئەو کوردەی لە پاریسیش دەژی، لەو کوردە دەچێ کە لە قامشلۆ دەژی و ئەمیش لەوە دەچێت کە لە ئەسفەهان دەژی و ئەمیش لەوە دەچێت کە لە ماردین و هەولێردا دەژین ا.

پاشان دانە مۆزێکی هەڵگرت و دەستی بە داماڵینی پەلکەکەی کرد و گوتی: پەندی کوردی دەڵێ: ( شێر بتخوا باشترە لەوەی رێوی فێڵت لێبکات)..

لەم پەندەدا دەردەکەوێ کە کۆمەڵگای کوردی داوای هۆشیاری دەکات و کەپێویستە مرۆڤ گێل نەبێت و نەبێتە قوربانی بێئاگاییەکەی، بۆیە بەبێ خۆ سپاردن بە نائومێدی تا مردن هەوڵی رووبەڕووبوونەوە دەدات.

هەروەها ئەم پەندە ئەوە روون دەکاتەوە کە ژیان هەر دوو رووی پێچەوانەی لەخۆ دەگرێت و پێویستە مرۆڤ ئەوە بزانێ و وانەزانێ کە ژیان بە یەك شێوە و یەك روویدا دەڕوات .

پەندێکی دیکە دەڵێ: (هیچ بێشەلانێك نییە کە رێوی تێدا نەژی).

هەر بەو مانایە پەندێکی دیکە دەڵێ : (دنیا موڵکی ئازایانە ).

پەندی میللی کوردی دەچێتە کونج و بنەوانی کۆمەڵگا و وێنەیەکی روونی کەسایەتی مرۆڤ دەبەخشێ کە بە درێژایی زەمان ئاستەنگی زۆری هاتۆتە پێش و توانییویەتی رووبەڕووی ببێتەوەو بوون و ئامادەگیی خۆی بچەسپێنێ.

پاشان پیاوەکە سەیرێکی گەنجەکەی کردو گوتی : پەندێکی دیکە هەیە کە داوای ئاوێتە بوونمان لەگەڵ واقیع لێدەکات:

( دڵە ناسکەکان ناگەنە ئاواتی خۆیان).

بەڵام سەبارەت بە گرنگی یەکبوون و یەکڕیزی ئەم پەندە میللیەمان دەڵێ:

( رێککەوتنی مێرووەکان چیاکان رادەکێشێ).

چونکە خراپترین شت کە کورد دووچاری بووە بریتییە لە دووبەرەکی و گەر پێچ و پەنای رێگەکان پەرتەوازەی کردن قەت بەهێز نابن، کاتێکیش هاوشان و یەکگرتوو دەبن، هیچ هێزێکی دنیا لە خۆی رانابینێ تێکیان بشکێنێ.

ئەم پەندەشمان دەگێڕێتەوە کە مرۆڤی کورد خاوەن هەڵوێستە و پەندەکەش ئەم ئینتیمایەی بەهێزتر دەکات کە دەڵێ:

(بۆ رۆژێکیش کەڵەشێر بیت باشترە لەوەی بەدرێژایی ساڵ هەر مریشك بیت).

پەندەکانمان قوتابخانەی میللی ئێمەن، فێری داناییمان دەکەن، شارەزایی و ئەزموونی باپیرانمان لە ناخدا دەچێنن، هەر وەکو منارەی رووناکی بەخش شەوانی تاریکمان بۆ روون دەکەنەوە.

پەندی کوردیمان خۆیان دەخەنە ناو هەموو کاروباری ژیانمان و بۆ چالاکیی و کارکردن هانمان دەدەن و دەڵێن:

(خۆڵی کارکردن نەوەك زەعفەرانی بێکاری).

(گەر گوڵیش نیت دڕکیش مەبە).

(دەستم بۆ کوشتنی ماران بەکار مەهێنە).

( کیسەی دزان هەر کونە).

ئەوەی لە نزیك کوورە بێت پرووشکی لێ دەپڕژێ).

ئەم پەندانە هەر وەکو پوختەیەکن کە مرۆڤی کوردی توانیویەتی لە ئەزموون و واقیعی ژیانیدا دەری بێنی:

( خێل لەناو کۆران پاشایە).

(نەوەی ئادەم وەکو مێروو لاواز و بەجەورە).

( من میر و تۆ میر کێ کەرمان لێ بخوڕێ).

(خانوێکی تەسك جێگەی هەزار دۆستی لێ دەبێتەوە).

هیچ کێوێکی بەرز نییە بەفری تێدا نەبێت و هیچ دۆڵێکیش نییە ئاوی تێدا نەبێت).

هەر وەها لێرەدا هەندێ پەندی تر هەن کە لە سەر شێوەی ئاماژەپێکردن و وشیارکردنەوە هاتوون وەك:

(کێو بەکێو ناگات بەڵام چاو بەچاو دەکەوێ).

(ژووژگ کەوتە سەر دڕکی بێچووەکانی و گوتی : چەند نەرمە).

(گەر دز لە خۆت بێت، پێویست بە دەرگا داخستن ناکا).

(ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ).

(گەر کەلەشێر لە ناوەختدا بانگیدا سەری دەبڕێ).

( نان بدە بە سەگ مەیدە بە سپڵە).

پاشان سەیری ئاڤانی کردو گوتی: لەم پەندانە بە پایەی ژن ئاشنا دەبین، کچەکەم چونکە کۆمەڵگای کوردی ڕێزێکی تایبەت لەو ژنە دەگرێت کە لە هەموو ئێش و ئازارەکانی ژیان هاوکاری پیاو بووەو لەسەر ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد داهاتووە ئارامی گرتووە و بە خاتوونی ئارامگر ناوی دەرکردووەو پەندەکانیش ئاماژە بە تێگەیشتنی مرۆڤی کورد بۆ ژن دەکەن، کە پایەی بەرزی دەردەخات، تا لە ئاستیدا دەڵێت:

( ژن کۆڵەگەی ماڵە).

( ژنی باش دیارییەکی مەزنە و ژنی خراپیش کۆتێکی قورسە).

(ژن قەڵایەو پیاویش بەندکراوە).

(پیاو رووبارەو ژنیش گۆمە).

(خودا ژنی درووستکرد و ژنیش پیاو).

(سەیری ژن مەکە سەیری خزمانی بکە).

(ماڵی پڕ سامان دەرووخێ بەڵام ماڵی پڕ منداڵ دەمێنێ).

(ئەو ماڵەی منداڵی تێدا بێت شەیتان تێی ناچێت).

(منداڵ میوەیماڵە).

ئەو نەیدەزانی خەڵكانێك دەبینێ پۆپەكانی سەركەوتن لە پلیكانەی خواستی مرۆیی بەرجەستە دەكەن، بەمجۆرە هەستكردنێكی رەها بە ئاسوودەیی خۆی پێدا كرد و ئەوكاتەی ئاشنای خوورەوشت و خواستی ئەو كەسانە دەبێت كە هیچیان ناوێت جگە لە خۆشی وەرگرتن لە كاركردن لەسەر شتە باشەكانی شیرینی هەستی ناسكی مرۆڤایەتیان.

دانیشتن لە هەولێر خەریك بوو تامێكی تایبەتیی ژیانی پێشكەش دەكرد.

ئەوەی بە توندی سەرنجی راكێشا ئەوە بوو، هەر كەسێك هەوڵی دەدا حاڵەتێكی مرۆیی لە میانەی وشەیەك كە دەری دەبڕێ و ئەو لەناو ئیقاعی ئەو كۆمەڵگایەدا بوو، پێشكەش بكات.

ئەم چەند مانگەی رابووردوو بۆی رەخسا كە بە كەسانێكی جیاواز لە هەموو ئەو كەسانەی پێیان گەیشتبوو بگات، هەندێ جار وای دەزانی سەیری خواپەرستێك دەكات، بۆیە كاتێ لەم شوێنە هێزی مرۆیی مرۆڤی دۆزییەوە، فرمێسك لە چاوەكانیدا دەهاتنە خوارێ و ئەو هێزەی لەبەر چاوی بووە منارەیەكی رووناكی بەخشی مرۆیی و شتی زۆری فێركرد.

ئەوکاتە بڕوایەکی بۆ درووست بوو کە ئەزموونی تووش بوون بە کوشندەترین چەکی وێرانکردن و فەوتاندنی منداڵانی کورد، پێش هەموو شتێك ئەوە لەبەر هەستیاری کەلتووری مرۆیی و خاوەن ئاسۆیەکی فراوان درووست بوو، ئەم بڕوایەی بە چالاکییەکی لە رادەبەدەر هاوکاری هەستیاری کەلتووری مرۆیی لە خەیاڵگەی منداڵیی کورد کرد، ئەو منداڵانەی بوونە باوك و بوونە شەبەنگێکی کۆمەڵایەتی کوردی هاوچەرخ.

ئەو لەم خەڵکە ورد دەبۆوە کە ئاهەنگیان بەبۆنەی ئەو جەژنەی کە هێمای ئازادی بوو دەگێڕا، رووداوێکی نزیکی لێدەرکەوت...

پێش چەند رۆژێك کاتێ کوردانی هەموو جیهان دڵخۆش بوون، لەبەر ئەوەی هەندێك دانیان بەوە دانا کە ئەو منداڵ و ژنانەی کەوتنە بەر شالاوی ئەنفال و کوشندەترین چەکی کیمیاوی لە رەگەزی مرۆڤن، ئەوەی لەگەڵیاندا کرا تاوانێك بوو بەرامبەر مرۆڤایەتی.

ئەوکاتە بەهای پێشکەشکردنی گوڵێکی بۆ ئەو کەسەی دڕکێکی بۆ دەهاوێژێ زانی، وای دەبینی کە مێژووی مرۆڤایەتی هیچ گەلێك کە تووشی کوشتن و بڕین و دەردەسەری و هەموو جۆرەکانی ناچارکردن هاتبێ، بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو دیارتر لە گەلی کورد

تۆمار ناکات، ئەم مێژووەش تۆمار ناکات کە گەلێکی لەمجۆرە توانی لەگەڵ سەرجەم مرۆڤایەتی ئەوەی لەگەڵیدا کرا بە لاپەڕەکانی

لیبووردن بگۆڕێتەوە، گەنجینەی بیرو گەوهەری وێژەو و مرواری هونەر و مۆزەخانەی پاشماوەکان و نموونەی بەرز لە کەسایەتییە خاوەن هەلوێست و پڕشانازی و مرۆڤایەتی و سیاسییەکان پێشکەش بکات.

کورد یەکێکە لە زۆرترین و دیارترین ئەو گەلانەی زەمین کە دەست بەسەر میراتە مرۆییەکەیاندا گیراوە، ئەوە وای لێدەکات کە بە سەرسامییەوە بروانیٚ کە کورد هێشتا لە تاریکییەکەیدا، لەم نیمچە تەنیاییە سۆفییانەی دوور لە پێکهاتەی دونیا جەخت لەسە گۆشەگیری خۆی دەکاتەوە.

ئەو رۆژە بە ژنەکە گوت :

بەمجۆرە بەردەوام، کورد درەنگ دەگات، بەمانای زۆر درەنگ.

گوتی: رەنگە لەبەر گرتنەوەی ئارامێکی زۆر، رەنگە لەبەر قوولّی داناییان، رەنگە لەبەر چاکییان زیاتر لە پێویست. بەلاّم ئەوە بۆ مرۆڤ باشترە لەوەی هەر نەگەن، زۆر کەس هەبوونەو قەت نەگەیشتوون، زۆرکەش کێشەکانیان لە کونجە تاریکەکان ماونەتەوە.

گوتی: لەگەلّ ئەو هەموو کارەساتانەی تێی کەوتووە، هێشتا بە ئارامیی و بە گیانی حیکمەت و بە چیای باشی کوردان خۆی قایم دەکات.

تا لە گۆشەگیریی ژێر دەستانیش ئازاری پێدەگات، رازییە بە زمانی خۆی قسان نەکات و رازییە واز لە داب و نەریتەکانی بهێنیٚ و

خۆی بەدوور دەگرێت لە وەی بەخۆشی خۆی لە زۆر شوێناندا ناو لەمنداڵەکانی بنێت، بەرگێك کە هێمایەك بێت بۆ ئاڵای شوناسی نەتەوەکەی لێی قەدەغەیە تەنها لەبەر ئەوەی زۆر باشەو ـ پشت و پەنایەکی نییە ــــ.

خاکەکەیان داگیرکرد و جیهان هیچی نەکرد.

دڵڕەقانە منداڵەکانیان کوشت، بەسووکی سەیری پیرەکانیان کرد،، لە خێوەت و ماڵەکەیدا بەبێئەوەی تاوانێکی کردبێ، جگە لە تاوانی کورد بوون لە رێگاکان راویان کردن.

گوتی ــ هەنگاوەکانیان بەرەو بازنەی هەڵپەرکێیەك لە کەلتووری کوردییان بردن ـ سیمفۆنییە کوردییەکان وەکو ئەو گڕکانانەی لە قوڵایی مرۆڤ دەنگییان دێت تەقینەوە.

گوتی : دیارە کە گەمارۆیەکە بۆ زیاتر بڵاوبوونەوە زیاتر ئاوێتە دەبوو.

مۆسیقایەکی کوردی بەتامی مۆسیقای (نیکۆس)ولێزانی مۆسیقای (باخ) و چەندین فێرکار و چەندین داستانی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی و مرۆیی کە کەلتووری جیهانی پێ دەوڵەمەند بووە.

هەردەم ئازیزەکەم ترس لە دەرکەوتنی کورد لە رووکار و پێشەوە، چونکە ئەم دەرکەوتنە، یەکەم هەنگاوە بۆ درەوشانەوەی گەیشتن بە مافی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی و بڵاوبوونەوەی زمانەکەی و

وەکو زمانێك لە پاڵ هەموو زمانەزیندووەکانی جیهان، بۆ وەرگێڕانی ئەدەبەکەی، بۆ دەرکەوتنی بلیمەتی کورد بە درێژایی چاخە مرۆییەکان، ئەو کاتە نەنگییە بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی کە لە خێوەتێکی ئاسایی ئەو جیهانە ئەوەشی پێ زۆر بێت کە پێی دەڵێن ئۆتۆنۆمی کە بەدرێژایی مێژوو مافی خۆیەتی، وەکو ئەوەی تاوانێکی گەورەیەو کورد ئەنجامی دەدات.

لێرە..لە کوردستان کورد دەتوانێ بە زمانی خۆی قسان بکات و گۆرانییەکانی خۆی بڵێت، قەبارەی چاکی و دڵسافی مرۆڤی کوردی نەجیبزادە دەردەکەوێ کە هەمووی لەگەڵ ئاشتیدا دەچێتە کۆتایی.

قسەی دەکردو ژنەکەشی گوێی بۆ راگرتبوو:

بەڵێ ئازیزەکەم لەم جیهانەدا خەڵکانێك هەن هێشتا، تا هەنووکەش بۆ دەرکردنی کوردان لە هەرێمە بچووکەکەیان نەخشە دەکێشن و تا وەکو براکانیان لەپارچەکانی دیکەی کوردستان دەربەدرەیان بکەن، ئەمە لە روویکەوە و لە رووێکی دیکەش تاکو لە کێشەو گرفتەکانی زەمانە نەبنە یارمەتیدەرو پاڵپشتی یەکتری وەکو ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە.

خەڵکانێك هەن بۆ بەیەکدادانی کوردان و بۆ سەیرکردنیان کەچۆن یەکتری لەناودەبەن نەخشە دەکێشن، دەیانەوی لەو پەڕی شکۆداری و لەبەر چاوی هەموو جیهان بیبینن کە چۆن دەرووخێ، بەڵام

ئەزموونەکانی ئەو قەلاَیەکن ئەوانە دەخەنە کونجی نائومێدییەوە.

ئەوە یەکەمجارە لە مێژوودا کە کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مرۆیی و نەتەوەیی و مێژوویی دایە بەرامبەر ئەو کوردانەی لە رۆژئاوای کوردستانەوە پەنایان بۆ بردوون و لەبەر ئەو شەڕە نێوخۆییە کوشندەیە لە هەموو رووێکەوە، جگەر گۆشەکانی خۆیان هەڵگرتووە.

کوردان لێرە بەهانای برا و هاو نەتەوەیی و هاو زمانی خۆیانەوە هاتوون، پەنایان بردۆتە خاکێکی کوردان و خۆیان بە هاونیشتیمانی ئێرە دەزانن و خۆیان بە پەناهەندە نازانن، چونکە رەنگە ناخۆشترین شت لایان کە پێی پەست دەبن هەستکردنە بەوەی کە پەناهەندەن.

یەکێ لە خێزانەکان بۆ خواردنی هەندێ گۆشتی برژاو بانگیان کردن، داوەتەکەیان وەکو نەریتی نەورۆز قەبوول کرد، ئەو کاتە ئاڤان بەلاقرتێوە گوتی : بینیمان ئەم زاراوەیەی پێی دەڵێن شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، زۆربەی ئەوانەی نەخشەو یاساو نەریتییان بۆ چەوساندنەوەی کوردان بە بیانووی مەترسی لەسەر ولاَت و هاولاَتیان داناوە، ئەوانە یەکەمین کەس بوون کە بەیەکەوە ئازاریان بە ولاَت و هاولاَتیان گەیاندووە.

پاشان ژنەکەی گوتی:

تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە ئەوەی ریزی ولاَتی کەسانی دیکە

نەگرێت، ریزی ولاٚتی خۆشی ناگرێت، ئەو کەسەی رەشك و غیرە لەسەر ولاٚتی کەسانی دیکە نەکات، ناتوانیٚ رەشك و غیرە لەسەر ولاٚتی خۆی بکات،

ئەوەی ریزی تایبەتمەندی نەتەوەکان نەگرێت، ناتوانیٚ ریزی تایبەتمەندیی نەتەوەکەی خۆی بگرێت.

نازانم چی مۆڵەت بە مرۆڤیٚ دەدات کە زمان و خێوەت و پاشماوەو ئینتیماکەی تالاٚن بکات و چۆن باوەڕ دەکات کە کەسانی دیکە یان ژنەکەی یان کوڕەکەی یان خۆی ریزی دەگرن.

نەختیٚ بێدەنگ بوو پاشان گوتی: رەنگە لە بەهێزترین شتە باشەکانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ئەوە بێت کە گەلاٚکانی ئەوانەی وەراند و وەکو درەختێکی بیٚ گەلاٚی بەردەم بای کۆتایی پایزی لێکردن.

بێدەنگ بوون، ئەویش کەوتە بیرکردنەوە بیری لەوە دەکردەوە کە رەنگە ئەم شتانە هەموویان بەڕادەی ئەم دوارۆژەی لەپێشمانە زۆر گرنگ نەبن، یان ئەوەی کورد بۆ کردنەوەی دەرگایەکی نویٚ خۆی ئامادە دەکات و هاوێژتنی یەکەم هەنگاو بۆ یەکەم پلیکانە بە ئاراستەی سەردەمێك کە کەمتر ستەمی تێدا ببینن و پلەیەك بۆ شتێك لە سرووشت و خۆکاری مرۆڤی ئاسایی بەرز ببنەوە.

هەنووکە...دوای چەندین ساڵی بێبارانی درێژ، هەندیٚ دان دەنێن بەوەی کە ئەوەی کورد دووچاری بوو لە شالاٚوەکانی هاڕین و پاکتاوی

ڕەگەزی و کۆمەڵکوژی و تەقەڵاً بۆ سڕینەوەیان لە میانەی کوشندەترین چەکی کۆمەڵ کوژیی بریتییە لە تاوان دژی مرۆڤایەتی.

بینی کە ئەم هەڵوێستە چەند رووی شیکرنەوە هەڵدەگرێت، لە رووێکەوە ئاماژە بەوە دەکات کە کورد داوا لە جیهان دەکات کە وەکو مرۆڤ سەیر بکرێت و ئەو مندالانەش کە بەچەکی کیمیاوی لەناو بردران گەر کوردیش بن بەلاّم سەر بە رەگەزی مرۆڤن و کوردبوونەکەیان ئادگاری مرۆڤایەتیان لیّ دانامالیّ و ئەوانەش کە رزگاریان بوو دەستە و کۆمەڵ روویان لە دەشت و دەر کرد، مافی خۆیەتیان کە وەکو کوردێك بمێننەوە و زیاتر پێداگری لەسەر کوردبوونیان بکەن و ئەمە هەموو شتێکە.

هەنووکە کە ئەو لە کوردستان بوو چەمگی جینۆسایدی کوردان دەرکەوت، ئەوە وشەیەکی ترسناکە بە گوێرەی ئەو و مانای قڕکردنی کۆمەڵێك مرۆڤ لەبەر چەندین هۆکار دەبەخشیّ، لە دوو برِگە پێك هاتووە، یەکەم(جینۆ) ـ جۆر ـــــ کە لە وشەی لاتینی genu جیناس وەرگیراوەو هی دووەمیش مانای ـ کوشتارگە ـ caedes کایدس دەگەیەنیّ.

ئەمە ئەوەی بۆ سەلماند کە کەس ناتوانیّ دوور لە گەرمیی خێزانی مرۆیی بژیت و دوور لە هەستی یەکگیریی و هاوکاری مرۆیی کە کەس لەم جیهانەدا ناتوانیّ پێویستی پێنەبێت.

بە هیچ رووێك كەس ناتوانێ مێژووی كوردان لە ڕێڕەوی رووداوەكانی رۆژگار دابڕێت، چونكە ئەوە بریتییە لە لاپەڕەیەك لە پەڕتووكی مێژووی مرۆڤایەتی.

ئەو مرۆڤەی تا هەنووكەش ئازاری پەرتەوازەیی دەكێشێت، بەبێ ئەوەی لە ولاّتی خۆی سەقامگیر بێت و ئالاّی دەوڵەتێكی دیكە لە هەواری ئەو كوردستانە بەرزدەكاتەوە كە هەموو كوردە پەرتەوازەكان دەگرێتە خۆ، و وایان لێدەكات كە زیاتر كوردایەتییەكەیان خەست بكەنەوە و پاشان وێنەیەكی روون لە تایبەتمەندیی و لایەنە باشەكانی نەتەوەی كورد پێشكەش بكەن.

پاشان خەریك بوو ورد دەبۆوە كە چۆن ئەم پەرتەوازەییە بۆتە هۆی پەرت بوونی تواناكانی كورد لەهەموو بوارەكانی ئافراندن، وەك بواری هونەری و ئابووری و سیاسی و كۆمەلاّیەتی و راگەیاندن، زۆر جاریش لە ناوەرۆكی كوردایەتییەكەشی داماڵدرا، بەجۆرێ تەنها لەبەر ئەوەی كوردن، ئێش و ئازارێكی زۆریان پێگەیشت و هەردەم گەوهەر و مرواری گرانبەهای داهێنانیان پێشكەش بە جیهان دەكرد، بەبێ ئەوەی بێئومێد بن و خۆیان بەدەستەوە بدەن.

كاتێ ئەم هەموو لاپەڕانەی كە تەوێلی مرۆڤایەتی پێ تڕ دەبوو بیركەوتەوە، حاڵەتێك لە رق و كینەی بەرامبەر بە هەر شتێك كە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبێت هەبوو، ئەو سیاسەتەی كە بۆ خۆی

ڕەوای دەبینی تا براکانیشی بکوژێت، کاتیّ سەیری ئەو دیکۆرە نەویستراوەی ئەوانی کرد کە وایان تێگەیاندبوون کە لەکەسانی دیکە بەرزترن هەستی بە دڵتێکچوونێك کرد و لەپێناو ئەوەدا ئێش و ئازاری بە گەلانی خۆشیان دەگەیاند.

ئەوکاتە تاڵیی ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە ئەوانە شایانی سەرکردایەتی قۆناغەکان نین، بەڵام گەڕایەوە بە ئاڤانی گوت: پێویستە کامەران بین و کە لێرە کورد توانیان بگەنە ئەنجامێك کە جگە لە زۆرینەی ئەم گەلە کەسێکی دیکە ناتوانیّ نوێنەرایەتی کۆمەڵگای کوردی بکات و هەروەها منداڵەکانی کە بە گازی ژەهراوی لەناوچوون، ئەو مۆڵەت بەکەس نادات کە خۆی بەگەورەی ئەو بزانێت.

بەمجۆرە لەساڵی (١٩٩١ز) ملیۆنی هەژێنەری کورد تەقییەوە، وەکو ئاماژەیەك کە ئەم ملیۆنە ئامادەن لە هەرساتێکدا بەرووی هەر لایەنێدا بتەقنەوە کە ببنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان.

لێرە..لە هەولێر توانی لە نزیکەوە زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان شارەزای ئادگاری کوردایەتی ببێت، یەکەم جارییەتی کە بچێتە ناو دەروازەی شارێکی کوردی تەواو، ئەوە یەکەم شاری کوردانە کە لە پانتایی هەرێمی کوردستان ـــــ کە پێك هاتووە لە سیّ شاری سەرەکی کە ئەمانەن (هەولێری پایتەخت ـ سلێمانی ـــ دهۆك) ـــــــ، ئادگاری کوردایەتی هەڵگرتووە.

لێرە.. لە هەولێر ـ شاری ڕۆحانییەتی کوردان بەپەسەندی ـ بەجۆری دەتوانیٚ چێژ لە بەهای تامی جوانی کوردایەتی چ لە مرۆڤدا و چ لە سرووشتدا وەرگرێت، تا لە ئیقاعی ئەو پیتە کوردییەی کە لە هەر مۆسیقایەك کە گویٚ بیستی بووە چێژدار ترە.

مرۆڤ لێرەدا هیچی بۆ ناکریٚ جگە لەوەی زیاتر بڕوای وا بێت کە کورد گەلێکی مەزنی ئەو جیهانەیە و یەکێکە لە گەلە ئارامگر و حیکمەتیارەکان و گەلێکە بە درێژایی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لە هەموو گەلێك زیاتر دووچاری دڵڕەقی و هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە بووە و تاکو هەنووکەش هەر گوڵ و زەردەخەنەو لێبووردەیی زۆر و مۆسیقاو ئەدەب پێشکەشی جیهان دەکات.

بەبیٚ ئەوەی جیهان شتێکیان پێشکەش بکات ئەوان هەموو شتێکیان پێشکەشی جیهان کرد و لەگەڵ ئەوەی دەزانن کە ئەو هیچیان پێشکەش ناکات، بەڵاّم ئەوان هەر مکووڕن لەسەر پێشکەش کردنی هەموو شتێك بە جیهان.

مرۆڤی کورد توانی ئەم دڵڕەقییە نا مرۆییەی دووچاری بووە تەوزیف بکات بۆ ئەوەی لە ناخیدا هێزێکی خواست مرۆیی تازە بێنێتە هانای و خۆی پیٚ قایم دەکات.

وای لێکرد کە سەبارەت بە هەموو شتێك لە حاڵەتێکی جیاوازی مرۆیی دابیٚ، زۆر پێنەچوو ئەو کۆترەی مانگی رابووردوو لە بازاڕدا

دەڕۆیشت بازێکی داو خۆی هاوێشتە خەیاڵگەی و کۆترەکە فڕی و لە ناوەڕاستی ڕێگا نیشتەوە، ئەو کاتە ورد بۆوە تا بزانێ چی ڕوودەدات، ئۆتۆمبیلی یەکەم لە زەوییەکە و لە ناوەراستی رێگا وەستا ، کۆترەکە رۆیشت تا رێك خۆی لە ژێر تەنی ئۆتۆمبیلەکە گیر کرد، ئۆتۆمبیلەکانی دیکەی لەدوای ئەو بوون راوەستان، وەکو ئەوەی گرفتی هاتوچۆ پەیدا بوو بێ، بە چاوی خۆی بینی شۆفێرەکە لە ئۆتۆمبیلەکەی دابەزی و زۆر هەوڵی لەگەڵ کۆترەکەدا بۆ ئەوەی لە ژێر ئۆتۆمبیلەکە دەری بێنێ، بەلاّم ئەو ژێر ئۆتۆمبیلەکەی جێنەهێشت، کاتێ شۆفێرەکان بەمەیان زانی، وەستان تا لە کۆتاییدا پیاوەکە کۆترەکەی دەرهێنا.

لە سەر شۆستەکە جێی نەهێشت و بڕوات، بەڵکو هەڵی گرت و بەرەو ئاسمان بەرەللاّی کرد، پاشان رۆیشت و ئۆتۆمبیلە وەستاوەکانی دیکەش بە دوایەوە چوون.

هەولێر شاری کۆتر و خۆشەویستی، بەجۆرێ باخچەو ماڵ و رێگاکانی پڕن لە کۆتر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ قەبارەی هێزی ئەو ئاشتیەی هەموو دانیشتوانەکەی چاویان تێبڕی بوو.

بەمجۆرە کاتێ خانووی بەکرێ گرت، دوو کۆتری لە ناو هێلانەکەی بینی، وەکو ئەوەی هێلانەی کۆتر سووچێکی بنەڕەتی هەموو خانووەکانی هەولێر بێت.

لە جوانیی هەڵپەڕکێی کوردی ورد دەبۆوە، کاتێ لەسەر ئیقاعی ئەو دەهۆل و زورنایەی کچانی کورد بەو پەڕی چەلەنگی پۆشاکە کوردییە رەسەنەکەیان هەڵدەپەڕین.

گۆرانی بێژە کوردەکان بەدەنگە خۆشەکانیانەوە، بەجوانترین ئەو داهێنانەی لە میراتی کوردییەوە جێماوە، بە ئاوازی جوان گۆرانیان دەچڕی، لە رۆژێك کە دیاردەی بەخشندەیی لەهەموو رۆژێك زیاتر بەرجەستە دەبوو، بەجۆرێ کە بۆنی برژاوەکان سرووشتی هەموو پڕکردبوو، هەموو جۆرێك لە خواردەمەنی و خواردنەوەو میوەو تۆو و بادام بەبێ شەرمکردن لەسەر خوانی کراوە بوون، کورد بەرەهایی ئەو خۆڕسکییەی رەوشتی کوردایەتی خۆی ئەنجام دەدا.

لێرەدا تەماشاکەر دەتوانێ بۆی دەرکەوێ کە کوردێ نییە کە حاڵەتی بە پاڵەوان بوونی راستەقینەی لە ناخدا نەژیت.

هەر کەسێك لێرە لەناو کەسایەتی خۆیدا پاڵەوانێکە و پاڵەوانێکە لە پیشەکەی، پاڵەوانێکە لە پێگە کۆمەلأیەتییەکەی و پاڵەوانێکە لە کوردایەتییەکەی.

لێرەدا دژوارە کەسانێکی دۆڕاو و نەبوو بدۆزیتەوە.

کارەساتەکان ئەوانی لە کرۆکی واقیعییەتی خۆیان چەسپاندووە و بەهێزەوە پێیەکانیشیان لە خۆڵی خاکەکەیان، داچەقاندووە.

دوای جوولەی دەست پێداهێنانێکی نەرم لەسەر پانتایی نێوچاوانی، رشتەی برژانگی چاوە خەوالۆوەکانی لێکبوونەوە.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، زۆر پێنەچوو جەستەی خۆی هەڵساندەوە و دانیشت، بەڵام بروسکەژانێکی توند گێڕایەوە شوێنی پێشووی و لەسەر پشتی و لەناو جێگەکەی درێژ بووەوە.

زۆر پێنەچوو لە دەنگە شکستەکەی ویردێکی لەرزۆك دەرچوو :

**هە**

**هـ**

**هـ**

**و**

**و**

**ل**

**ل**

**ێ**

**ێ**

**ر**

**هه**

**هـ**

**هـ**

**و**

**و**

**ل**

**ل**

**ێ**

**ێ**

**ر**

سێ ڕۆژ بەسەر چوو، لەبەر ئەو ئازارە زۆرەی کت و پڕ بڕبڕەی پشتی گرتەوە، لە ناو جێگەکەی لەسەر پشت کەوتبوو، هەرچەندە ئاڤان هەندێ دەرمانی ئازاربڕی کاریگەری بۆ ئامادە کرد بوو، بەڵام چیتر نەیتوانی بەرگەی ئازارەکەی بگرێت.

ئەوکاتە هیچ چاری نەما زیاتر لەوەی خۆی نیشانی پزیشك بدات، ژنەکەی چوو تەکسییەکی بۆ ئامادە بکات، لەگەڵ شۆفێرەکە لەسەر کورسییەکەی پێشەوەیان دانیشتاند.

ئەویش لەگەڵ منداڵەکان سەرکەوت، هەموویان بەیەکەوە بەرەو

نۆڕینگەی پزیشکێکی پسپۆر رۆیشتن.

کاتێ پزیشکەکە پشکنینێکی سەرەتایی بۆ ئەنجامدا، ئامۆژکاری کرد کە بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بگوێزرێتەوە، چونکە حاڵەتەکەی وادەخوازێ کە نەشتەرگەرییەکی خێرای بۆ ئەنجام بدرێت، هەر دواکەوتنێك جومگەکانی پشتی زیاتر لێك دەترازێنێ و زیاتر لێکدەکشێن و کار لە بڕبڕەی پشتی دەکات و دەبێتە حاڵەتی(دیسك).

پاشان رووی کردە ژنەکەی و گوتی: ـ مادام ـ ئەو نەشتەرگەرییەی من بۆی ئەنجام دەدەم ئازارەکانی کەمتر دەکاتەوە لە لایەك و لەلایەکی دیکەش حاڵەتەکەی زیاتر تەشەنە ناکات، پاشان بەهۆی داو و دەرمان زووتر چاك دەبێتەوەو هۆکارەکانی تووش بوون بە حاڵەتی (دیسك) بن بڕ دەکات.

هیچ چاری نەما جگە لەوەی یەکسەر روو بکاتە ئەو نەخۆشخانەیەی حاڵەتێکی باشی لە ئامادەگی جەستەیی و دەروونی بۆ فەراهەم دەکات و تا بەیانی کە شیکردنەوە پێویستەکانی دیکەی بۆ ئەنجام دەدرێت، کاتژمێر نۆ لەوێ دەبێ و کاتژمێر نۆ و نیو نەشتەرگەرییەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت و ئەویش تەنها نێو کاتژمێر دەخایەنێ.

پاشان بۆ دڵنیاکردنەوەی گوتی : هەرچۆنێ بێت ئەمە ناو نانێم نەشتەرگەری، لەبەر ئەوەی هەر وەکو ددان کێشان و دەرهێنانی

ئاسنێکی چەقیوی ناو پێست وایە، بۆیە بە نەشتەرگەری ناوی دەبەن.

بە مەزەندەی من ئەم کارە زیاتر نییە لە ڕێژەی چارەگێکی نەشتەرگەرییەکی تەواو.

گوتی : بەلاّم من بەرگەی بەنج ناگرم و پێشتر هیچ نەشتەرگەرییەکم بۆ ئەنجام نەدراوە.

بەپێکەنینەوە گوتی: پێم نەگوتی ئەوە نەشتەرگەرییەکی تەواو نییە، ڕەنگە بەنجکردنەکەش تەواو نەبێت، گەر حەز بکەی تەنها شوێنەکەت بۆ بەنج دەکەم و تەنها نیوەی خوارەوەی جەستەت دەگرێتەوە.

پاشان پسوولەی پێشوازی لێکردنی لە نەخۆشخانە پێدا.

هەر لەگەڵ گەیشتنی، نەخۆشخانەکە پێشوازی لێکرد و یەکێك لە کرێکارەکان بردییە ئەو ژوورەی لێی دادەنیشێ و چارەسەری لێوەردەگرێت.

ئێوارە فەرمانگەی نەخۆشخانە ئامۆژگاری کرد کە منداڵەکان بۆ خۆپاریزی لەهەر ڤایرۆسێك و نەبوونی بەرگری وەکو گەوران لای نەخەون، بەلاّم ژنەکەی گەر حەز بکات دەتوانێ لەم ژوورەی ئەو بخەوێت
.

ئەو کاتە ڕێککەوتن کە بۆ ماڵەوەیان بباتەوەو بەیانی بیان هێنێتەوە.

پزیشکەکە ورد بوو لە هاتنەکەی، بەجۆرێ لە کاتی خۆی بردییە ژووری نەشتەرگەری، کاتێ تۆزێ ئەوی بە شلەژاوی بینی گوتی: هەر وەکو دەرهێنانی دڕکێکە لە پێست.

گوتی : بەڵام من بەرامبەر بە بەنج هەستیارم و پێشتر ئەنجامم نەداوە.

گوتی: کێشەیەك نییە ئازیزەکەم، دەتوانم تەنها شوێنەکەی سڕ بکەم گەر ئارەزووت کرد و وەکو پێشتر پێم گوتی تەنها نیوەی خوارەوەی جەستەت دەگرێتەوە.

گوتی: بەڵێ سڕکردنی جێگەییم دەوێ.

پزیشکەکە سەری راوەشاند و گوتی : لەوێ قسان لەگەڵ یەکتر دەکەین و پێش ئەوەی لە قسان ببینەوە نەشتەرگەرییەکەش تەواو دەبێت، ها ئازیزەکەم، هەنووکە تۆ ئامادەی؟، گەر ئامادە نیت، دەتوانین بۆ کاتژمێریك یان دووان یان تا ئێوارێ دوای بخەین.

ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە وەکو پێش ئەوەی بێیتە ئەم ژوورە، هەروا ئامادەی نەشتەرگەریەکە بیت.

گوتی : هیچ نییە، تەنها ئەوە نەبێ، من قەت ئەوەم بەخەیاڵدا نەدەهات رۆژێك بچمە ژووری چاودێری توند.

گوتی: لە جیهاندا هیچ شوێنێك ئەوەندەی ژووری چاودێری توند ئاسوودەیی تێدا نییە، لێرە هەموو شتێك بەپێی ئەو لەرینەوانەی کە

لەسەر ئەم شاشەیە دەردەکەون بە شێوەیەکی ئاسایی دەڕوات.

هەنووکە ئاماژەیەکم لایە کە تۆ لە رووی تەندرووستییەوە بۆ ئەنجامدانی قورسترین نەشتەرگەرییەك کە بۆ مرۆڤ ئەنجام بدرێت ئامادەی.

هەموو شتێك باشە، ئەوەی پێویستم بێت تەها ئەوەیە تۆ خۆت بە حاڵەتی خاوبوونەوە بسپێری.

گوتی: دەتوانم بۆ یارمەتی دانم پشت بە مۆسیقایەك ببەستم، هەرچۆنیێ بێت ئەوە لە مۆبایلەکەی مندا هەیە و هەنوکە لای ژنەکەمە و لەدەرەوە لە چاوەڕوانی دایە.

ئەوکاتە پزیشکەکە داوای لە یەکێ لە یاریدەدەرەکانی کرد کە مۆبایلەکەی بۆ بێنێ، وەریگرت و چەند بڕگەیەکی لە مۆسیقای مۆنامۆری دانا.

مۆسیقاکە خەریك بوو هەر لە یەکەم بڵاوبوونەوەیدا کاری خۆی دەکرد، هەستی بە حاڵەتێکی خاوبوونەوەی جەستەیی و دەروونی کرد، بەڕادەیەك کە ئامادەبوو بەبێ بەنج نەشتەرگەرییەکەی ئەنجام بدات.

پزیشکەکە لەسەر قەرەوێلەکەی دانا، ژنە نەخۆشەوانەکەش، بۆ بەنجکردنی جێگەیی دەرزییەکی لە پشتی دا. لەسەر سگ درێژ بوو و

مۆسیقاکەش وردە وردە لە هەموو نەخۆشخانەی دەبردە دەرەوەو خۆی بە باڵەکانیدا هەڵدەواسی و بە ئاسمانی هەولێردا دەفڕی، چەندی حەز دەکرد لەتەنیشتی بووایە و گەر ئەو ساتانەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە دەستی گرتبا، بەڵام ئەم بیرۆکەیەی لەخۆی دوورخستەوە، چونکە نەیدەویست هەولێر لە حاڵەتێکی وادا ببینێ، ئەو هەولێرەی دەیویست هەردەم وەکو لێی راهاتبوو بە بەهێزیی و بەسەر پێوە ببینێت.

بینگیرانێك قورگی گرتەوە و فرمێسك لە چاوەکانیدا هاتنە خوارەوە، بەڵام پزیشکەکە خەریکی کاری خۆی بوو، لەنێوان خۆی و پزیشکەکە پەردەیەك هەبو بۆ ئەوەی نەبادا کت و پڕ سەیرێکی بکات.

دیار بوو ساتەکانی خاوبوونەوە دەبوونە حاڵەتێك لە مەست بوون کە لەو ساتانەی نقوومی ئەو شتە نائاساییەی بوو کە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە حەزی کرد ئەو کاتەی بۆ درێژ بێتەوە، بۆی دەرکەوت کە چەندە بەم نەخۆشییە خێردارە بەخت یاوەرییەتی، درێژبوونەوەشی پلیتێکی چێژدارە لە هەست ناسکی بەرامبەر هەولێر، نەیدەزانی بەم روونییە و بەم هەموو سیحری هەڕەتییەی کە ئەوەندە هۆگرییەتی.

کاتێ دەنگی پزیشکەکە هاتە گوێی : سوپاس بۆ خودا لەسەر سەلامەتیت ئازیزەکەم.

ئەو کاتە هەستی بە رادەی دڵڕەقی و جەوری ئەو پزیشکە کرد کە

ناچاری دەکات لە میحرابی ناسکترین و بەتامترین ساتە زێڕینەکانی تەمەنی دەرچێت.

هە

هـ

هـ

و

و

ل

ل

ێ

ێ

ر

لەبەر خۆیەوە پیتەکانی زمانی کوردی بەخۆشترین ئاوازەوە دەگوتەوەو تێی راما بوو.

ئەویش بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: پەرۆشییم ئامادەی کردم کە لێت دڵنیا بم.

بەم دەستەواژەیەی هەستی بە خۆشییەك کرد.

ئەوەی (شا)کان لەبەردەمیدا لاواز بوون، ئایا ئەقڵ قەبوولی دەکات لە هەست و نەستیدا لەبەرامبەریدا لاواز بێت.

ئەوەی ئەو هەستەی لا زیادکرد، ئەوە بوو کە وای بەخەیاڵدا هات کە ئەو تا توانیوویەتی لە هاتنەکەی دوو دڵ بووە، بەجۆرێ کە لە رۆژی سێیەم ئەو رۆژەی پزیشکەکە پێی راگەیاندا بوو کە دەتوانێ ئەم بەیانییە بگەڕێتەوەی ماڵ، ئەو هاتە لای.

بۆ شاردنەوەی ئەو فرمێسکانەی لە چاوەکانیدا قەتیس مابوون دەستەکانی بەرزکردنەوە، بێدەنگییەکی جاویدانی باڵی بەسەریاندا کێشا، لێی ورد دەبۆوە و ئەو فرمێسکانەی دەشاردنەوە کە لە ناو گلێنەی چاوەکانیدا چیترخۆیان نەدەگرت و دەهاتنە خوارەوە.

ئەوشتەی ئازاری دا ئەوە بوو بە درێژایی تەمەنی یەکەم جاری بوو وا خۆی لە لێواری شەکەتیدا ببینێ.

جەوری ئەو ستەمکارانەی بیر کەوتەوە کاتێ لەبەردەمیدا لاوازترین بوونەوەری خودان و بۆی دێنە سەرچۆك و بۆ رازی کردنی پێیەکانی رادەمووسن.

جەوری هۆلاکۆی بیرکەوتەوە کاتێ لەو پەڕی ستەمکاری و خوێنڕێژییەکەی دابوو، لەبەردەمیدا شەکەت بوو بوو و بەدوو چۆکی لەرزۆکەوە داوای رازیبوونی لێدەکرد.

ئەوکاتە بۆیەکەمجار زانی کە هیچ جەورو هێزێك ناگاتە

جەوروهێزی خۆشەویستی، ئەوەش بەجۆرێك لە جۆرەکان بۆتە هۆکاری ئازار گەیشتن بە هەموو ئەوانەی پەڕەکانی دڵیان پێوەی گیر ببوو، لە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوادا بۆ وەدەستهێنانی خۆشیی تەنها نیگایەکی سوڵتانی جوانییەکەی ڕوویان تێکرد، تەنها بە ڕابووردنی یەك شەوی جودای تەمەنی لە مێرگی بەڕێزیان خۆشییەك وەدەست بێنن و بە چێژی سەیرکردنی تاڵە پرچی شاژنەکەیان مەست بن، بەلاّم ئەو قەت دڵنیایی پێنەدەخشین و قەتیش بەوەفا نەبوو بۆیان، ئەو وازی لە شا و ئیمپراتۆرەکانی کوردیش هێنا، کاتێ دیاردەی شەکەتیان لەسەر سۆشتە جۆراوجۆرەکان لێدەرکەوت، سەیری ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی میدییەکانی دەکردو لەبەر ئاوێنەی چاوەکانی بەسەریەکدا دەکەوت، بەزیینی کەیخوسرەوی شای میدیا و ڕووخانی شانشینی مادستان و نەمانی ئیمپراتۆرییەتی حیسییەکان کاتێ لەبەر چاوی هێدی هێدی لەناودەچوون.

هەردەم شانسیاری ئەو کەسەبوو کە بە هێزی شمشێر پێی دەگەیشت، هەموو شتێکی گران و بەنرخی لە پێناوی دادەنا، تەختی پاشایەتی خۆی بۆ جێدەهێشت و لە شوێنی خۆی دادەنا و بەنرخترین گەوهەر و مرواری بەربەردا دەکرد.

هەنووکە بۆی دەردەکەوت کە باجی ئەو هەموو کەللە ڕەقییەی خۆی دەداتەوە و کاتێ دەکەوێتە حەشارگەی تۆڕی ترپەکانی دڵ و کۆشە

گرانبەهاکەی خۆی کە پێشتر قەت جێی نەهێشتبوو، وا جێدەهێلێت، دوای ترپەکانی عیشقەکەی دەکەوێت، ئایا ئەمە بەڕاستی عیشقە ئەی هەولێر؟

ئەوە چەند دەتترسێنێ و تۆ لە هەموو کەس زیاتر ئەنجامی ئەو شەیدا بوونە دەزانی، بەلاّم لەگەڵ ئەو هەموو شتەشدا تۆ ئەی هەولێر بۆ یەکەمجار هەست دەکەی کە مێینەی، بۆ یەکەمجار تایبەتمەندییەکانی مێینەیی خۆت دەکار دەبەیت و تۆ سەیری دەکەیت و ئەویش بۆ ئەوەی لەبەرامبەرتدا لەگەڵ فرمێسك رشتنە بەرێژنەکەیدا شەکەت دەرنەکەوێ بە هەردوو دەستەکانی روخساری خۆی دەشارێتەوە.

ئەوە خۆشەویستییە ئەی هەولێر، هەرچەندە خۆی گەورە نیشان دەدا بەلاّم سەیرکردنەکانی شەرمەزاریان دەکرد، هەر چەندە ئەو وشانە هەڵدەبژێرێت کە تۆ وا تێبگەی ئەو چەندە بە ژنەکەی پەیوەستە.

پەنجەکانی درێژکردن و بە میهرەبانییەوە یاری بە ناو قژی دەکرد بە ئاوازێکی خۆشەوە دەیمنگاند: دەمەوێ بەوپەڕی شکۆمەندیەوە بمێنیتەوە.

پاشان گوتی: بەختەوەری راستەقینە خۆی لە نێوان ئەو ساتانە حەشارداوە کە تیایدا هەستدەکەی پاڵەوانیت.

کاتێ سەیری هەردوو چاوە هەڵۆییەکانی دەکرد، سەری هەڵبڕی و گوتی: بەلاّم نەخۆشییەکە دایهێزراندوم...ئاه، چەندە ماندووم، زیاتر

لە ماندوویێك ماندووم.

وەکو ئەوەی لە گفت و گۆیەکی گەرم و هەستیاردا بێت، گوێی لە دەنگەکەی بوو دەیچرپاند: لێرەدا جومگەکانی هێز خۆی حەشار دەدات!

وتەکەی سەری سوڕماند، لە ساتێکدا سەیرکردنەکانی بە سەیرکردنێکی پرسیارئامێزەوە گۆڕی، گوتی: ئەوەش دەرفەتێکی بەنرخە کە گەوهەرەکانی موچرکی ئەو چێژە پیرۆزە لە جومگەکانی ئەو ئازارە هەڵێنجی.

بەزەردەخەنەیك دەمی خۆی کردەوە، هەستی کرد کە دڵەکەی پشکۆیەك روناکی لە چراخانی هاتنی وەرگرت.

چەند وشەیەکی لەسەر لێوان دەربڕی: تۆ هیوام پێ دەبەخشیتەوە،

پاشان زەردەخەنەو قسەکانی یەك لە دوای یەك دەخزانە سەر زمانی: هەنووکە یەکەم ئاماژەم سەبارەت بە نهێنی پارێزگاری کردنت لە تیشکی زیندەگیی گەنجیت پێگەیشت.

پاشان کاتێ بەهەردوو چاوە گەورەکانی سەیری دەکرد، هاواری کرد: تۆ ئەی گەورەم خۆشاوی پشکۆی گوڵەکانم پێدەبەخشی.

گوتی : رۆژێکیان بە ئاشووربانیپاڵم گوت: چی وای لێکردی هەموو دونیا جێبهێڵیت و بێیتە لای من؟

گوتی : چونکە من تەنها لێرە بۆنی ژیان دەکەم.

پێم گوت : بەڵام من هەتا هەتایی بۆتۆ و کوڕەکانت نامێنێم.

کاتێ هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی هەستی دۆڕاندنی لە بەرامبەرمدا دەدا، وەڵامی دایەوە: تا دەتوانم هەوڵی ئەوە دەدەم.

پاشان بە لەخۆ بایبوونێکەوە هەر وەکو عەلیشیشێك ـ بەپێکەنینەوە گوتی ـــ:

نازانم بۆ ئەو کات وەکو عەلیشیشێکی خۆ فشکردووم هاتە خەیاڵ: ئەی تاجە بەنرخەکەم مردن لە پێناوی تۆ ژیانە.

دەستەواژەکەی تاکو ئیمڕۆ ئاسەواری خۆی لام جێهێشتووە و هەرگیز جگە لەتۆ بەهیچ بوونەوەرێکم نەگوتووە.

دیاردەی رووخۆش بوونم لە دەربڕینی دەنگەکەی بەدی کرد کاتێ ئەو حەزی دەکرد بە نازناوی (ئەربائیلۆ) بانگم بکات.

بانیبال لە شای ئاشووری (دانی سێیەم) دەچوو، کاتێ دەیان ویست دەست بە هەڵمەتە سەربازییەکانیان بکەن، تا سەردانی منیان نەکردایە و داوای رازیبوونی منیان نەکردایە نەدەرۆیشتن، ئەوسا بۆ دەستکەوتەکانی جەنگ و فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی دەردەچوون.

بەڵام وەکو پێشتر ئاگادارم کردنەوە، کوڕەکانم لەسەرجەورستەم بێدەنگ نەبوون، کاتێ پشتی میدییەکان قایم بوو و ئیمپراتۆرییەتی کوردیان دامەزراند، لە رێککەوتن لەگەڵ کلدانیەکان دوو دڵ نەبوون و لە ساڵی ٦١٢ پێش زاین شانشینی ئاشووریان تێکشکاند.

بەڵێ، ئەم دەستەواژەیەی وای لێکردم زیاتر ئاگاداری مۆڵگەی خاڵە لاوازەکانی ئەو ستەمکار و سەرکردەو سوڵتان و شا و ئیمپراتۆرانە بم، ئەوانەی لە ئاستمدا شوێنی حەشاردراوی خاڵە لاوازە گەورەکانی دەروونییان نیشاندام، ئەو خاڵانەی لەسەر قەراخی تەنهاییمدا خۆیان بەدەستەوەدا.

گوتی: هێشتا یادگەکەت ئەم هەموو ڕووداوانە لای خۆی دەپارێزێ؟

گوتی: ئەوە یادگەی منە، هەر شارێك هێز و ئامادەگیی لە یادگەکەی وەردەگرێت، ئەو شارەی یادگەی نەبێت، لە سەر سووچەکانی شار ناوەستێ.

هەر ڕووداوێك، بەڵکو هەر قسەیەك کە بیستوومە، هێشتا هەر وەکو دوێنێ رووی دابێ پاراستوومە.

کاتێ کەشتییەکەی نوح لەسەر جوودی لەنگەری گرت، سەردەمم لەگەڵ کوڕانی ئادەمی دووەم بوو.

گوتی: ئادەمی دووەم؟!

گوتی: دوای لافاوەکە نوح بووبە باوکی هەمووان، چونکە لەپشتی ئەو زاوزێیان کرد، ئەو ڕۆژە خەڵکی هاتنە دەڤەری من و ئەشکەوتەکانی منیان کردە حەشارگە و داڵدە بۆ خۆیان.

گەر تۆم گێڕایەوە بۆ شەست هەزار ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ مندا

دەبینی هەر وەکو ئەوەی لە سەری ساڵی کوردی رابوردوو روویدا بێت، خەڵکی لێرە لە ئەشکەوتی شانەدەر نیشتەجێ بوون.

گوتی: لەدایك بوونی ساڵی کوردی کەی بوو؟

گوتی : حەوتهەزار ساڵ پێش لە دایك بوونی مەسیح بوو، بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی دەهاتنە شارەکانی ئەم دەڤەرە بەپیتەی پێی دەڵێن خاکی کوردان.

سەردەمێك شارستانییەتی نێوان هەردوو زێ خاکی کوردستان بوو، بە مانای (کوردەواری)، بەڵام بۆ ئەوەی نەختێ بۆت سووك بکەم و من دەزانم گەر بە زمانە رەسەنەکەت لەگەڵتا بدوێم زۆرم لێ تێناگەیت، چونکە زاراوەی زۆر هاتن و تیرەی کوردەکانی لە یەکتر جیا کردەوە و گوزارشتی لە تایبەتمەندی هەموویان کرد.

گوتی: خاتوونەکەم چەند زمان دەزانی؟

پێکەنی و گوتی: بلێ چەند زمان نازانی... باوەڕناکەم زمانێك هەبێت و (شا)کان فێری منیان نەکردبێت، بەم هەموو زمانانە بە رەوانی قسەم دەکرد، بەڵام لێتناشارمەوە کە خۆشەویسترین زمان لای من زمانی کوردییە و خۆشەویسترین ناویش لای من هەولێرە.

هەست بە جوانیی پیتەکان دەکەم کاتێ خەڵکی پێی بانگم دەکەن، هەر پیتێك لەو پیتانەی ئەم ناوە، لەناو دەمارەکانی خڕۆکەی سووری کوردایەتیم دێن و دەچن.

ئەم دەڤەرە لە هەموو شوێنێکی دیکەی خودا زیاتر خەڵکی دەستخەڕۆ و پەلکێشی لای خۆی دەکات.

لەسەردەمی عەباسییەکان، ئەم خاکە شکۆمەندی میرنشینە کوردییەکانی بۆ گەڕایەوە، چونکە موسڵمان بوون و سەر بەوان بوون، پشتگیرییان لە ئایینی ئیسلام دەکرد، کە میرنشینی عیشانی و ڕەوادی و شەددادی و مەروانی و عەنازی بوون.

پاشان زەردەخەنەیەکی کردو گوتی : میرنشینی هەزبانیش.

هەڵیدایەوەو هەر بەزەردەخەکەیەوە گوتی: لەگەڵ ئەو میرنشینە کوردییەدا بیرەوەری خۆشم هەیە، چونکە تایبەت بوو بەمن و میرەکەیم بیر دێنێتەوە: عیسا کوڕی موسای هەزبانی و ئەبولحەسەن کوڕی موسسکی هەزبانی.

هەردوکیان نزیکەی نیو کاتژمێر لە تەمەنی ئەو دیدەنیە بێدەنگ بوون، پاشان بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: لەوانە لە هەر یەکێکیان شتێکم بۆ نەوەکانی نەتەوەکەم وەرگرت و ئەمەش سوودی زۆری پێبەخشین و ترس و تۆقینی زۆریشی پێگەیاندن.

سوودی پێبەخشین چونکە بوونە پوختەیەك لە میهر و بەزەیی، ئازاریشی پێگەیاندن چونکە ناسکی و دڵپاکیان هەموو سنوورەکانی دونیای تێپەڕاند.

پاشان هەولێر هەڵسایەوەو مۆڵەتی چوونە دەرەوەی لێ خواست و

چەند هەنگاوێك لێی دوور کەوتەوە، بەبێ ئەوەی زات بکات ماڵئاوایی لێ بکات و تا دەرگا بەرێی بکات یان کاتێ لەناو تاریکییە زۆرەکەدا خەریك بوو ون دەبوو شان و دەستی بۆ هەڵبڕێت.

نەخۆشییەکەی بەگرانی گرت

ئای لە مەترسی لاوازیی مرۆڤ لەژێر جەوری ئازاردا.

شەو، ئای لە تەنهایی شەو

خامۆشیی، ئای لە مەترسی کپی و خامۆشیی.

هەنووکە تێگەیشت کە مرۆڤ باشە، مادامەکینێ بۆچوونە هەر لایەك دوو قاچی هەیە، گەر ئەو دوو قاچەی بۆ رۆیشتن و وەستان لەسەر پێیان پێ نەبێ، وەکو ئەوە وایە کە هیچی نەبێت.

کاتێ حەز و بیری هەولێر بەسەریدا زاڵ دەبوو، بەناو گەڕەکەکاندا دەگەڕا، لە سێتاقان دەهاتە دەرەوەو دەچووە ناو تەیراوە و بەرێگاکانی خانەقادا دەسووڕایەوەو بەرەو ئیسکان باڵی دەگرت و بۆ سەیداوە پێچی دەکردەوە.

رۆژی دووەم لەناو گەڕەکەکانی دیکەدا دەگەڕا و کاتێ هەستی بە شەکەتی دەکرد، سواری کۆستەرێك پاسێك دەبوو و دەچووە ناو: ئازادی، بە رێگاکانی کوراندا دەخولایەوە و سەردانی شۆڕشی دەکرد، لە زانیاری ورد دەبۆوە، لەناو گەڕەکەکاندا دەسووڕایەوەو بۆنی هەولێری هەڵدەمژی : رۆناکی، مەنتکاوە، زانایان، برایەتی.

هەموو رۆژێ بە کۆکی لە ماڵ دەردەچوو و سەردانێکی نوێی دەست پێدەکرد کە پێشتر نەیکردبوو، هەولێر جوانتر و درەوشاوەتر دەبوو.

ئای لە جوانیی (گردی قالیچاغا) کە بۆنی مرۆڤی پێش مێژووی لێ دێت، ئەو هاوینەهەواری سەلاحەددینەی لە سەر چیای پیرمام هەوارگەی خستووە و پاڵی داوەتە سەر باڵینگەی چیای سەفین و هەرچەندە کەش و هەوا جیاواز بێت و لە چلەی هاوینیش لێناگەڕێ پلەی گەرمایی لە (٣٦ پلەی سەدی) تێپەڕێت، چونکە (١٠٩٠مەتر) لەسەر رووی دەریا بەرزە و پڕیەتی لە درەختی بەڕو و دارەوەن.

رۆژێکی دیکە خێزانەکەی بۆ دیدەنی (منارەی چۆلی) دەبات

رۆژێکی دیکە بۆ مزگەوتی جەلیل خەیات رۆژێکیش بۆ رووانگەی هەولێر.

هەر رۆژە شوێنێکی تازەی هەولێر دەدۆزێتەوە، کاتێ سەردانی ئەو شوێنانەی دەکرد کە پێشتر بینیی بوونی، هەر وای دەزانی یەکەمجارە دەیان بینێ، ئای لە بازاڕی قەیسەری قەڵەبالغ لە هەمووشتێك کە مرۆڤ پێویستی بێت و بەردەوام دەروازە زۆرەکانی بەڕووی گەشتیاران کراوەن و کەوتۆتە ناوەڕاستی بازاڕ و خوارووی قەڵا، هەر دەروازەیەکیشی جوانییەك لە جوانییەکانی هەولێر لە خۆ دەگرێت و بە رەنگێك لە رەنگەکانی گوڵی هەولێر بۆ ندارن.

چێژی چوونە ناو ئەو دەروازەیەی کەوتۆتە بەرامبەر قەڵا و تەنیشت مزگەوتی حاجی نووری و چێژی چوونە ناو دەروازەی بازاڕی تەنەکەچییەکان و دەروازەی بازاڕی دارتاشەکان و بازاڕی لەنگە و بازاڕی گۆشتفرۆشەکان و بازاڕی بەقاڵەکان و بازاڕی قوماشفرۆشان و بازاڕی ماستفرۆشان.

چوون بە ناو کۆڵانی دەروازەکان و گەڕان لە ناو کەلەبەری کوچەکان، کە خەڵکی لە هەموو لایەك بۆ بازاڕکردن و کڕینی پێداویستییەکانیان رووی تێ دەکەن.

کاتێ دەنگی بانگدان بەرز بووەوە، هەستی کرد کە کاتێ هاتنی ئاڤان نزیك بۆتەوە، هەنووکە ئەو بۆ نوێژکردن هەڵدەستێ، پاشان شتێك لە قورئان دەخوێنێ، پاشان منداڵەکان لە خەو هەڵدەستێنێ و خواردنیان بۆ ئامادە دەکات و پاشان پۆشاکیان دەپۆشێ و دێت.

لە دیواری ژوورەکە ورد بووەوە و وای هەستکرد کە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو دیوارانە بەستووە، چەندین خەڵك هاتوونەتە ئەم ژوورە و بیرەوەرییەکانی خۆیان تێدا جێهێشتووە و دوای ئەویش چەندین خەڵکی دیکەی بۆدێن.

ئەمە چەند دیوارێکی کەڕوڵاڵن، بەڵام شایەتیدەری بیرەوەری خەڵکێکن و نهێنگیری کەسانێکن.

ژنە نەخۆشەوانەکە هاتە ژوورەوە، سرنجێکی سیرۆمی لە دەستی

خۆی دەرهێناو پێی گوت : سوپاس بۆ خودا لەسەر سەلامەتیت مامۆستا، ئەمڕۆ پزیشك ڕێی پێدای بچیتە دەرەوە.

سەری بۆ لەقاند و سوپاسی کردو گوتی: زۆر سوپاس ئازیزەکەم، دەست خۆش.

دوای کەمێك لایەکی دەرگای ژوورەکە کرایەوەو (بیرهات)ی کچی سەری هێنا ژوورەوە و خۆی بەباوەشیدا گرت، پاشان (لاوین)ی کوڕە ناوەنجییەکەی و لە دوای ئەویش (سیروان)ی کوڕە بچووکی.

لەسەر ماچکردنی باوکیان شەڕیان بوو، ئەویش ماچی دەکردنەوە، بەلاّم (سیروان) وەکو نەریتی خۆی دەیویست دوا کەس و نزیکترینیان بێت و ئەویش گرتییە باوەشی و بە گاڵتەکردنەوە دەستی بە ماچکردنی کرد.

لەو ساتانەدا ژنەکەی خەریکی کاروباری دەرچوونی بوو لە نەخۆشخانە و کاتێ هاتە ژوورەوە، گوتی : هەموو شتێك تەواوە، هەنووکە دەتوانین لەو شوێنە بچینە دەرەوە و لە دەرەوە ئۆتۆمبیل چاوەڕوانمان دەکات.

بەڵێ، کاتی دەرچوونمان هات، لە دیوارەکان ورد بووەوە، هەولێر بازیدایە خەیاڵدانی و ئەویش لەم ژوورە لەگەڵی دانیشتبوو، ئەو سرنجانەی وەریدەگرت سرنج دوای سرنج، زەردەخنەی ژنە نەخۆشەوانەکان، ساتەکانی هاتنە ژوورەوەی پزیشك، ئەو ئامێری

پەستانەی لە دەستی ئالاّ بوو، ئەو گەرمیی پێوەی دەیخستە ناو دەمی، شەونخوونی بەتەنیا تا درەنگی شەو، هەڵسانەوەی بەیانیان و داگرتنی دوگمەی زەنگەکە بۆ خواردنەوەی کلاّسێك چایە.

زۆر بە هێواشی هەڵسایەوە، یەکێ لە نەخۆشەوانەکان یارمەتیدا تا گەیشتە ئەو ئۆتۆمبیلەی لە تەنیشت سۆشتەی نەخۆشخانەکە وەستا بوو.

کاتێ ئۆتۆمبیلەکە جولا، سەیرێکی نەخۆشخانەکەی کرد کە قەبارەی ساختمانەکەی لێ دوور دەکەوتەوە.

لە دەرگایماڵەکەیان چووە ژوورەوە، زۆری غەریبی کردبوو، هەستی کرد کە باڵندەیەکەو دوای ون بوونی گەڕاوەتەوە هێلانەکەی.

لە دڵی خۆیدا گوتی: مرۆڤ شوێنێکی نیە لە ماڵەکەی خۆی ئاسوودە تر، بۆیە بەردەوام لە ماڵ دەگەڕێ و تا ئەو ماڵە نەدۆزێتەوە هەست بە سرەوتن ناکات، تا خەونی فراوانکردنی موڵك وسامان و وەدەستهێنانی زیاتر لە خانوێکیش رووێکی دیکەیە لە چەسپاندنی کردەی هەستکردن بە ئاسوودەیی زیاتر، یان بە ئاسوودەیەکی یەدەگ .

کاتێ پەپوولەیەکی لەم ژوورە گەورەیەی هەموویان تێیدا دەخەوتن بینی، داوای لە ژنەکەی کرد رایەخەکەی بۆ ژوورە بچووکەکە بگوێزێتەوە، بۆ ئەوەی رۆژانی بوژانەوەی تێدا بەسەر بەرێت .

ئاڤان ئەم داوایەی پێ سەیر بوو، بەلاّم ئەوە زیاتر هەلی خاوبوونەوەی جەستە و دەروونی بۆ دەڕەخسێنێ و تا دوور بێ لە هەر شتێك رادەی خاوبوونەوەو پشوودانەكەی تێك بدات.

پاشان بەدەنگێكی گڕەوە گوتی: گوناهی منداڵەكان چییە من لە تەلەفزیۆن بێبەشیان بكەم، گوناهیان چییە هەراهەرای ئاسایی خۆیان لێ قەدەغە بكەم.

ئاڤان سەری لەقاند و بە بۆچوونەكەی قایل بوو، هەر چەندە بە بیرۆكەی تەنها مانەوەی و دوور لەوان دڵخۆش نەبوو، چونكە ئەو خۆی ناتوانێ هەڵسێت و لە هەر ساتێكی چاوەڕوانكراو و چاوەڕوان نەكراودا پێویستی بە شتێك و خزمەتێك دەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر زوو بەسووكی وەكو ئەوەی چاپووكیی ئەسپێكی لەباردابێت رایەخەكەی بۆ گواستەوە.

بەلاّم جارێكی دیكە بەمەی رازی كرد و گوتی هەركاتێك پێویستی بەشتێك بوو زەنگی مۆبایلەكەی بۆ لێدەدات.

ئەو كاتە چیتر ئەوەی پێشتر كە لە دەیان هەڵوێستی هاوشێوەدا گوتوویەتی، لە دووبارەكردنەوەی خۆی نەگرت : كاتێ بتەوێ شتێك روو بدات، تۆ قەناعەتم پێدەهێنی هەر وەكو ئەوەی پارێزەرێكی كارامە بیت، هەموو پێداویستی و بەڵگەنامەكان پێشكەش دەكەیت بۆ ئەوەی قەناعەتم پێبهێنی كە روو نەدانی ئەو شتە وەكو كارەساتێك وایە،

هەموو تواناكانم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی ئیشەكە بەجۆرە بێت كە تۆ دەتەوێت، كاتێ ناتەوێ شتێك روو بدات قەناعەتم پێدەهێنی و هەموو پاساوێك بۆ روو نەدانی ئیشەكە پێشكەش دەكەیت.

ئای لە ئێمەی هەژار كۆمەڵی ژنان، باوەڕ بەهەر قسەیەك دەكەین كە گوێمان لێ دەبێت.

پاشان كاتێ تێی دەڕوانی لە دڵی خۆیدا گوتی : بەڵام دڵم پێم دەڵێ تۆ ـــــ بۆ مەبەستێك كە لە دڵی یەعقوب دایە ـ دەتەوێ بەتەنیا بیت.

بینی... كە ئەوە هەلێكە و هەڵكەوتووە تاكو بچێتە دونیای تەمەڵی و خەوتن و پاڵدانەوە، وەكو هەندێ لە پیاوان لە هەندێ قۆناغەكانی ژیانیاندا، لایان خۆش دێت كە گۆشەگیر و دوورە پەرێز بن و كەس نەبینن و كەسیش نەیانبینێ، ئەمەش قۆناغێكی گرنگە بۆ خۆی جوانی كردووە و تا وای لێهات حەزی لێبكات.

ئەوەش قۆناغێكی بە تۆبزیی مانەوەیەتی لە نێوان چوار دیواردا، دەتوانێ هەندێ لەم شتە باشانە بدۆزێتەوە كە تەنها ئەو كەسانە بۆیان دەردەكەون كە سات بەسات لەناو تاقیكردنەوەكەدا ژیاون.

خەوتن، بە ئاگاهاتن، خواردنی ژەمەكان لەگەڵ خێزانەكەی، ئینترنێت، مۆسیقا، چای، نسكافێ، شیر، قاوە، شەربەتەكان، تۆو بادام، كاتۆ، شیرنەمەنی، شۆكۆلاتە، ساردەمەنییەكان.

کاتێ بیری منداڵەکانی دەکرد، بانگیانی دەکرد، لەدەوری کۆ دەبوونەوە، گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد، وەکو هەمووجارێ پێشبڕکێیان بۆ ماچکردنی و داوای پێداویستییەکانیان دەکرد.

داواکانیانی جێبەجێ دەکرد و لە باوەشی خۆی دەگرتن و چێژی لە هەستی باوکایەتی وەردەگرت.

پاشان پارەی لە جزدانەکەی دەردەهێنا و دەیدایە ئاڤان و دەیگوت : منداڵەکان راتان چۆنە ئیمشەو ئاهەنگێکی وەکو ئاهەنگی جەژنی لەدایك بوون ساز بکەین؟

منداڵەکان بە دڵخۆشییەوە رازی بوونی خۆیان دەربڕی، ژنەکە سەری خۆی باداو گوتی: سەری خۆم بە گفتوگۆ لەگەڵ تۆدا نایەشێنم، مادامەکینێ داوات کرد بتەوێ و نەتەوێ هەر ئەنجامی دەدەیت.

ئەو چەندساڵەی رابوورد فێریان کردم لەسەر نەریتەکەت را بێم و وەری بگرم.

کاتێ ژنەکەی بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ئاهەنگەکە دەچووە دەرەوە، ئەو گوتی : ئازیزەکەم پاڵپشتیمان بکە و دەستت زۆر مەگرەوە.

ئاوڕێکی لێدایەوەو سەری بۆ لەقاند، ئەویش گوتی: مرۆڤ گەر کامەران بێت، مافی خۆیەتی بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێك بگێڕێ.

رۆژی دوایی بەیانییەکەی زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا، کاتێ

مۆبایلەکەی هەڵگرت و سەیری شاشەکەی کرد، ناوی (کاروان)ی بینی.

بەهەموو راستی و زاتکردن و کرانەوەیەك ئەم هاوڕێەی بیر کەوتەوەو هەستی بە خۆشییەك کرد، وا رێککەوت دوای مانگێك لە دانیشتنی لە هەولێر ئەوی ناسی، ئەو کاتەی چووە شوێنە تایبەت بە کۆپیَ کردنەکەی و داوای کۆپیَ کردنی کتێبێکی ئەلەکترۆنی لێکرد تا لە ناو فلاشەکەیەوە بۆی بگوێزێتەوە سەر کاغەز .

پیاوەکە بەخێری هێنا و گلاسێك چای پێشکەشکرد، تا کۆپێکردنەوە سەد و سیی لاپەڕییەکەی تەواو کرد، هەر خەریکی قسەو باس بوون.

پاشان لەپڕ بینی کە نایەویَ پارەی کۆپییەکە وەربگرێت، دوای چەند تەقەلاّیەکی زۆر و چەند هەنگاوێکیش بەرەو دەرگاکە رۆیشت گوتی: گەر نیوەی نرخەکەی وەرنەگریت ئەوە کتێبەکە نابەم و لە شوێنێکی دیکەی کۆپیَ دەکەم.

پارەکەی بۆ گێڕایەوەو بە جەختکردنەوە گوتی: پارەکەی وەرناگرم، نە نیوەکەی و نە چارەگێکیش و گویً بگرەو کەللەرەق مەبە، یەکەمجار تۆ میوانی و دووەمجاریش تۆ کتێبێك دەربارەی مێژووی کورد دەخوێنیتەوە.

گوتی: بەلاّم من کوردم.

بە تەقەلاّوە گوتی: کوردێك بخوێنێتەوە باشترە لە کوردێك کە

ناخوێنێتەوە.

ئەوکاتە بە تەنگییەکی زۆورەوە ناچار بوو کتێبەکەی وەرگرت و لەلایەکی دیکەوە دەسەواژەکەی هەر لەبیر مابوو.

سێرۆژان خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکە بوو و هەستی دەکرد کە ئەو پیاوە کتێبەکەی داناوە و وێنەکەی لە لاپەڕەیەکەوە بۆلاپەڕەیەکی دیکە بازی دەدا و دەستەواژەکەی : کوردێك بخوێنێتەوە باشترە لە کوردێك کە ناخوێنێتەوە.

بە توندی دەیگوتەوەو لە یادی دەرنەدەچوو.

لە ئێوارەی رۆژی چوارەم کتێبەکەی تەواو کرد، پێی باش بوو سەردانێکی ئەو کەسە بکات و سلاوێکی لێبکات و کەمێك لای دابنیشێ و چووە شوێنی فرۆشتنی شیرنەمەنییەك و دوو باکێتی لە باشترین و نایابترین ئەو شیرنەمەنیانەی هەولێر بەرهەمییان دەهێنێ کڕی و پێشکەشی پیاوەکەی کرد.

بەخێری هێناو نیشانەی شەرمەزاریی لە سەر روخساری دیار بوو، پاشان لەگەڵ نەختێ بێزارییەوە گوتی: ئازیزەکەم بۆ ئەوەت کرد ؟!

گوتی: کوردێك دیاری ببەخشێت باشترە لە کوردێك دیاری نەبەخشێت.

ئەوسا پێکەنی دیار بوو قسەکەی کاری خۆی تێ کرد و لەبارێکەوە بۆ بارێکی دیکەی گۆڕی و پاشان بۆ زیاتر رێزلێنانی داینشاند و

بەزردەخەنەیەکەوە گوتی: پێم نەگوتی : کوردێك بخوێنێتەوە باشترە لە کوردێك کە ناخوێنێتەوە.

دیارییەکەی لە دەستییەوە وەرگرت و گوتی: لە رەوشتی کورد دانییە دیاری رەت بکاتەوە، بەڵام ئازیزەکەم بارودۆخی تۆ رێ بەمە نادات.

گوتی: گوێ مەدێ، خوشکت دایکی لاوین بۆ رۆژی رەش هەندێ پارەی سپی شاردبۆوە.

کاروان پێکەنی و گوتی: ژنان پێشبینیی تایبەتی خۆیان هەیە.

گوتی: کاتێ هاتینە سەر بەجێهێشتنی ماڵەکەمان، لەپڕ مستەپارەیەکی پێدام!

سەیری مستەپارەکەم کرد و گوتم: دایکی لاوین... ئەمەت لە کوێ بوو؟

گوتی: ئایا بۆ ئەم شتە کەسێکم لە تۆ زیاتر هەیە؟!

وەڵامەکەی پێ نامۆ بوو، ئەویش بەپەلە گوتی: هەر جارێك بڕێك پارەت بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ماڵ پێدەدام، بۆ رۆژێکی رەشی وەکو ئیمڕۆ کە حیسابمان بۆی نەکردبوو بڕێکم لێ دەشاردەوە، گەر ئەمڕۆژەش نەهاتایە خۆ زیانمان نەدەکرد.

پاشان بە گریانەوە گوتی : وابزانم رۆژێکی لە ئەمڕۆ رەشترمان نایەتە رێ، ماڵ و حاڵ و سەرچاوەی گوزەران خۆشیی مندالەکانمان

هەمووی بەجێ هێشت، ئەوشتانەی لەبەر مەترسیی ئەم شەڕەی کە بەردێکی لەسەر بەردێك نەهێشت وەکو پشیلە بە ددانەکانمان هەڵمانگرتبوون.

کاروان گوتی : سەیدا، هەردەم شۆڕشەکان باجی قورسیان هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئێمە کە دەسەڵاتدار دەوڵەت لە کەسایەتی خۆی کورت دەکاتەوە و هێنانە خوارەوەی لە کورسی دەسەڵات وەکو رووخانی سەرەجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەت وایە لای ئەو، هەر لەکاتی چوونە سەر کورسی دەسەڵات ئەو بۆ ئەم چەمکە نەخشە دەکێشێ و کاری بۆ دەکات، بەجۆرێ کاتێ شتێکی کتوپڕ روودەدات و بەزەبری هێز لە کورسییەکەی دەیهێننە خوارەوە، هەموو ئەوشتانەی دایمەزراندبوون، وەك ستوون و راگری دارمانی بونیادی کۆمەڵگا و دەوڵەت هەمووی دەڕوخێن، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ئەو ئاسوودەیی بەرقەرار بوو و وڵات ئاوەدان بوو و خەڵکی لە ماڵی خۆیان بوون و وەکو میران لەسەر کاری خۆیان بوون، ئەو کاتە خەڵکی پەشیمان دەبنەوەو وەکو پاڵەوانێکی نیشتیمانی بەرجەستەی دەکەن.

خەڵکی رۆژئاوا توانیان نەختێ لە گرێی کورتکردنەوەی وڵات لە کەسایەتی دەسەڵاتدار رزگار بن، لەوێ دەسەڵاتدار رازی بوو بە کورتکردنەوە بۆ تەنها یەکجار لە کەسایەتی خۆی، وڵات بەو پەڕی فراوانی و ئاوەدانییەوە بە دەسەڵاتداری نوێ بسپێرێ.

نەختێ بێدەنگ بوو پاشان گوتی: بەبڕوای من گەر وڵاتانی عەرەبی هەمووی شانشین بونایە بۆ خۆی و بۆ گەلەکەی باشتر بوو، چونکە کۆمارەکان بوونە رووێکی نیگەتیڤی شانشینەکان.

سەرۆکی کۆمار هەروا واز لە کورسییەکەی ناهێنێ و ئەو دەبینێ، (شا)یەکەی هاوڕێی کە چەند میلیك لەو دوورە و لەسەر کورسییەکەی دەمێنێتەوەو پاشان بە میرات بۆ کوڕەکەی جێیدەهێڵێ، بەمجۆرە ئەو دەسەڵاتدارەش چاو لەو دەکات، بەڵام کێشەی کۆمارەکان لەوەدایە کە دەبنە هۆی هەڵگیرسانی هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی گرتن و تیرۆرکردن و هۆی هەموو ئەو ئازارانەی بە وڵات و خەڵکەکەی دەگات.

لە رۆژئاوا شتەکە جۆرێکی ترە، کەس لە ماوەی خۆی زیاتر نامێنێتەوە و بۆیە بەردەوام کورسییەکان نوێ دەبنەوە.

بەبێ ئەوەی وەکو رۆژئاوا بەباشی خۆمانی بۆ ئامادەبکەین سیستەمی کۆماریمان قەبوول کرد، بڕیارەکانیش زۆر خێرا بوون و ئیمڕۆ بەشێوەیەکی قورس نرخەکەی دەدەین.

گەر سەیری ئەو دەسەڵاتدارانە بکەین کە کەلتووری رۆژئاوا ئاسەواری خۆی لەسەریان جێهێشتووە، دەبینین ئەوان زۆر نەرمونیان ترن، بۆیە دەبینی کە یەکەم شۆڕش لەو وڵاتە هەڵگیرسا کە زیاتر لە وڵاتەکانی دیکە بەسەر رۆژئاوادا کراوە بوو، دەسەڵاتدارەکە رازی بوو چاو لە رۆژئاوا بکات و بە هێواشی خۆی بکێشێتەوە و ئەوەش خەڵکی

ولاَتەکانی دیکەی خێراتر بۆ شۆڕشکردن هاندا و وایان زانی دەسەلاَتدارەکانیان چاو لەو دەسەلاَتدارەی پێشتر دەکەن.

دوای بەسەر بردنی کاتژمێر و نیوێك لە دانیشتنەکەی لەگەڵ هاورێکەی و گویٚ گرتن لە بۆچوونەکانی، سوپاسی ئەو پێشوازییەو ئەو قسانەی کردو خواحافیزی لێکرد، بەلاّم پیاوەکە لەپڕ پێی گوت: گەر ماوەم بدەیت مۆڵەتم بدە ڕێزلێنانم بۆ تۆ تەواو بکەم، تۆ ئەمشەو بۆ نانی شێوان لای من داوەتی.

کاتیٚ بینی مکووڕە لەسەر ئەمە، پێی باش نەبوو رەتی بکاتەوە و حاڵەتی بەتەنگەوەهاتنەی لیٚ تیٚك بدات ، بۆیە رازی بوو.

لە کاتی داخستنی شوێنەکەی نیشانەی خۆشی لەسەر پیاوەکە دەرکەوتن، ئەوکاتە مۆبایلەکەی دەرهێناو تەلەفۆنێکی بۆ ئاڤان کرد و باسی داوەتەکەی بۆ کرد.

لەسەر رایەکەی رازی بوو و گوتی : دەرفەتێکی نایابە بۆ هەوا گۆڕین، چونکە لێرە هیچ هاورێیەکت نییە و پێویستیت بە گۆڕانێکی لەم جۆرەیە و هیوای شەودانیشتنێکی خۆشتان بۆ دەخوازم.

پیاوەکە قەپەنگی دوکانەکەی هێنا خوارەوە و داوای سواربوونی ئۆتۆمبیلەکەی لێکرد و مۆڵەتی لێوەرگرت کە دوای بردنەوەی هەندیٚ پێداویستیی بۆ ماڵەوەیان، ئەوسا بەرەو شوێنێکی جوان دەڕۆن و شەوێکی خۆش بەسەر دەبەن .

نەختێ بە ئۆتۆمبیلەکە رۆیشتن، پاشان لەبرامبەر دوکانێك وەستان و جامێك ماستی مەڕی هەولێریی و چینێك هێلکەو قووتوویەك هەنگوین و ئەوی دیکە تەحینی کڕی، پاشان چوونە نانەواخانەیەك و چەند نانێکی تەندووری گەرمی کڕی.

لە ناو ئۆتۆمبیلەکە دانیشت و گوتی : ئەوە لە داواکارییەکانی ماڵ رزگار بووین.

یەکسەر مۆبایلەکەی دەرهێنا و پەیوەندی بە خێزانەکەی کرد، داوای لێکرد کە کوڕەکەیان بۆ وەرگرتنی شتەکان بنێرێتە بەردەرگا.

کاتێ مۆبایلەکەی داخست، سەری باداو پێکەنی: کێشەی یەکەمی ژن لە جیهاندا ئەوەیە کە پیاو بەردەوام خراپ لە ژن تێدەگات و ئەویش بەردەوام باش لە پیاو تێدەگات.

ئەم کێشەیە کارەساتی زۆری بەسەر ژنان داهێناوە، نە ئەو واز لەو تێگەیشتنەی بەرامبەر بە پیاو دەهێنێ نەپیاویش واز لەو خراپ تێگەیشتنەی خۆی بەرامبەر ژن دەهێنێ.

کاتێ ژن خراپ لە پیاو بگات، خۆی لەگەڵیدا یەکسان دەکات و لە بیروبۆچووندا لەیەکتر نزیك دەبنەوە و کاتێ پیاویش باش لەو بگات، ئەوە خۆی لەگەڵ ئەودا یەکسان دەکات و لە بیروبۆچووندا لەیەکتر نزیك دەبنەوە.

گوتی: دیارە مەسەلەکە وا دەبینی کە هەمووی لەسەر باش

تێگەیشتن و خراپ تێگەیشتنە؟

وەڵامی دایەوە: باشترین ڕۆژانێك کە بەسەر هاوسەراندا تێدەپەڕێت ئەو ڕۆژانەیە کە هەر یەکێکیان زەبری بۆچوونی خۆی بەرامبەر بۆچوونی ئەوی دیکە کەمتر دەکاتەوە، خراپترین ڕۆژانێکیش کە بەسەریاندا تێدەپڕێت ئەو ڕۆژانەیە کە یەکێك زەبری بۆچوونی خۆی بەرامبەر بۆچوونی ئەوی دیکە زیاتر و زاڵتر دەکات.

ژن وزە و توانای زۆری تێدا هەیە و دەتوانی زۆر ببەخشێتە پیاو، بەڵام ئەوەی ڕوو دەدات ئەوەیە کە پیاو هەندێ جار خراپی تێدەگەیەنێ و لێناگەڕی ئازادانە پێی ببەخشێت، بۆیە هاوڕێکەم، پیاو نەیتوانی چێژ لەهەموو شتە باشەکانی ژن و هەموو ئەو شتانەی ژن دەتوانێ پێی ببەخشێت وەرگرێ، پیاو بەزۆری دەبێتە ئامرازی ڕاچڵەکاندن و بێزارکردنی ژن، بەتایبەتی گەر ئەو پیاوە مێردی بێت، بەڵام هەموو ئەو ئامرازە بێزارکەرانەی پیاو تەنها بۆ ئەوەی ژیان لەگەڵیدا بەردەوام بێت بە سووکی وەر دەگرێت.

ئەو چاو لە بینینی زۆر شت دەقوچێنێ و گوێ لە ئاست زۆر قسەدا کەڕ دەکات، ئەمە لەوکاتەی هاوسەرەکەی ڕازی نییە چاو لە بینینی یەك شتیش بقوچێنێ و گوێی لە بیستنی یەك قسەشدا کەڕ بکات.

ئۆتۆمبیلەکە لە بەردەرگایەك وەستا کە منداڵێکی لێ وەستا بوو، ئەو کاتە گوتی : هاوڕێکەم ئەوە سەربەستی کوڕمە.

سەربەست هاتە پێشەوەو لە ناو ئۆتۆمبیلەکە سلاّوێکی لێکرد و روومەتی باوکی ماچ کرد، پاشان شتەکانی لە ئۆتۆمبیلەکە هێنا خوارەوەو بەرەو ماڵ رۆیشت.

ئۆتۆمبیلەکەی بە گڕخست و هەر لەو رێگەیەوە رۆیشت و گوتی: هێشتا کات زووە، پێت چۆنە نەختێ بە شەقامەکانی هەولێردا بسوورێینەوە؟

سەری بۆ لەقاند کە ئەویش پێی باشە و گوتی: بیرۆکەیەکی باشە، ئەوەی لە هەولێر سەرنجی راکێشام دیاردەی زۆری لێخوورِینی ئۆتۆمبیلە لەلایەن ژنانەوە، رەنگە لە هیچ شارێکی دیکە ئەوەم بەدی نەکردبێ.

گوتی: ئەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی ئازادی کە ژنانی کوردستان لێی سوود مەندن و ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەو دەتوانێ هەموو شتێك بۆ بارسووککردنی پیاو ئەنجام بدات.

ژن بەهۆی هەستیارییەکەی و هەستی دایکێتی و بەتەنگەوەهاتنی ماڵەکەی دوو هێندەی پیاو دووچاری دڵەڕقیی بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ژن بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی زیاتر لە پیاو ماندوو دەبێت، زیاتر سوورە لەسەر پێکهێنان و پەرەپێدانی ماڵەکەی، بۆیە ئەو پارێزگاری لەسەر ئەو شتانە دەکات کە وەدەستیان دەهێنێ، گەر سەیری لێخورینی ئۆتۆمبیلیان دەکەیت، دەبینی کە لەسەر خۆ

لێدەخورن و كەس بەو لێخوڕینەیان بێزار ناكەن و تا دەتوانن بە ڕێساكانی هاتوچۆ پەیوەست دەبن.

ژن لە كوردستان بۆ یارمەتی دانی مێردەكەی و پێكهێنانی ماڵ و پەروەردەكردنی منداڵەكانی، چۆتە ناو زۆربەی بوارەكانی كاركردن و پیاویش لەو مەسەلەیەدا زۆر توند نییە و بەڵكو لە ئەنجامدانی هەركارێك بۆی بكرێ ئازادی كردووە.

جگەرەیەكی دەرهێنا و دوای داگیرساندنی گوتی: دەزانی ئێوە زیندەگیی و جوولەیەكی نوێتان خستۆتە هەموو لایەكی هەرێم؟

مژێكی لە جگەرەكەیداو گوتی: ئەو نانەواخانەی ڕۆژانە بایی سەدهەزار دیناری دەفرۆشت ئیمڕۆ بایی سەدوپەنجا هەزار دینار دەفرۆشێت، ئەمەش لەسەر چێشتخانەو گۆشتفرش و مریشكفرۆش و سەوزەفرۆش و میوەفرۆش و تەكسییەكان پێوانە بكە.

لەسەرجەم خەڵكەكەی، دەربارەی دەستكەوتی مانگانەی لەهەر كەسێكی ئەم هەرێمە بپرسیت، پێت دەڵێ كە بەشێوەیەكی بەرچاو زیادی كردووە.

ئازیزەكەم ئێوە رازی نەبوون بەبێ بەرهەم بژین، چونكە خووی مرۆڤی كورد خووێكی زۆر هەستیارە، تا گەر میوانیش بێت، دوای سێ ڕۆژان وا هەست دەكات كە مشەخۆرێكە لەسەر خانەخوێكەی.

بۆیە، ئێوە بەرەو گۆڕەپانەکانی بەرهەمهێنان دەرچوون و هەرێم وای لێهات کە دووهێندەی جاران لە هەموو بنەماکانی ژیان بەرهەم بهێنێ، جگە لەمەش ئێوە پارەتان لەگەڵ خۆتان هێنا بوو و هەروەها لەلایەن ئەو خزمانەتان کە لە دەرەوەی وڵات دەژین پارەتان بۆ دێت و هەندێکیشتان کرێی ئەو خانووبەرەو وەبەرهێنانەتان پێدەگات کە جێتان هێشتووە.

دەزانم کوردانی رۆژئاوا دەوڵەمەندن، مەبەستم دەوڵەندی پارە نییە، بەڵکو دەوڵەمەندن بە پیشە، وەك پیشەی پزیشکی و یاسا و سیاسەت و هونەر و ئەدەب و ئەندازیاری و تەلارسازی و تەکنۆلۆژیا.

هەرێمیش پێویستی بە کارامەیی ئەوان هەیە و ئەمەش تاکە هەلە بۆی، تا سوود لە کارامەییان وەربگرێت، چونکە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ بەزۆری دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

پاشان جگەرەیەکی داگیرساندو گوتی : تا ئەوانەش کە لە خێوەتگەی دۆمیز نیشتەجێن، خێوەتگەکەیان کردۆتەماڵێکی خۆڕایی بۆ خێزانەکانیان، پاشان هەر لە بەیانییەوە لەوێوە بۆ شوێنی کارکردن و وەبەرهێنان دەردەچن و ئێوەرە دەگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان.

ئەوان خانووبەرە دروست دەکەن و دەچێنن و دروێنە دەکەن و سامانی ئاژەڵی و ماسی بەخێودەکەن و لە زانکۆکان دەخوێنن و نەخۆشخانەکان و نۆڕینگەکان و پرۆژە ئەندازەییەکان و فەرمانگەی

دادوەری و راگەیاندن بەڕێوەدەبەن.

ئەمە هەمووی گەر ئەو دەستکەوتە مرۆیی و سیاسیە پێشکەوتووانەی لە هەرێمدا وەدەستهاتوون لە دەستێك دانا.

سبەی کاتێ دەڕۆن، هەستێك دەمانگرێتەوە وا دەزانین لە بیابانێکی چۆڵدا ماوینەتەوە، جوولەتان، بۆنتان ون دەکەین.

هەست بە مەترسی ئەو بۆشاییە دەکەین کە ونبوونی ئێوە جێیدەهێڵێ، هەموو شتێك دەگەڕێتەوە پەنگانەوە ئەزەلییەکەی، هەر خەڵکانێکی دیکە روومان تێبکەن بەڵام هەر لاواز دەردەکەوین، ئەو کاتە رووەکەی تری ئەو لەدەستدانەی لەدەستمان داوە دەدۆزینەوە، زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوەی کورد نابێتە نەتەوەیەکی حیساب بۆکراو لەناو نەتەوەکان، تاکو پشتی یەکتری نەگرن.

هەولێر هێمن بوو و کاتژمێر نۆی ئێوارە رەتی کردبوو، شەو باڵی بەسەر پێچی شەقامە پڕ لە گڵۆپەکان داگرتبوو.

کاروان گوتی : خەڵکی لێرە زوو دوکانەکانیان دەکەنەوە و هەرزووش دایدەخەن، لێناگەڕێن کاتەکانی کارکردن هەموو کاتەکانیان بگرێت، هەردەم پانتاییەك بۆ کردەی ژیانی کۆمەڵایەتیان جێدەهێڵن.

ئەو گوێی بۆ گرتبوو، بیرۆکەی دابەشکردنی خەڵکی بۆ خەڵکە کۆمەڵایەتییەکان و خەڵکە کارکەرەکان و خەڵکانێکیش بۆ هەردووکیان کاتی خۆیان رێکدەخەن.

بیری کەوتەوە کە هەندێ کەس دەناسێ زۆربەی کاتیان بەکارکردن بەسەر دەبەن و ناگەڕێنەوە ماڵەکانیان تەنها ئەو کاتە نەبێ کە کارەکەیان تەواو شەکەتیان دەکات و هەر لەدەرگای ماڵەوەش بۆ شوێنی خەوتن و پاشان لەسەر جێگەوەش بۆ دەرگای ماڵ.

هەستی کرد کە خەڵکی لێرە لەگەڵ تێکڕای ژیان لە حاڵەتی سرەوتن دان، راوەدونان شەکەتی کردوون، ئەوان نازانن چ کاتێك لێیان دەقەومێ و هاوکێشەکان سەرەو ژێر دەبنەوە، گەر سرەوتنی ئەو ئیمانە نەبوایە کە لە دەروازەکەیدا هەست بە ئارامی دەکەن ئەو کاتە ناچار دەبن ببن بەو کەسانەی بۆ هیچ شتێك ناگەڕێنەوە و سەربەهیچ شتێك نین.

پێشتر ژیانێك دەژیان وەکو ژیانی قەرەجی گەڕیدەی ناو خێوەتەکان و لێژایی رووبارەکان و گەڕیدەو وێلی سەر سۆشتەکانی دونیا و ژیانیان لە حاڵەتێکی نەبووی رەها بەسەر دەبرد.

ئەوکاتە ئەوقسانەی هەولێر پێی گوت و وەکو شریتێکی سینەمایی خۆیان دەخستەوە یادگەی: ژیان بریتییە لە زنجیرەیەك رووداو کە چوار مەشقی دەنیشنە لەسەر تەختی شایەتی و پاڵەوانەکەی بەهێزەکانن.

وەکو ئەوەی حیکمەتێکی وەرگرتبێ، لە سەرخەوێك بێداری کردەوە، سەری خۆی بادا.

گوتی: بەهێزەکان یادگەی مێژوون، ئەلقە یەك لە دوای یەکەکانی پێکدەهێنن.

سەیری زەویەکەی دەکرد و لە حاڵەتی کپبوون دابوو، گوێی لە دەنگی بوو: کاتێ بەهێز دەبی، بەهێزەکان لای تۆ بێهێز دەبن.

دوای نەختێ بێدەنگی بەردەوام بوو و گوتی: کاتێ کە لاواز دەبی، لاوازەکان لەسەر تۆ بەهێز دەبن.

نیشتەنیەکانم لە هەموو کەس باشتر دەمناسن، من رقم لە لاوازەکان دەبێتەوە و گەر جگەرگۆشەشم بن لە خاکەکەمدا تفبارانیان دەکەم، پاشان بە کەسانێکی لەوان بەهێزتر کە شایانی ژیان بن لە میحرابەکەم دەیانگۆڕمەوە.

نەتەوەی بێهێز و شەکەت ئەو نەتەوەیە کە هیچ دوارۆژێکی نییە و وەك مشەخۆرێك لەسەر پاشماوەی واقیعدا دەژی.

پاشان ئەو نەتەوانەی بۆ دەژمێرێ کە کاتێ بێهێز و شەکەت بوون لەناوچوون و ئەو زمانانەی لە سەر زمانی کەسانێکی بێهێز توانەوە.

ئەو هەموو کێشەتی و کێشمەکێشە وەکو فیلمێکی سینەمایی بازیاندایە یادگەکەی و ئۆتۆمبیلەکەش لە شەوی خۆشی هەولێردا لەسەر خۆ دەڕۆیشت.

ئەوکاتە زانی مرۆڤ چەندە وزەی شاراوە لە خۆ دەگرێت، دەتوانێ ئەوپەڕی نەمری بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئەوپەڕی رزگار بوون لە

كۆت. دەتوانێ ئازادییەكەی بەرەهایی دەكاربەرێ و چێژ لە هەر ساتێك لە ساتەكانی ژیان وەربگرێ.

كاك كاروان، ژیان چەندە جوان و هێمنە لەو شوێنەی جیهان.

بە خۆشی و دڵكرانەوە وەكو ئەوەی دوو باڵندە بن لە ئاسمانی هەولێر ئەمەی گوت.

هاورێكەی دەستی لەشانی دا: بەڵێ جوانە و ئەوەی دەڵێ جوان نییە، خۆی جوان نییە هاورێكەم.

لەورۆژەی پێی ناوەتە خاكی كوردستان، هەموو ئەو روخسارانەی پێیان گەیشتووە خەریكە دەردەكەوێ و هەڵوێستەكانی بیردێنێتەوە، هەموویان سوورن لەسەر ئەوەی پێی بڵێن كە ئەوە تاكە هەلە تاكو پشتیوانی براكانیان بكەن، چونكە پێشتر كەس رووی تێنەكردوون و پێشتریش كەس هانای بۆ نەهێناون.

بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵە بەردەوام ئەوان پەنابەر بوونە و هەنووكە خەڵكی پەنایان بۆ دێنێ،

پێشتر رایان دەكرد و هەنووكە خەڵكە رادەكەنە لایان،

هانایان بۆ شوێنی تر دەبرد و هەنووكە هانایان بۆ دەهێنرێت،

ئەوە تاكە هەلە بۆ ئەوەی هەموو شتێك ببەخشن

ئەوەندە ببەخشن زیاتر لەوەی بەخشیویانە

ئەوەندە لەخۆ بگرن زیاتر لەوەی لەخۆیان گرتووە

هەتاکو ببەخشن واهەست دەکەن هیچیان نەبەخشیووە.

هەنووکە دەیبەخشن و دەوڵەمەندن دەیبەخشن و بەهێزن

ئەو کوردانە بەخشیوویانە کە پێشتر هیچیان نەبووە

ئەو کوردانە بەخشیوویانە کە پێشتر ماندو و شەکەت بووینە

ئەو کوردانە بەخشیوویانە کە پێشتر دەسەڵاتداری وڵاتی خۆیان نەبووینە.

پاشان زۆر پێنەچوو وێنەی(خۆشناو)ی خاوەن نووسینگە بازیدایە مێشکی، کاتێ مانگێك تێپەڕی و چوو تا کرێی مانگی دووەمی خانوەکەی پێ بدات، خۆشناو نیوەی کرێیەکەی بۆ گەڕاندەوە و گوتی: ئەوەندە بەسە.

جارێکی دیکە فرمێسکەکانی لە گۆشەی چاوەکانی بینی، بۆ ئەمە پرسیاری لێکرد.

کاتێ پیاوەکە بۆی باسکرد کەهەر جارێك سەیری دەکات وا هەست دەکات کە ئەوە ئاوێنەیەکە خۆی تێدا دەبینێتەوە، پێش چارەگە سەدەیەك کاتێ لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ماڵی کوردێك بوون لە ئێران.

کەش و هەوا زۆر ساردو ناخۆش بوو، کاتێ لە ئەنجامی بووردومان کردنیان بە گازی ژەهراوی بۆ ریشەکێش کردنیان لەسەر زەمین و لە پێناو داگیرکردنی خاکەکەیان مەترسی رووی تێکردن.

دەستە دەستە بەسەدانهەزار وەکو رۆژی حەشر، بۆنی گازی خنکێنەر و سات نا ساتێك منداڵێکی شیرەخۆرە لە باوەشی دایکە ماندووەکەیان بەردەبوونەوە، ژنێکی پیر دەکەوت، پیاوێکی پیری بەساڵاچوو بەلادا دەکەوت، کۆمەڵانی خەڵك بەرەو سنوورەکان زیاتر و چڕتر دەبوون، لەوێ کوردانی بێهەوڵ و بێهێز ماڵەکانیان بۆ هاونەتەوەییانی خۆیان والاکردەوە.

ئەو کاتە قسەکان لە قوڕگیدا بوون بە بەرد و فرمێسکەکانی وەکو باران لە هەردوو گلێنەی دەهاتنە خوارەوە و ئەو پیاوە باشەی بیرکەوتەوە کە بە خشندەیی لەگەڵ ماڵ و حاڵ و خۆراکی خۆی هاوبەشی کردن، لەگەڵ ئەوەش کە هەژار بوو و وەکو شۆفێری تەکسی کاری دەکرد.

پاشان لیکی ناودەمی قوت دایەوەو هەوڵیدا خۆی ئارام بکاتەوە و گوتی : خۆزگە نەهامەتیەکان هەر لێرە کۆتاییان دەهات، بەڵکو ئەوەی گەڕایەوە ماڵەوە، خۆی لە ناو واقیعێکی تارماییئامێزدا بینییەوە، واقیعێك لە بیرەوەریی زیاتر لە سەختی و قامچییەکانی شەو و رۆژ دەکەوتنە سەری و لە ترسانا بەیانیان زوو لە شوێنخەوتنەکەی نیووە خەوتوو و نیوەی بیدار دەردەپەڕی.

وەکو ئەوەی لە خەوێکی قووڵدابێ دەنگی هاوڕێکەی بەئاگای هێنایەوە: ئەوە گەیشتین ئازیزەکەم، هەموو بیربلاویەك لە خۆت دامالە

چونکە دەچینە جیهانێك کە شوێنی بیربلاَوی تێدا نابێتەوە.

لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزین و لەسەرخۆ بەرەو دەرگای خواردنگەکە رۆیشتن، دیار بوو مێزەکانی پڕ بوون لە خەڵك و هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکیان لەسەر بوو.

لەو ساتانەدا شاری دوبەی خۆی خستە خەیاڵگەی و نازانێ لەبەرچی بەراووردی لە نێوان هەولێر و دوبەی دا دەکات.

ئەوکاتەی گەشتی دوبەی کرد و لە میوانخانەیەکی پێنج ئەستێرە دابەزی، لەوێ هەموو جۆرە (مەی)ێکی لەسەر مێزی خواردنەکاندا بینی، ئەوەش دانیشتنی لە چێشتخانەکانی قاهیرە و دیمەشق و بەیروتی بیرهێنایەوە.

کاتێ گەیشتە هەولێر، وای بەخەیاڵدا هات کە میوانخانە پێنج ئەستێرەکانیی هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەوانەی لیبیادا نییە، بیری کەوتەوە کاتێ لە میوانخانەی (تیبیستی)ی پێنج ئەستێرەی بەنغازی دابەزی و لەگەڵ ئەو هەموو گەشتیارانەی بۆی هاتبوون، هیچ جۆرە (مەی)ێکیان پێشکەش نەدەکرد.

کاتێ ئەو هەموو جۆرە (مەی)یە نایابەی لە سەر مێزەکاندا بینی ئەو دیمەنانەی بیرکەوتنەوە و بۆ یەکەمجاری بوو مەی لە یەکێ لە چێشتخانەکانی هەولێر ببینێت.

کاروان گوتی: وا راهاتووم جارجارە لێرە دابنیشم، چونکە نەریتی

ماڵەکانمان وایە هەڵناگرێ پیاو مەی تێدا بخواتەوە.

پێکەنی و گوتی: لێتناشارمەوە هەندێ جار وا هەست دەکەم لە پاریسم و هەندێ جاریش واهەست دەکەم لە ئەفغانستانم.

ئەویش پێکەنی و مێزێکی هەڵبژارد و داوای دانیشتنی لێکرد: کاکە ئەوە جیاوازییەکەی هەولێرە کە کەلتوورو هاوچەرخیی کۆدەکاتەوە.

هەولێر توانی لەنێوان کەلتوورە شارستانی و مرۆڤایەتییەکەی و لە نێوان شۆڕشی ـ ملتی میدیا ـــ ی کە هەموو سووچێکی جیهانی گرتۆتەوە خۆی بگونجێنێ و سەرکەوتوو بێت و پاشان خەڵکەکەشی بەم تایبەتمەندییەی پابەند بووینە.

گوتی: ئەوەیەکێك بوو لەم شتە کتوپڕانەی لە هەولێرم بینی.

گوتی: راستدەکەی، شوێنی مەی فرۆشتن بەشێوەیەکی گشتی نییە، بەلاّم بەشێوەیەکی کەم هەن و لەمەش کەمتر لە هەندێ شوێن هەن کە بۆدۆزینەوەی پێویست بە شارەزایی و زانیاریاری باش دەکات.

کاتێ بمەوێ لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل نەختێکی لێ بخۆمەوە یان لەگەڵ خێزانەکەم بچمە ئەو دەشتە، بەرەو (عەنکاوە) دەڕۆم، چونکە ئەو شارۆچکەیە زۆربەیان گاورن.

لێرە شوێنەکانی تایبەت بەفرۆشتنی مەی کەمن و هەندێ جار پیاو شەرم دەکات بۆی بچێت، چونکە لێرە خەڵکی بەشێوەیەکی باش

یەکتری دەناسن.

جاری وا هەیە تۆ لە دوکانی مەیفرۆشێك دێیتە دەرەوەو (بوتڵێك مەی)ت بەدەستەوەیە و یەکێك لە خزمانت لەسەر شەقام دەتبینی، بەڵام لێرە تەنها ئەو کەسە دەبینی کە وەکو تۆیە و بۆ شەورابواردن و خواردنەوە هاتووە.

بۆی دەرکەوت کە بۆ دوورکەوتنەوە لە گێرەشێوینی هەرسووچێك لە هەولێر تایبەتکراوە بۆ فرۆشتنی شتێك.

شوێنێك بۆ نۆڕینگەی پزیشکەکان و شوێنێك بۆ ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان و شوێنێك بۆ گۆشتفرۆشتن و شوێنێك بۆ وردەواڵە و شوێنێك بۆ قفڵ وکلیل و جانتاکان و شوێنێك بۆسەوزە و میوە فرۆشتن و شوێنێك بۆ ئامێرە میوزیکییەکان و شوێنێك بۆ نوسینگەکانی فرۆشتنی خانووزەوی و شوێنێك بۆ گۆڕینەوەی پارە و شوێنێك بۆ فرۆشتنی باڵندە و پەلەوەڕ و ماسی.

کاتێ کارکەرەکە دەستی کرد بە دانانی خواردەمەنییەکان لە سەر مێزەکە، ئەو هەموو کۆمەڵە گەنجەی وەبیرهاتەوە کە خەریکن بێنە ناو کۆڕی ژیان و بەناو شوینەکانی مەیفرۆشیی گەڕەکە میللیەکان گوزەر دەکەن و هەر بەپێوە بوتڵی مەی بەسەر دەمیانەوە دەکەن و تێدەپەڕن، لە ژێرزەمینی باڵەخانە تازەکان شرینقەو مادەی بێهۆشکەر بەکار دەهێنن و لەکپی شەودا لەسەر شەقامەکان بەلادادێن.

تەنها بۆئەوەی لەم بارودۆخەی تێیدان دووركەونەوەو بارودۆخەكەش لەوان دووركەوێتەوە هەموو شتێك دەكەن.

لای ئەو واقیع و بارودۆخ وەكو خانوێكە دانیشتوانەكەی حەزی لێناكەن، چونكە هیچ كەرستەیەكی پشوودانی تێدا نییە، بەهەر شێوەیەك لێی رادەكەن، گەر ناچاریش بوو تێیدا دانیشێ، هەموو شتێك دەكات بۆ ئەوەی دووری خاتەوە لەو راستییەی ئەو لە ژێری دانیشتووە.

لەنێوان ئەو خانووەی دانیشتوانەكەی حەزی لێدەكەن، چونكە هەموو پێداویستیەكی خۆشگوزەرانی تێدایە، هەموو شتێك دەكات بۆ ئەوەی زوو بۆی بگەڕێتەوە، كاتێ خۆی دەلكێنێ و چێژ لە واقیعیەتی هەبوونی خۆی لە سووچەكانی ئەو ماڵە وەردەگرێ، ئەوكاتە خۆشیی لەو پەڕی بێداری خۆی دێت.

نازانێ چۆن زەینی رۆیشت تا لەناكاو زەنگەكە وەستا، دوای پێنج دەقیقە رەنگەكە لێیدایەوە، هەر زوو مۆبایلەكەی هەڵگرت و هێلەكەی كردەوە.

دەنگی كاروانی هاتە بەرگوێ : مامۆستا چۆنی، باشی، ئەوە لەكوێی هاوڕێكەم، بیرت دەكەم.

گوتی: باشم، سوپاس، بەخێربێی سەلامەت بیت، من لە ماڵەوەم، هیچ نییە تەنها پێویستیم بە نەختێ پشووە.

گوتی: کاکە، هەنووکە هەڵسەوە و ئاوێك بەخۆت داکەو جلەکانت بپۆشە، دوای دوو کاتژمێری دیکە بۆ ئەوەی دەربچین لەلاتم، خواردن و خواردنەوە لەگەڵ خۆمان دەبەین و لەو دەشتە خواردن دەخۆین و تا شەکەتیت بیر نەچێتەوە ناتگەڕێنمەوە.

نەمزانی چی دەڵێ و کاتێ بێدەنگییەکەی زۆری خایاند، کاروان گوتی: هەنووکە خواحافیز تا ئیشەکانت ڕێکدەخەیت.

بەژنەکەی گوت کاروانی هاوڕێی سەردانی دەکات و ئەو نازانێ کە نەشتەرگەری بۆ کراوە.

ئاڤان یەکجار بینیبووی، کاتێ ئێوارەیەك گەیاندییەوە ماڵ و سوور بوو لەسەر ئەوەی بێتە ژوورەوەو خێزانەکەی بناسێت.

ئەو ڕۆژە فنجانێك قاوەی پێدا و پیاوەکە نیو کاتژمێر دانیشت و گاڵتەی لەگەڵ منداڵەکان کردو ماچیانی کردو هەڵسا گوتی : خودا حافیز.

ئەویش لەسەر ئەو سەردانەی سوپاسی کرد و گوتی : بەخێر چی سەرچاو.

کاتێ زەنگی دەرگا لێدرا، ئاڤان دەیزانی کێ لەدەرگا دەدات و بۆ کردنەوەی دەرگاکە هەڵسا.

سلاّوی لێکرد و هەواڵی ئەو و منداڵەکانی پرسی.

ئەویش وەلاّمی دایەوەو لەهەواڵی ئەو و خێزانی و منداڵەکانی

پرسی.

لەسەر ئەوە سوپاسی کرد و لە چاوەڕوانی پیاوەکەی دابوو بێتە پێشوازی، ئەوکاتە داوای هاتنە ژوورەوەی لێکرد.

داوای لێبووردنی لێکرد گوتی کاتمان کەمە، بەلاّم ئەو دیسان داوای چوونە ژوورەوەی لێکرد.

ئەوکاتە زانی کە شتێکی نادیار لە گۆڕێیە، چونکە گەر بۆ چوونە دەرەوەش ئامادە نەبیّ، دەبوا بێتە پێشوازی.

ئاڤان بە بەخێرهێنانەوە، بۆ چوونە ژوورەوەی ئاماژەی بۆکرد، ئەوسا بەشەرمێکی زۆرەوە ناچار بوو بچێتە ژوورەوە.

چووە ئەو ژوورەی کە پیشتر جارێکیان سەردانی کردبوو، هاوڕێکەی تێدا نەبینی و تا دەنگیشی نەبیست، ئەوسا بۆخۆی چووە ژوورە گەورەکە و ئاماژەشی بۆ ئەوکرد کە بچێتە ژوورە بچووکەکە.

کاتیّ چووە ژوورەوە لەناکاو هاوڕێکەی لەسەر جێگە بینی، خۆی داهێنایەوەو دوای ماچ کردنی لە هۆی لەسەر ئەم جێکەوتنەی پرسی.

گوتی: گویّ مەدیّ هاوڕێکەم، ئەوە چەند رۆژێکەو وەکو و رۆژانی دیکە بەسەر دەچن.

باری تەندرووستیت چۆنە، بەخوا پەرۆشت بوون.

گوتی: منیش زیاتر پەرۆشم بۆت، ئەو نزیکەی دە رۆژە، گوتم هاوڕێکەم خۆی گران دەکات لەسەرم، با من بۆلای بچم،

گوتی: تۆ هەردەم لە یادمی، بەلاٚم ئەوەی روویدا روویدا.

گوتی: چی روویدا ئازیزەکەم؟

گوتی: ناوی نەشتەرگەرییە، بەلاٚم گەرەنتییەکەی لەوە کەمترە.

گوتی: نەشتەرگەری و نەخۆشخانەو بە منیشت نەگووتووە، هانووکە هەقمە لێت زویر ببم.

گوتی: پێم باوەڕ بکە، ئەمەی بەشێوەیەکی زۆرکتوپڕ روویدا و خۆم بۆ ئامادە نەکردبوو.

گوتی: نەشتەرگەری، نەشتەرگەری تەواوە جا چ گەورە بێت یان بچووك بێت، ئەوە بەنجە و سڕکردنەو نەخۆشخانەیەو دەرزییەو سیرۆمەو لەزگەیەو شیکردنەوەی پزیشکییەو پارێزکردنە.

ئاڤان خۆی و چەند قاپێك لە شیرینی و پەرداخێك شەربەتی پرتەقاڵ هاتە ژوورەوە، سوپاسی ئەو میواندارییەی کرد و گوتی: دایکی لاوین، سوپاس بۆخودا لەسەر سەلامەتی هاوڕێکەم.

پێکەنی و لە دڵی خۆیدا گوتی: هاوڕێکانی وەکو خۆی رێکوپێکن.

سوپاسی کردو دانیشت، دوای دە دەقیقە لە دانیشتنەکەی منداڵەکان هاتنە لای.

پیاوەکە گاڵتەی لەگەڵدا کردن و گوتی : پێویستە فێری زاراوەی سۆرانی بن، پاشان بانگی بێرهاتی کردو گوتی: لە سوریا لە قوتابخانە نەبوویت؟

ئاڤان گوتی: لەپۆلی یەکی قوتابخانەیەکی تایبەت بوو، بەڵاّم دوای کەمتر لە نیوەی ساڵ ولاّتمان جێهێشت و لێرە کێشەی زمانمان بۆ درووست بوو.

گوتی: کێشە چی بوو گەر لە قوتابخانەیکی کوردی بیخوێندایە؟

گوتی: گەر گەڕاینەوە کێشە درووست دەبێت، لێرە تەنها پرۆگرامەکەی لێناگۆڕێ، بەڵکو زمان هەمووی دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە تەواوی بیر لەم شتە دەکەینەوە، مانەوەمان لێرە درێژە دەکێشێت.

پیاوەکە،بێرهات لە تەنیشتی دانیشتبوو گوتی: تۆ کوردی و لە قوتابخانەیەکی کوردی دەخوێنی وانییە خۆشەویستەکەم؟

گوتی: بەڵێ

گوتی: کەواتە وانەیەکت لە زامان فێردەکەم، ئایا رازیت؟

بەزەردەخەنەیەکەوە سەری بۆ لەقاند.

گوتی: پەڕاوێك و پێنووسێکم بۆ ئامادە بکە.

هەڵساو دوای کەمێك گەڕایەوەو پەڕاوێك و پێنووسێکی پێبوو.

پەڕاوەکەی وەرگرت و گوتی: پێش هەموو شتێك دەبێ پیتە کوردییەکان فێربیت و دەستی کرد بە نووسین:

(( ئـ، ب، پ، ت، ج، ح، خ، د، ر، ز، ڕ س، ش، ف، ڤ ق، ك، ك، ل، ڵ ن، و، ۆ وو، ھ، و، ی، ێ، ع، غ ).

پیتی یەکەم شتێکی گرنگت فێردەکات، ئەویش نەنووسینی هەمزەیە لەسەر ئەلف، لە کاتی نووسینی ئەو وشەیەی بە ئەلف دەست پێدەکات.

ئاڤان گوتی: هەر ئەو وانیە، بەڵکو ئێمە هەمووومان کێشەی زاراوەمان هەیە.

گوتی: ئەوە مەسەلەی کاتە و پاشان زمانتان لەسەر چۆنییەتی زاراوەکە رادێت، دوای پیتەکان راناوەکانی فێربکە.

گوتی: سوپاست دەکەین،

لەسەر لاپەڕەیەکی دیکە دەستی کرد بە نووسینی راناوەکان :

ئەمە ــ هذا

ئەوە ــ ذلك

ئەوە ــ تلك

ئەوانە ــ هؤلاء

لێرە ــ هنا

لەوێ ــ هناك

ئەوانە ــ أولئك.

ئاڤان گوتی : هەروەها رۆذەکانی هەفتەش طرنطن

گوتی بەڵێ، پاشان دەستی بە نووسین کرد:

شەممە ــ السبت

یەکشەممە ــ الأحد

دووشەممە ــ الإثنين

سێشەممە ــ الثلاثاء

چوارشەممە ــ الأربعاء

پێنج شەممە ــ الخميس

**هە ینی** ـ **الجمعة**

بەڵام وەرزەکانی ساڵ:

زستان ــ الشتاء

بەهار ــ الربيع

**هاوین** ـ الصيف

پایز ــ الخريف

کاتەکان:

ساڵ ــ سنة

وەرز ــ **فصل**

مانگ ــ شهر

هەفتە ــ أسبوع

رۆژــ يوم

شەو ــ ليل

کاتەکانی رۆژیش گرنگن فێریان ببین:

کاتژمێر ــ ساعة

خولەك ــ دقيقة

چرکە ــ ثانية

سات ــ لحظة

ئاڤان هەڵساو دوای کەمێك گەڕایەوەو دوو فنجانی قاوەو دوو پارچە کێکی هەڵگرتبوو، کاروان سوپاسی کردو گوتی: دەستخۆش

فڕێکی لە قاوەکە داو گوتی:

هەندێ وشەی پێویستت بۆ دەنووسم.

پاشان دەینووسی و دەیگوتەوە:

ئەمڕۆ ــ اليوم

بەیانی ــ غداً

پیاو ــ رجل

ژن ــ امرأة

ناوت چییە ــ ما اسمك

ناوم ــ إسمي

چۆنی ــ كيف حالك

بەيانيت باش ــ صباح الخير

ئێوارەت باش ــ مساء الخير

شەوت شاد ــ تصبح على خير

خواحافيز ــ بأمان الله

باوك ــ أب

كوڕ ــ إبن

برازا ــ إبنة أو إبن الأخ

خوارزا ــ إبنة أو إبن الأخت

كچ ــ بنت

خاڵۆزا ــ ابنة أو ابن الخال

ئامۆزا ــ إبنة أو إبنة العم

خوشك ــ أخت

دايك، وباوك ــ الوالدان

براژن ــ زوجة الأخ

ئاڵتوون ــ ذهب

منداڵ ــ طفل

نووستن ــ نوم

هێلکه ــ بيض

سێو ــ تفاح

کاڵەك ــ بطيخ

قەیسی ــ مشمش

دەرگا ــ باب

پەنجەرە ــ شباك

گەرماو ــ حمّام

چەقۆ ــ سكين

ئاوێنه ــ مرآة

سەرین ــ وسادة

بەخێر بێیت ــ أهلاً

ساردگه ــ براد

دراوسێ ــ جار

پەرتووك ــ كتاب

بینی چۆن ئەم هاورێیەتییە کەسێکی نامۆ دەکاتە کەسێکی نزیك، وەکو ئەوەی یەکێك بێت لە خێزانەکەیان، ئەوکاتە هەستی بە بەهای هاوڕێیەتی کرد و زانی کە مرۆڤ چەندە پێویستی بەم هەموو شتە باش و پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتیانە هەیە بۆ ئەوەی کە ژیانی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

رەنگە هاوڕێیەکە برا بێت، رەنگە خاڵ یان مام بێت و رەنگە رازگر یان هاودەمێك بێت و رەنگە لە رێی ئەم هاوڕێیەوە مرۆڤ هاوڕێیەکی دیکە بناسێت.

لەم ساتانەدا، ئاڤان هەڵساو سەیرێکی کاتژمێرەکەی دیواری کرد کە یەکی دوای نیوەڕۆی نیشان دەدا.

کاروان گوتی: بۆ ئەوەی نەختێ لە شەکەتی بحەسێتەوە، جەستەی مرۆڤ پێویستی بە نەخۆشی هەیە و لەلایەکی تر نەخۆشیی هاوسەنگی و کامڵ بوون لە کەسایەتی مرۆڤ دەستەبەر دەکات.

نەخۆشی حاڵەتێکە لە هێمنی و خاوبوونەوەی جەستەیی و دەروونی، وا لە مرۆڤ دەکات هەر لەناو نوێنە سپییەکەی بەخۆیدا بچێتەوە و لەگەڵ خودی خۆی کۆ ببێتەوە.

کاتێ مرۆڤ لە نەخۆشییەکەی چاك دەبێتەوەو راست دەبێتەوە،

دەبینیٚ کە جیاوازی لەگەڵ ئەو کاتانەی پێش نەخۆشییەکەی هەیە، ئەو نەخۆشییەی پانتاییەك لە گیانی دڵنیایی و خەرمانەییێك لە دەروون پاکی بۆ دەستەبەر دەکات.

بۆیە لە حاڵەتی سەقامگیریی و هێمنی و دڵخۆشیی و شێنەیی دەمارەکان دەیبینیٚ و جوان مامەڵە لەگەڵ میوانەکانی دەکات و گاڵتە لەگەڵ منداڵەکانی دەکات و چێژ لە خواردن و خواردنەوە وەردەگرێت، بە زیاتر هۆگری و کەمتر لە هێواشی، چاوەکانی دادەخات و وەکو منداڵێك دەبۆرژێت، پاشان چاوەکانی دەکاتەوەو وەکو ئەوەی هەواری منداڵێتی جێنەهێشتبیٚ بێدار دەبێتەوە و بریسکەی چاکبوونەوە لەسەر روخساری دەردەکەویٚ.

کاکە نەخۆشی لێرە خەرمانەیەك لە پاکی و بێگوناهی بەسەردا دێنیٚ کە وای لێدەکات هەست بکات منداڵێکە، چونکە بۆ جێبەجیٚ کردنی پێداویستییەکانی پشت بەکەسانی دیکە دەبەستیٚ و پێویستی زۆری بەکەسانی دیکە هەیەو داوای پێویستیەکانی خۆی لێیان دەکات.

بۆ ماوەی پێنج دەقیقە بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشا، پاشان گوتی: بەبڕوای من بۆئەوەی نەخۆشی جڵەوی سەرکێشییەکەی بگرێت و ئارام بێتەوەو هاوسەنگی بۆ چلێسی و هەڵچوونەکەی بگێڕێتەوە، مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە هەر سیٚ ساڵێك، مانگێك لەسەر جێگا بکەوێت،

ئاڤان دەرگای کردەوە، خواردنی نیوەڕۆی هێنا، لە چێشتخانەکەی نزیکیان ماسییەکی سوورکراوەی کیلۆ و نیوی و قاپێك کەبابی ئامادەکرد.

ئەوکاتە کاروان خوانە بچکۆڵەکەی لە دەستی ئاڤان وەرگرت و داوای کرد کە خۆی خواردن بۆ هاوڕێکەی تێبکات و تا بیخوات بۆ لەسەر جێگەکەی دابنیّ، چونکە ئەو ناتوانیّ لەگەڵیان دابنیشیّ.

گوتی : خەڵکی لێرە وا راهاتوون کە کاتژمێر نۆ نانی بەیانی بخۆن و نانی نیوەرۆش کاتژمێر دوو و نیو و نانی ئێوارەش کاتژمێر دەی شەو بخۆن.

پێم وایە ئێوە سەبارەت بە ژەمەکانتان لەگەڵ ئێمە جیاوازن.

ئاڤان گوتی: ئێمە کاتژمێر نۆی بەیانی نانی بەیانی دەخۆین و نانی نیوەرۆش کاتژمێر دوو و نیو و نانی ئێوارەش کاتژمێر دەی شەو دەخۆین.

گوتی: خواردن گرانی گەورەو (بیوك قار) ساڵی بەفرە گەورەکە وەبیر هەولێریان دێنێتەوە، ئەوکاتەی بۆ ماوەی چل رۆژان بەفر بەخوڕ لە هەولێر باری، هەموو ماڵەکان پڕی بەفر بوون، خەڵکی ناچار بوون ماڵەکانیان جێبهێڵن، پاشان پێکەنی و گوتی : کارەساتەکان بەیەکەوە دێن، ئەوکاتە زەمینلەرزەیك لێی داو ئەوانەی لەماڵەوە مابوونەوە ناچار بوون بۆ دەرەوە رابکەن و تا وای لێهات هەموو خەڵکی بەبیّ

جێگەو رێگە لە دەشت مانەوە.

بەلاّم ئەوە سوودی زۆر بوو بۆیان، چونکە ئەم رووداوە فێری کردن چۆن کەلوپەلی خۆراك عەماربکەن و دای بکەن و حیساب بۆ پێشهاتە کتوپڕەکان بکەن، ئەمەش لەکاتی گەمارۆکەی سەر عێراق سوودی پێگەیاندن، ئەوکاتە هەولێرییەکان ئەو خۆراکانەیان بەکارهێنا کە عەماریان کردبوو، رەنگە وریایی زۆریان لەدوای ئەو ئاسوودەییە بێت کە وەدەستیان هێناوە، بەجۆرێ کە هەر هەولێریەك وا هەست دەکات کە پیاوی ئاسایشە و کاری ئێشکگرتن و پاراستنی شارەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و هەرئەو بەرپرسیارێتی ئەمن و ئاسایش هەڵدەگرێ.

خەڵکی لێرە ئەوانەن کە کارە ئەمنی و ئابوورییەکان رادەپەڕێنن و بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە لایەنە حکومییەکان بدەنەوە بە رێزگرتنی میوان هەڵدەستن.

ئەوان هەست بە هێزی بەرپرسیارێتی دەکەن، وەکو ئەوەی خێزانێکی گەورەبن و لەماڵێکی گەورەدا بن، ئەو بەرپرسیارێتییەی هەموویان لەسەر یەك هێڵدا یەکسان دەبن.

پارچەیەك لە ماسیەکەی لێکردەوە و دوو شیش کەبابیشی هەڵگرت و قاپێ زەلاّتەی تێکرد.

لەتەنیشت هاوڕێکەی دانا، پاشان دانیشت و لەگەڵ ئاڤان و منداڵەکان دەستی بە خواردن کرد .

کاتێ خواردنەکەی دەجوی گوتی: باشترین شت کە دایکم ئەنجامی داوە، ئەوەیەکە لە هەولێر شووی کردووەو لێرە منی بووە.

پاشان گوتی : هەولێر شارێکی تەواو زیندەگییە و دڵنیاییەکی زیندەگیانە بۆ دانیشتوانەکەی دەستەبەر دەکات.

گەر ئەو بڕیارە مێژووییەی لە ژیانیدا نەدایە، ڕەنگە هەنووکە من لە ئۆرشەلیم بوومایە.

لە گەڵ وشەی ئۆرشەلیم کە یەکەمجاری بوو لەهاوڕێکەی دەیبیستێ وشیار بووەوە گوتی: بەتەواوی بۆ ئۆرشەلیم؟!

ئەو کاتە کاروان بیری کەوتەوە کە ئەو بەهاوڕێکەی نەگووتوە، گوتی: هاوڕێکەم ڕەنگە پێم نەگووتبی کە دایکم جوولەکەیە.

ئەوە لە زووەوە بوو، بەلاّم سیاسەتە نەخوازراوەکان هەردەم بۆ لەیەکترازاندنی شانەی کۆمەلاّیەتی خەڵکیی دەست لە کاروباریان وەردەدەن.

باوباپیرە جوولەکەکانی من لە هەولێر دادەنیشتن و خانووەکانیان بەزۆری لە تەنیشت قەلاّ و لە گەڕەکی کەنیسە بوو، هەشبوو لە گەڕەکی تەعجیلی جوولەکان دوور لە قەلاّ دادەنیشتن.

دایکم بەردەوام بۆمانی دەگێڕایەوە کە چۆن ئاهەنگیان لە بۆنەکاندا دەگێڕاو خەڵکی هەولێریش بەشداری ئەو بۆنانەیان دەکردن، ئەو شتانەی دایکم بۆمی دەگێڕایەوەو لەبیرم ماوە، ئەوەیە کاتێ باسی

جەژنی خێوەتی بۆ دەکردین، جوولەکەکان خێوەتێکیان لە حەسیری قامیش لەناو حەوشی کەنیسە هەڵدەداو بە جۆرەها قوماش و جۆرەها رەنگ و رووەك دەیان رازاندەوە و کاڵەکیان بە ناوەوەی شۆڕدەکردەوە، ئەمەش هەمووی بەبۆنەی پێشوازی بوو لە باران و سەرەتای وەرزی زستان، پاشان لەناوی کۆدەبوونەوەو بە بۆنەی ئەم جەژنەوە حەوت رۆژان ئاهەنگییان دەگێڕا، ئەمەو جگە لە چەند جەژنی دیکەی وەك جەژنی Mazzot بە زمانی عیبری نانی نەترشاو دەگەیەنیٚ، کە حەوت رۆژانی دەخایاندو لە نەریتی ئەم جەژنە ئەوەبوو کە ژنان زەوی ماڵەکانیان بە شیر دەششت، هەروەها جەژنی دابەزینی تەورات.

خواردن و تۆو و بادام گەورەی ئەم جەژنانە بوون و ئەو خواردنانەشیان بۆ موسڵمانەکان دەبرد.

بەلاٚم رۆژی شەممە، لای جوولەکەکانی هەولێر جیا بوو، ئەم جەژنە رۆژی پشووی تەواو بوو و ئاگریان لە ماڵەکانیاندا هەڵنەدەگیرساند و چێشتیان ئامادە نەدەکرد و چایەیان لێنەدەنا و چرایەکیشیان دانەدەگیرساند.

ئەو خواردنە ساردانەیان دەخوارد کە لەماڵەکەیاندا هەبوو، کاتیٚ یەکیٚ دەیویست چایە بخواتەوە، دەچوو لەلای دراوسیٚ موسلمانەکەی دەیخواردەوە یان لە چایخانە چاپەستێکی بۆ دەهات.

ژنانی جوولەکە لە دروینی پۆشاکی ژنان و درووستکردنی هەندیٚ

داودەرمانی گیایی بەناوبانگ بوون و ژنانی کورد لەهەموو لایەکی هەولێر دەهاتنە لایان.

کاتێ پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان دایکم و باوکم درووست بوو، هیچ چاریان نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کە بە نهێنی هاوسەرگیری بکەن و بۆ چەند مانگێك تا دۆخەکە ئارام دەبێتەوە لەبەر چاوان بزر بن، دوای دووساڵ لە هاوسەرگیریان، دیار بوو دایکم باوەڕی بە ئاینی ئیسلام هێنا و موسڵمان بوونی خۆی راگەیاند، کاتێ خانەوادەکەی بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد، ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی لەلای مێردەکەی و منداڵەکانی بمێنێتەوە.

کاروان تا نزیك رۆژئاوابوون لەلای هاوڕێکەی مایەوە، ئەوسا بۆ ئەوەی زوو وەکو جاران سەردانی دوکانەکەی بکاتەوە هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ خواست و خواحافیزی لێکرد.

ئاڤان لەسەر ئەو سەردانەی و لەسەر پێدانی ئەم وانە زمانەوانیانەی سوپاسی کردو داوای لێکرد سەردانیان بکاتەوە و پاشان تا دەرگای دەرەوە بەڕێی کرد.

ئەو ساتە زانی کە وەکو پێشان ناتوانێ هەروەختێك بیەوێ بچێتە دەرەوە و چاوەڕوان دەبێ تا چاك دەبێتەوە و تا تەندروستیەکەی لەبارتر دەبێت و تا بتوانێ بەبێ ئەوەی کەس یارمەتی بدات لەسەر پێی خۆی بوەستێ و بەرەو ئەو هەولێرەی کە بیری دەکات هانگاوەکانی بهاوێژێ.

کاتێ بە ڕێگاکانی هەولێردا گوزەر دەکات و بۆنی دەکات و کاتێ لە تەنیشت قەلا دەوەستێ وا هەست دەکات کە ئەو لە یەکێ لە پەنجەرەکانی سەیری دەکات.

هەنووکە بەتەنها لەسەر جێگە کەوتووەو چاوەڕوانە دەرگای لێبکرێتەوە و وەکو نەریتی خۆی و وەکو پەپوولە بەدەوریدا بسوورێتەوە و لە روخسار و چاوەکانی بڕوانێت و لە نزیکەوە بۆنەکەی هەلمژێت.

هەنووکە، هەر هەنووکە زانی کە هێزی نەخۆشی لەسەرەوەی هێزی مرۆڤە و بەڕاستی سبەی بارمتەی جەوری نەخۆشییە.

رۆژەکان لەسەری زۆر بەگرانی بەسەر دەچوون، هەر رۆژێك بە رۆژێکی دیکەی دەسپارد و ئاڤانیش زیاتر چاودێری دەکردو هەموو نەریتەکانی بۆ ئامادە دەکرد، رۆژ دوای رۆژ لەسەرخۆ لەکاتی هەلسانەوەی یارمەتی دەدا و خۆی بەسەرشانی دا دەداو بە هێواشی هەنگاوەکانی دەهاوێژت، پاشان هەر وەکو ئەوەی پزیشکەکە دوای هەفتەیەك سەردانی کردو لەزگەو داوی نەشتەرگەرییەکەی لێکردەوە و رای سپارد کە کەمتر خۆی بەسەر شانی دابداو بەتەنهاو هێدی هێدی رۆیشتنەکەی خێراتر بکات، چونکە رەنگە ئەوە هەلسانەوەی لەناو جێگە خێراتر بکات و وەکو یەکەم هەنگاویش لە هەنگاوەکانی چوونە دەرەوە لە مالْ دەتوانێ وردە وردە لە ژوورەکەی دابنیشێ.

سلاوی لێکردو گوتی: هیچ نییە، تەنها قۆناغێکە لە قۆناغەکانی

تەمەن و بەسەردەچێ.

پاشان سەری لەقاند و گوتی: بەڵێ دکتۆر، ئەمەش وەکو هەموو ڕۆژانی دیکە بەسەر دەچێ.

ئەوسا دەستی کرد بە لێکردنەوەی لەزگەکەی و بە ڕاکێشانێکی خێرا نەختێك ئازاری پێگەیاند.

ئەوە هەنووکە هەموو شتێکە، گەر هەستت بە شتێکی نا ئاسایی کرد، هەر کاتێك بوو پەیوەندیم پێوە بکە، دکتۆرەکە ئەمەی گوت و لەگەڵ دوعای چاکبوونەوەی خێرا بۆی چووە دەرەوە.

❋ ❋ ❋

هەولێر، ئەی خاتوونی زەوی پیرۆزی خودا.

هەولێر، ئەی هاودەمی دونیا لە تەنیایی زەمان

یەکەمجارە دڵ وەکو چۆلەکەیەکی تەنیای سپێدەی بە دڵۆپەی شەونم تەڕ بوو تێیدا دەلەرزی.

ئەی هەولێر هەنووکە تۆ لەکوێی؟

تاسەو ئارەزوو بۆ هەر گەردێکی خۆڵی ڕێگاکانت لە زیاد بوونە

پەرۆشیی بۆ هەموو کۆترێك کە لە هەوای ئازاد دا لەشەقەی باڵ

دەدات دەخولێتەوە

خۆزگە دڵم کۆترێك بوایەو بۆ چەند ساتێك لە ژێر باڵەکانمدا دەفڕی و سەرنجی پەرۆشیت دەدات، بە ئاسمانەکانت ئاسمان ئاسمان و بە گەڕەکانت گەڕەك گەڕەك دەسووڕێتەوەو لە درەختەکانت درەخت درەخت ورد دەبێتەوە.

چۆن کۆترەکەی داود تێی چوو ئەویش دەچێتە ناو خەوتنگەکەت.

ئایا تۆ هەنووکە لەم ساتانەدا پاڵکەوتووی

یان لەسەرچۆك بە مرواری بەتاڵیی، خۆت ماڵیی دەکەیتەوە

یان بە خۆشاوی درەختە پەسەندەکەت یاسەمین دەستنوێژ هەڵدەگری و پەنجا رکاتی سوپاسگوزاریش بۆ خودای گەورەت بەجێ دەگەیەنی.

هـ

ە

و

ل

ێ

ر

پێنج نیشانەی زێرینی ئەبجەدی کوردی

پەنجەکانی گوڵیان دەرکرد کاتێ بۆ نووسینی بەتامترین ئەو پیتی هیجایەی مرۆڤایەتی دای هێنا باوەشیان بە مرواری پێنووسەکە داگرت.

کاتێ پێنووسەکە بە مرواری و گەوهەری پیتی قورئانی پیرۆز خۆی پیرۆز کرد، درەوشایەوە.

هەموو پیتێك لەبەر چاوانی وێنەی بەهار دەدرەوشایەوە

هەموو پیتێك بە بڕشتی چێژی مۆسیقاکەی دەوڵەمەند دەبوو

پیتی ها

ئای لە هاکەی....لە شوێنی دڵ دەوەستێ، هەناسە وەرگرتن و دانەوەی ژیان بە خوشکەکانی دەبەخشێ.

پیتی واو

ئای لە واوەکەی...بە شەرمێکی زۆرەوە بەدوای خوشکەکەیدا دێت، بە ناسکترین گۆرانی کە گوێچکە بیستبێتی گۆرانی دەڵێ.

پیتی لام

ئای لە لامەکەی...کە وەکو کێوێکی سیحری بە دانایی لە ناوەڕاست دەوەستێ و تیشکی گەرمکەرەوەی گیانی دانایی بۆ باکور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەنێرێ.

پیتی یێ

ئای لە یایەکەی...ئەو هاوسەنگەو بە خوێنبەرەکانی خڕۆکەی خوێنی کوردان بۆ هەموو جەستە دەنێرێ.

پیتی ڕا

ئای لە راکەی... دەچێتە ناو ماڵی قەراخی ئێوارەو پیتە کوردیە جاویدانییەکانی ئێوارەکانی مەستیی، لە هەوارەکەیدا هۆگری یەکتری دەبن و دەمەتەقێ دەکەن.

❋ ❋ ❋

دوای بەسەر چوونی بیست رۆژان، بینی کە دەتوانێ لەگەڵ خێزانەکەی دەربچێت و بچێتە ئەو شوێنانەی کە زۆر دوور نین لە ماڵەکەی، داوای لە ئاڤان کرد کە منداڵەکان بۆ دەرچوون ئامادە بکات.

ئەو کاتە منداڵەکان لە خۆشیاندا هەڵدەپەڕین و گوزارشتیان لە پانتایی ئارەزوویان بۆ باخچە نزیکەکە و یاری کردن لەگەڵ منداڵانی گەڕەك دەکرد.

ئەو هەموو باخچانەی بیر کەوتنەوە، کە یەکە یەکە سەردانی دەکردن و وەرزشی تێدا دەکردن و منداڵەکانی دەبردنە ئەوێ، بەجۆرێ لەم باخچە زۆرانەی هەولێر بەشی منداڵان و بەشی گەورانیشی تێدابوو، منداڵان یارییەکانی خۆیان تێدا دەدۆزییەوەو بۆ گەورەکانیش ئامرازی وەرزشکردنی تێدا بوو.

به ئاڤانی گوت: دەزانی منیش وەکو منداڵەکان پەرۆشی ئەنجامدانی نەریتی باخچەکانم.

ئەویش گوتی: هەموو شتێك لە کاتی گونجاوی خۆیدا دێت، بەڵام بەڕاستی منداڵەکان بۆ یاری کردن لە باخچەکان لەگەڵ منداڵان پەرۆشن.

گوتی:چەندم پێگوتی و دوام لێکردی هەرنەبێ تا ئەو باخچە نزیکەی لای خۆمانیان ببە.

گوتی: ئای، هەر بەم سادەییە زۆرە وا دەڵێی،...بەجێت بهێڵم و منداڵان ببەمە باخچەکان، بزانە هیچ باخچەیەك نییە تەنها ئەو باخچەیە نەبێ کە تۆ لەکەڵمانی، بۆ هەر شوێنێك بڕۆین و تۆمان لەگەڵ بێت بۆ ئێمە باخچەیە.

کاتێ یەکەم هەنگاوی بەرەو شەقامەکە هاوێژت، وەکو ئەوەی ساڵێك بێت لەو ناوە دوور بێت، بەقووڵی هەواکەی هەڵمژی.

چاوی بەهەر شتێك بکەوتایە لێی ورد دەبۆوە.

سادەیی خەڵکی کاتێ پۆشاکی پان و پۆڕی هەولێریانەیان پۆشی بوو و دەڕژانە سەر ڕێگاکان و لەبەر دەرگای ماڵەکانیان دادەنیشتن و بە تەزبێحە درێژەکانیانەوە تەسبیحاتیان دەکرد ، سەرنجی بۆ ئەو تەزبێحە درێژانەی لە ڕێگاکان و ئەو کاتانەی بەرەو مزگەوتەکان دەرۆیشتن و کە بەردەوام بەدەستیانەوە بوو ڕاکێشرا، بۆیە بۆ تەزبێحی نایاب و باشەکان لە لای مزگەوتی قەڵا بازاڕێکیان دانابوو و لەوێ کۆ دەبوونەوەو تیایدا تەزبێحی هەمە ڕەنگ و نایاب و بەنرخییان هەڵدەبژارد.

مزگەوتەکانی سەر ڕێگاکانی هەولێر چەند زۆرن، کاتێ وەختی بانگدان دێت، ئەو کاتە وەکو وەستان بوو لە جەژندا، کاتێ سەدای ئەڵلاهوئەکبەر بەرز دەبۆوە و لەگەڵ هاواری بانگدەران و کاتێ بانگی خەڵکیان بۆ نوێژکردن دەکرد.

مزگەوتی گەورەی قەڵا، مزگەوتی شێخانی، مزگەوتی بازاڕی گەورە، مزگەوتی بازاڕی دارتاشەکان، مزگەوتی موفتی، مزگەوتی خانەقای خالیدییە، مزگەوتی کورەچی، مزگەوتی دێرە بروشە، مزگەوتی بەستە پیازە، مزگەوتی ئازادی، مزگەوتی مورادییە، مزگەوتی ئەسعەدە فەندی، مزگەوتی ئاڵتی بەرماغ، مزگەوتی مەلا عابید، مزگەوتی بالیسانی.

ئەمەو جگە لەم مزگەوتە بچووکانەی لە زۆربەی گەڕەك و شارۆچکەو و دێهاتەکان بلاْوبوونەتەوە ، ئەوانەش بریتین لە مزگەوتی نویٚ و قەبارە بچووك و جوان درووستکراو، کە لەلایەن هەندیٚ خوا پیٚداوان درووستکراون.

بۆی دەرکەوت کە سیمای دینداری بەسەر خەلْکی هەولیٚرەوە زالّە، خەلْکانیٚك خۆیان بە سوکنایی ئیمان دەسپیٚرن و بەبیٚ ئەوەی خۆیان بە کەلەبەری توند ڕەوی دابکەن، نەریتی خواپەرستییان جیٚبەجیٚ دەکەن.

کاتیٚ مانگی رەجەب دادیٚ، وەکو خۆ ئامادەکردنیٚك بۆ رۆژووکرتنی مانگی رەمەزان تا دەتوانن لەو مانگە بەرۆژوو دەبن و ئەم ستایشە ئایینیە دەلیٚنەوە :

هەر ئیلار رجب ئۆلماز
ئۆلۆر سا عجب ئۆلماز
لوقمە وە حەرام قەتمە
دوعاو مستەجاب ئۆلماز

(هەر سالیٚك رەجەب نەییٚ
گەر بیٚ سەیر نابیٚ

لوقمەی حەرام مەخۆ

چونکە نزات قەبوول نابیٚ)

کاتیٚ مانگی شەعبان دادیٚ، بڕوایان وایە کە ڕۆژووی زەکەریا پێغەمبەر یەکەم ڕۆژی یەکشەممەی مانگەکە دێت و خودای گەورە یەحیای کوڕی پێبەخشی، بۆیە ئەوەی داوای کوڕ لە خودا بکات ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو دەبێت و کاتێکیش خودا کوڕەکەی پێدەبەخشێت، بەردەوام هەموو ساڵێك لەم ڕۆژە بەڕۆژوو دەبێت.

لەو ڕۆژە خۆراکی ڕۆژوو شکاندنەکە بریتییە لە حەوت جۆرخواردن و نانەکە لە جۆ درووست دەکرێت و ئاوی خواردنەوەش لە بیرەکان دێنن.

بەڵاّم لە شەوی نیوەی شەعبان، منداڵاّن دەسووڕێنەوەو ستایشی ئایینی دەڵێنەوە و پیاوەکانیش بەرەو مزگەوتەکان دەڕۆن و هەروەها ژنەکانیش.

کاتیٚ مانگی ر ەمەزانیش دادیٚ هەولێرییەکان بە خۆشییەوە پێشوازی لێدەکەن و دەڵێن :

کەنە گالدی رەمەزان ........

ئەجیلدی قەرەقەزان ........

رەمەزان قەرەقەزان.......

موللار ویرر ئازان .......

دیسان هاتەوە رەمەزان

مەنجەلی رەش هاتەوە

مەنجەلی رەش رەمەزان

مەلایەکانیش بانگ دەدەن

هەموو شتێك لە پەیڕەوی کۆمەڵگایەکی خۆپارێزدا دەڕوات، کاتیَ کچ شوو دەکات بۆ ئەوەی ژیانی لەگەڵ قورئاندا بەردەوام بێت قورئانێك لەگەڵ خۆی دەباتە ماڵە نوێکەی، ئەمەش وەکو وەسیەتنامەیەکی باوك و دایکی بۆ ئەوەی بە رۆیشتنی لە ماڵەکەیان لە قورئان دانەبڕێت و بۆ ئەوەش کە لە دوارۆژدا منداڵەکانی فێری قورئان بکات.

پاشان پێش دەرچوونی لەماڵی کەس و کاری، وەکو هێمایەکی نەگەڕانەوەی بۆ ئەو ماڵە چ بە تەلاّقدراوی یان بە زویر بوون بزمارێك لە یەکیَ لە دیوارەکان هەڵدەکێشیَ.

منداڵی هەولێریان لەسەر ئەو نەریتە پەروەردە دەکرێن، لە یەکەم رۆژی لە دایك بوونەکەی قورئانێك لە نزیکییەوە دەبیَ، بەجۆریَ لە تەنیشت سەرینەکەی دایدەنێن یان لەسەر نزیکترین دیواری دادەنێن.

کاتێکیش دایك منداڵەکەی لە رۆیشتن دواکەوت ئەوە هەردوو پێیەکانی بە داوێکی باریك دەبەستنەوە و لەکاتی نوێژی هەینی، بۆ مزگەوتی دەبەن و کاتیٚ نوێژ تەواو دەبیٚ، یەکەم کەس کە لەمزگەوت دێتە دەرەوە و داوەکەی بۆ دەبڕێت و دەستی دەگرێت و یەکەم هەنگاوی رۆیشتنی پیٚ دەهاوێژی.

تا ئەو نووسینانەی بە دارودیوارەکان هەڵواسراون هەموویان جەخت لەسەر پیتی قورئانیی دەکەنەوە، توانیویانە لە ئیسلام میانڕەویەکەی وەربگرن و پیاوی فەتحە ئیسلامییەکان سەلاحەدینی ئەیوبی هەولێری کە لە پشتی ئەوانەوە هاتۆتە جیهانی ئیسلامیی، پێشکەش بە جیهانی ئیسلامیی بکەن.

لەکۆنەوە کاتیٚ مانگی شەعبان دەهات هاوسەرگیرییەکان دوا دەخران و لەم مانگە هاوسەرگیری ئەنجام نادرا و منداڵەکانیشیان سوونەت نەدەکرد و ماڵی نوێش دانامەزرا و ماڵەکانیشیان نویٚ نەدەکردەوە و لە مانگی (موحەڕەم و سەفەر)یش خانوەکانیان بۆیە نەدەکرد و لە مانگی سەفەریش حەزیان نەدەکرد ماڵەکانیان بگوێزنەوە خانوێکی نویٚ.

لە دەی مانگی موحەڕەم، هەریسە دابەش دەکەن.

بەشێوەیەکی میانڕەوانە بەبیٚ ئەوەی بەقەد مێرووڵەیەك بەرەو توند ڕەویەوە بڕۆن نەریتە ئیسلامییەکانیان جێبەجیٚ دەکەن.

کاتێ وەختی بانگدانیش دێت، هەولێرییەکان لە هەموو لایەك بەرەو مزگەوتەکان دەچن و نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن و رۆژی هەینیش دەنگی ئیمامەکان لە مزگەوتەکان بەرز دەبنەوە و لەبەر ئەوەی زۆربەی گەنجەکان زمانی عەرەبی نازانن بۆیە بە زمانی کوردی گوتارەکانیان دەڵێنەوە، ئیمامەکە بە زمانی عەرەبی ئایەتە قورئانییەکان دەخوێننەوە، پاشان بە زمانی کوردی وەریان دەگێڕن و راڤەیان دەکەن و نوێنەرایەتی میانڕەویی ئیسلامی دەکەن.

بۆیە هەولێر پارێزگاری لە رەسەنایەتی خۆی دەکات هەولێر پەنجەرەکانی بۆ بای نوێگەریی دونیا دەکاتەوە و هیچ شەرحزانێکی هەولێریش ناتوانێ گەنجێکی هەولێری بە رێبازی توندڕەوی رازی بکات و جەستەی خۆی بکاتە نارنجۆکێکی تەوقیتکراو بۆ خەڵکانێك کە هەر ئینتیمایەکیان هەبێ، چونکە تێڕوانینی مرۆڤ لای ئەو لەسەرەوەی هەموو شتێکە، یەکەمجار مرۆڤ، بیرۆکەی ئازار گەیاندن بە کەسانی دیکە لای ئەو بیرۆکەیەکی نەخوازراوە، بۆیە ئۆتۆمبیلەکان کاتێ پیادەیەك دەبینن و دەیەوێ بپەڕێتەوە، دەوەستێ و ئاماژەی پەڕینەوەی بۆ دەکات، چونکە پێشدەستی پەڕینەوە بۆ مرۆڤی پیادەیە.

خۆشی لە میانڕەوی ئیسلام وەردەگرێت، ئەو میانڕەوییە کرایەوەی بەسەر هەموو جیهان خۆشی چێژوەرگرتنی بە کارکردن لەسەر مرۆڤایەتیەکەی و بە هەڵکشان بە پلیکانەکانیدا وەردەگرێ و زمانحاڵی

دەڵێ :

من هەولێریم

درۆ لەگەڵ باوکم بکەم یان درۆم لەگەڵدا بکرێ

من هەولێریم

دەستدرێژی بکەمە سەر باوکم یان دەستدرێژیم بکرێتە سەر

من هەولێریم

باوکم هەڵبخەڵەتێنم یان هەڵم بخەڵەتێنن

خەون دەبینم کە بە ئازادی و سەرفرازی و بێ کۆت و زنجیر بژیم

خەون بەوەوە دەبینم کە ئەم ئاسمانە وەکو پۆڵێ کۆتر هی هەمووومان بێت

من هەولێریم

لەسەر بالیفی ئاشتی پاڵدەکەوم و

بە لێفەی برایەتی خۆم دادەپۆشم

بلیمەتیی سادەیی هەولێریان بە دیارترین نیشانەکانی لای گەورە دەبێ، بۆ گەیاندنی پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان لەنێوان ئەو کۆمەڵگایە و تێگەیشتنی لە گیانی پەیوەندییە مرۆییەکاندا.

کاتێ ناخۆشیەکان گەیشتنە ئەوپەڕ، هیچیان لەبەردەم دانەما جگە لەوەی پشتی یەکتر بگرن و ببنە ئەو خێزانەی بەیەکەوە لەماڵێکی گەورەدا دەژین، دۆخی ئەوانیش وەکو دۆخی ئەو هەرێمەیە کە

دووچاری گەردەلوولێك هاتووە و دانیشتوانەکەی ناچارن هەماهەنگ بن و بۆ ئەوەی هێزێك درووست بکەن و پشتی پێوە بدەن وەکو بارستەیەك کۆدەبنەوە.

هەریەکێکیان ئاگادار بوو کە ئەوەکەی تر چی بەسەردا هاتووە، هەر یەکێکیش زانیاری تەواوی پەیدا کرد، کە ئەوەکەی تر چ ئازارێکی پێگەیشتووە.

حاڵەتی بە برابوونی راستەقینە لە نێوان خۆیاندا بە توندی سەرنجی راکێشا، بۆیە وشەی برایەتی لە ناویاندا زۆر دووبارە بۆتەوە و زۆر شوێن و دوکان و کۆمەڵگەیان بە ناوی (برایەتی) کردووە.

ئەو کارەساتە مرۆییە ترسناکانەی هاتۆتە سەریان ئەوانی گەیاندۆتە ئەو بڕوایەی کە هەر نەنگییەك لە یەکێکیان دابێ نەنگییە بۆ هەمووان و هەر لاوازییەك لە یەکێکیان داهەبێ لاوازییە بۆ هەمووان و هەرهێزێکیش لەبەر یەکێك داهەبێ بە هێزییە بۆ هەمووان.

ئێش و ئازارەکان توانیان ئەوان لە حاڵەتی ترازان لە سوارگەی خۆویستی و گرێی خۆبەباشتر زانین بهێڵێتەوە، کۆمەڵگاکە وەکو ئەوەی تەنها یەك کەس بێ خۆی لە حاڵەتێکی نێرگسییەتی پۆزەتیڤی گشتیی دەبێنێتەوە، بڕوای تەواویان پەیداکرد کە هەریەکێك ناتوانێ بەبێ ئەوی دیکە ببێ، بۆیە تێبینی دەکەین کە هیچ کەسێك گاڵتە و لاقرتێ بە ئەوی دیکە ناکات و هیچ کەسێکیش لە پایەی ئەوی دیکە کەم

ناکاتەوە.

ئەمەش بریتییە لە سنووردانانێك بۆ سەروەری دەسەلاٚت لە سەریان و سنووردانانێکیشە بۆ رادەی ملکەچکردنیان بۆ سەروەری ئەو دەسەلاٚتەی وەکو وەزیفەیەکی سیاسی و وەك هەر وەزیفەیەکی دیکەی کۆمەڵگا سەیری دەکەن، بیرۆکەی دابەشکردنی دەسەلاٚت لە ئەنجامی ئەو تایبەتمەندییەی ئەو کۆمەڵگایە هەیەتی درووست بوو، کە دەسەلاٚت تەنها تایبەت بە حیزبێك نییە و ئەوانی دیکە فەرامۆش بکرێن و دیارە کە ئۆپۆزسیۆن پشتی بە هێزی کۆمەڵگاوە دەبەستێت و رەخنەی تیژ و داخکەرانەش دەگرێت.

کاتیٚ قووتوویەکی بەتاڵی لە ناوەندی رێگا بینی قاچەکانی لە رۆیشتن وەستان، چاوەڕوانی کرد تا شەقامەکە لە ئۆتۆمبیل خاڵی بوو ئەوسا هەڵیگرتەوەو خستییە ناو زبڵدانەکە.

تا ئەوکاتەی (سیروان) میزی هات، نەیهێشت ئەوە لە کۆلاٚنەکەدا بکات و بەرەو ئاودەستەکانی یەکیٚ لە مزگەوتە نزیکەکانی برد.

ئەو کاتە تێبینی کرد کە هیچ کەسێك لە کۆلاٚنەکاندا میز ناکات، قەت کەسێکی بەرچاو نەکەوت کەس دیار نەبێت و روو لە دیوار وەستا بیٚ و میز بکات، وەکو لە زۆر شوێنی دیکە ئەمەی بەرچاو کەوتووە.

زانی کە ئەمە ژێی سیستەمی ئابڕوومەندی کۆمەلاٚیەتی گشتی لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا لەکەدار دەکات، ئەمەش بە لەکەدارکردنی

گشتیی هەولێرییان بەرامبەر بە خۆیان و بەرامبەر بەیەکتری و بەرامبەر بە میوانانی هەولێر دەزانیٚ کە هەردەم لە حاڵەتی ئابڕوومەندیی و پەرۆشی شارەکەیاندان.

مرۆڤ ئەوە لەبەرامبەر دیواری ماڵەکەی خۆیدا ناکات و دەچێتە ئاودەستخانەکەیان، هەربەجۆرەش ئەوە لەسەر دیواری شارەکەیدا ناکات و دەچێتە ئاودەستخانەکەی.

ڕێکوپێکی ئاودەستەکان و بوونی تەکنیکی نویٚ لە ناویاندا سەرنجی ڕاکێشا و کەسێکیشی نەبینی لەبەر دەرگای ئاودەستخانەکان دا بنیشیٚ و پارەی خۆ بەتاڵکردنەوەکەی لێوەربگرێت، وەکو ئەوەی لە زۆر شوێنەکانی دیکە دەبینرێن.

کاتیٚ ئێوارە دادیٚ کرێکارەکانی پاککردنەوە کە زۆربەیان سریلانکین یان بەنگلادێشین بە ڕەنگ و رووە ڕەشتاڵەکەیان و پۆشاکە نارنجییەکەیانەوە دێن و بە پاککردنەوەی بازاڕ و ڕێگاکان هەڵدەستن و مووچەیەکی باش بۆ ئەو خێزانانەی لەگەڵیاندا هاتوون وەدەست دێنن، ژنی زۆری ڕەشتاڵە دەبینرێن کە بە کاری بازاڕکردن و کاری ناوماڵان هەڵدەستن.

کاتیٚ ئێوارە دادیٚ و کرێکارانی پاککردنەوە کۆتایی بە پاکردنەوەی شارەکە دێنن، هەولێرییەکان لەماڵەکانیان دێنە دەرەوەو بەرەو گۆڕەپانەکانی گەڕەکەنیان دەڕۆن، بەجۆریٚ کە هەر گەڕەکێك

میرنشینێکی سەربەخۆ لە ئەوی دیکە پێکدەهێنن.

لە شۆڕش، بەدرێژایی ڕێگاکە تا دەگاتە پردی شۆڕش چێشتخانەی جوانی تێدا هەن، خەڵکی دانیشتوون و لەگەڵ خواردنی (شاورمە) و شیرنەمەنی و ساردەمەنییەکان و جۆرەها خواردن و خواردنەوە خەریکی دەمەتەقێن، ڕێگا گشتییەکانیش پڕن لە شوێنی مەی فرۆشتن، خەڵکی لە گەڕەکەکانەوە بۆ کڕینییان دێن و تاك تاك و کۆمەڵ بە کۆمەڵ بە پێیان و بە ئۆتۆمبیلە گشتی و تایبەتییەکانەوە بۆی دێن، شوێنەکان پڕن لەو کەسانەی بۆ کڕینی خواردنەوەی هاوردەکراو بەپێی نرخە جۆراوجۆرەکان لە هەموو شوێنەکانی جیهان دێن، پاشان قووتووی ماسیی توون و سەردین و گۆشتی بەستوو و تۆو و بادام و پەتاتەی وشککراو و تورشیات دەکڕن و دەیانخەنە ناو کیسەکان و دەڕۆن.

کاتێ خۆی لە نزیك بازاڕی لەنگەی سەر شەقامی چڵی بینییەوە، لە یەکێ لە دەروازەکانی چووە ژوورەوەو لەگەڵ خێزانەکەی لە نێوان کووچەکانی قەیسەرییەی ئەو بازاڕە گەورەیە دەسووڕانەوە کە سەدان دوکانی تایبەت بە فرۆشتنی هەموو ئەو پێداویستییانەی کڕیاران ـ ئەوانەی بەبیر دادێن و ئەوەی بە بیر نایێن ـــــ ی تێدایە.

بریتییە لە شارێك کە لە قەیسەرییەکی گەورە کورتکراوەتەوە، بەجۆرێ ئەوەی بچێتە ناوی هەموو شتێکی تێدا دەست دەکەوێ، هەر لە شوێنی زێڕینگەری و پۆشاك فرۆشتن و کەلوپەلی ناو ماڵ و ئامێرە

ئەلەکترۆنییەکان خواردەمەنییەکان و قەڵەباڵغ لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی هەولێر.

هەندێ جار لە دەروازەکانی شەقامی سەدمەتری دەچیتە ژوورەوەو لە یەکێ لە دەروازەکانی شەقامی چل مەتری دەچیتە دەرەوە، یان لە یەکێ لە کۆڵانەکانی باکوور لە نێوان هەردوو شەقامەکە دەچیتە دەرەوە، چونکە لای خوارەوەی ئەم بازاڕە داخراوە.

ئەوەی ئەو بازاڕە گەورانەی هەولێر پێیەوەی دیارە ئەوەیە هەستناکەی کە دووبارە بۆی هاتیتەوە، تا ئەگەر ئەو کەسە خاوەنی یەکێ لەم دوکانانەش بێت و رۆژانە بێتە سەرکارەکەی، هەر رۆژە لەوێ خەڵکانێکی تازەو کەلوپەلی تازەو درەوشانەوەیەکی تازە دەبینی، وەکو ئەوەی ئەو شتانە لەگەڵ هەر خۆرهەڵاتنێکی رۆژێکی نوێدا تازە ببنەوە.

هەرجارێك مرۆڤ بچێتە ناوی، تامێکی وای دەکات وەکو ئەوەی یەکەمجاری بێ بچێتە ناوی، دەتوانێ شتێکی نوێ ببینێ کە پێشتر نەیبینیووە.

کاتێ لە بازاڕەکە دەرچوون و گەیشتنە سەرشەقامی سەدمەترییەکە، لەسەر شەقامەکە وەستان و چاوەڕێی تەکسییەکیان دەکرد بۆئەوەی بیانگەیەننە کۆمەڵگەی (فامیلی مۆڵ)و بە ژنەکەی گوت کە بەم بۆنەوە نانی نیوەڕۆ لەوێ دەخۆن.

ئەویش پێی گوت لەجیاتی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لەم کۆمەڵگایە واباشترە مریشکێکی سوورکراوە ببەنەوە ماڵەوە، پێشتر خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارەیان لەوێ خواردووە و نرخەکەی گەلێ زۆر بوو و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چێشتخانەی میوانخانەکانی پێنج ئەستێرە نەبوو.

بەڵام ئەو بە چرپە گوتی: خاتوونەکەم خەمت نەبێ، گەر لە مانگێك یان دوو مانگ جارێك ژەمێك خواردنمان لە شوێنێکی ئەوەها خوارد کێشەیەك نابێت.

لەپڕ ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە خەڵکی لە تەنیشتیانەوە وەستا و دوای کەمێك یەکێکی لێ هاتە خوارەوەو بەرەو رووی هات، سەیرێکی کرد ئەوساکە ناسییەوە، لێی نزیك بووەوە و پیاوەکە باوەشی پێدا کرد و سڵاوی لە ئاڤان کردو دەستی کرد بە ماچکردنی مندالەکان.

ئەوکاتە ئاڤان لێی پرسی : جین چۆنە؟

گوتی : باشە

گوتی: لەم رۆژانە خەریکی چییە؟

پیاوەکە پێکەنی و گوتی : ژوورێکی لەو ماڵەی بەکرێمان گرتووە کردۆتە شوێنی دوورمانی پۆشاکی ژنان، ماڵەکەمان شەو و رۆژ پڕە لە ژن.

پێکەنی و گوتی: پیاو ئەوە دەرفەتێکە بۆتۆ، رەنگە هاوسەرێکی

گونجاو لەو ژنانەی کوردستان بۆ باوکی بدۆزیتەوە.

نەختێك وەستا و قورگی بینگیر بوو، داوای لێبووردنی لێکردو گوتی: لەکەیەوە تۆ لە هەولێری؟

گوتی: مانگێك لە خێوەتگەی دۆمیز ماینەوە، پاشان هاتینە ئێرە، لەگەڵ خاوەنی ئەو تەکسییە ناسیاویم پەیدا کرد و لەم رۆژەوە بەنیوە لەسەری ئیش دەکەم.

داوای لێبووردنی لە نەفەرەکان کردو گوتی: تکایە چاوەڕوانم کە، شوێنەکە نزیکەو ئەوانە دەگەیەنم و دوای دە دەقیقە دەگەڕێمەوە لات.

رازی بوو و (جەنگدار)بەخێرایی دەرپەڕی.

ژنەکەی گوتی: دیارە کاروباری باش بووە و وا بزانم سەرخۆشیش نەبوو.

گوتی: خودا یارمەتی بدات، بۆ ئەو کۆستێکی قورس بوو.

پیاوەکە دوا نەکەوت، بەخێرایی گەڕایەوە و داوای سواربوونی ئۆتۆمبیلەکەی لێکردن.

گوتی : سوپاس جەنگدار، من دڵخۆشم بە بیبینت و بەم بۆنەیەوە داوات لێدەکەم خۆت و (جین) داوەتی ئێمە بن لە (فامیلی مۆل).

گوتی: بەسەرچاوان دەتانگەیەنم، بەڵام بۆ داوەتەکە داوای لێبووردن دەکەم. ئاڤان گوتی: بەڕاستی زۆر پەرۆشی بینینی جینم و دەمەوێ بیبینم.

گوتی: مادامەکینێ ئیشەکە وایە، کارەکەم سپارد بەخوا، دایکی لاوین.

کاتێ ئەوانی گەیاند، گوتی دەگەڕێتەوە ماڵ و جین لەگەڵ خۆی دێنێ.

لە کاتی دابەزینیان لە ئۆتۆمبیلەکە، سەیرێکی ساختمانە گەورەکەی کرد، پاشان هەموویان بە پلیکانەکاندا سەرکەوتن و بەرەو دەرگاکە رۆیشتن.

شوێنەکە لە بەرچاوانی وەکو کەرنەڤاڵێك بوو و وەکو رۆژی کردنەوەی بوو، بە بەش و نهۆمەکاندا گەڕان و ئاڤان هەندێ پێداویستی ژنانەی بۆ خۆی کڕی، پاشان لە کافتریاکە دانیشتن و هەندێ شەربەت و ساردەمەنیان خوارد و بەرەو چێشتخانەیەك لەم چێشتخانە زۆرانەی هەڵیانبژارد بوو رۆیشتن.

لە کاتی دانیشتنیان، جەنگدار پەیوەندی پێوە کردن، بۆ شوێنی چێشتخانەکە رێنمایی کردن.

دوای کەمێك هاتنە ژوورەوە، کچەکە خۆی بە باوەشی ئاڤاندا کردو بەکول گریا، ئەویش گریا، پاشان بەگەرمی یەکتریان راموسی، پاشان سلاوی لێکرد: تەندرووستیت چۆنە باوکی لاوین؟

سوپاسی کردو گوتی: باشم

گوتی: پێم سەیر بوو کاتێ باوکمم بینی لە ناوەختیدا گەڕایەوە و

پێی گوتم شتێکی لەناکاوی خۆشم پێیە بۆ تۆ و پەلە بکە بۆ چوونە دەرەوە.

سێ ژن بۆ دروینی پۆشاکیان لەوێ بوون، داوای لێبووردنی لێکردن و بە پەلە هات.

پاشان سەیری باوکی کردو گوتی، بەدرێژایی رێگا داوام لێکرد ئەو شتە کتوپڕەم پێ بڵێ، پێی نەگوتم تا تۆم بینی، بەراستی ئەوە بۆ من شتێکی دڵخۆشکەر بوو.

ئاڤان گوتی: ئەو کاتەی بینیم، لە دڵی خۆمدا گوتم : ئەوان بەیەك گەیشتن، تائێمەش بەیەك نەگەین وازیان لێ ناهێنم.

لەکاتی خواردن گوتی: تۆ غەریبی لەم شارە ئایا گواستنەوەی خەڵکی بۆ تۆ قورس نەبوو؟

گوتی: خاوەن تەکسییەکە ماوەی هەفتەیەك لەگەڵمدا بوو تا رێنمایی رێگاکانی بۆ کردم، هەرچۆنێ بێ رێڕەوی شەقامە سەرەکییەکانی هەولێرم ئەزبەر کرد، شەقامی سەدمەتری، شەقامی شەستمەتری و شەقامی چل مەتری و شەقامی سیمەتری، چونکە رێڕەو و بازنەی ئەو شەقامە سەرەکییە درێژانەی کە لە نێوان خۆیاندا دەچنەوە سەر بەشە سەرەکییەکانی شار کارەکانیان بۆمن ئاسان کرد.

پاشان داوای رەوتەنییەکان دووبارە زیاتر بووەوە، هەنووکە ناچمە شوێنێك کە پێشتر بۆی نەچوو بووم یان بۆ شوێنێکی نزیك لەو.

دوای تەواو کردنی خواردنەکەیان، چایەیان خواردەوە، پاشان جەنگدار ئەوانی گێڕایەوە بۆ ماڵەوە.

ئەوکاتە داوای هاتنە ژوورەوەی لێکردن، هاتنە ژوورەوەو نزیکەی نیوکاتژمێرێك دانیشتن و سەرو قاوەیان خواردەوە، پاشان رۆیشتن.

ئەو رۆژە خۆش بوو، بەبێ ئەوەی هەست بکەن کاتەکان بەسەرچوون، کاتێك نیشانەی شەکەتی لەسەر منداڵەکان دەرکەوت، گوتی: دیارە پێویستیان بە پشوودانە.

ئاڤان گوتی: هەنووکە بۆ هەمووومان لە نووستن باشتر نییە.

ئەوکاتە لەسەر ئیسفەنجێك پاڵکەوت و خەوبردییەوە و تا کاتژمێر هەشتی ئێوارە لەخەو هەڵنەستا، منداڵەکان هەڵسان و ئاڤانیش لەخەو هەڵسا.

تەلەفزیۆنی داگیرساند، ژنەکەشی چوو تا قاوەیەکی بۆ ئامادە بکات.

ئێوارانیش هەولێر بۆ پیاسەی سەر شەقامەکانی پەلکێشی دەکرد، مۆبایلەکەی بەدەستەوە بوو و تا پاترییەکەی بارگەی تەواو دەبوو گوێی لە گۆرانییەك یان پارچە مۆسیقایەك دەگرت، هەندێ جاریش لە هەندێ شوێنی وەستانی کۆستەرەکان یان لە هەندێ باخچەکان دادەنیشت.

لە ئێوارەکانی هەولێردا کات چێژی خۆی هەیە، تا بەتەنیا پیاسە کردن و گوێگرتن لە گۆرانیی و مۆسیقا تامێکی تایبەتی هەیە، وەکو

ئەوەی یەکەمجاری بێ رواڵەتی شەقامەکان بدۆزێتەوە.

کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەم خواردنانە لەگەڵ خۆی دێنێتەوە کە منداڵەکان پێیان خۆشە، وەکو ئەوەی ساڵێك لێیان دوور بوو بێت بە غاردانەوە خۆی پێدا دەکەن و ئەویش بە پەرۆشییەوە رایان دەموسی وەکو ئەوەی ساڵێ بێت ئەوانی نەبینیێ بێ.

بەشی خۆیانی لە پێچراوەکان پێدان، دانیشت و ئەوکاتەی منداڵەکان پێچراوەکانیان هەڵدەپچڕی ئەو چێژی لە سەیرکردنیان وەردەگرت.

❊ ❊ ❊

لەگەڵ لێدانی زەنگی مۆبایلەکەی چاوەکانی کردنەوە، پاشان سەیری کاتژمێرەکەی کرد، کاتژمێر دوو و نیوی دوای نیوەشەوی نیشاندەدا، لەگەڵ کردنەوەی هێلی مۆبایلەکەی بۆ زانینی ناوی پەیوەندیکەرەکە سەیرێکی شاشەی مۆبایلەکە کرد، لەپڕ ناوی دکتۆر (سلیڤان)ی بینی.

بەپەلە بە نیگەرانییەوە هێلەکەی کردەوە، گوێی لە دەنگی هاوڕێکەی بوو، دەزانم لەخەوم کردی بەڵام خۆم و ژن و کوڕەکەم دوای دوو کاتژمێر و نیوی دیکە لە هەولێرین و پێش هەموو شتێك دێمە لای تۆ و ئەوان لای تۆ دادەنێم و بۆ کارێکی زۆر بەپەلە دەردەچم.

گوتی: چی روویداوە هاوڕێکەم؟

گوتی: دیارە یەکێ لە خێزانەکان تووشی رووداوی هاتوچۆ هاتوون، بارودۆخیان زۆر نالەبارە و لە نەخۆشخانەی ئەوێ پەیوەندییان پێوەکردم بۆ ئەوەی بگەمە لایان.

کاتێ مۆبایلەکەی داخست، چووە ژوورە گەورەکە، بەڵام لە وەئاگا هێنانی ژنەکەی دوو دڵ بوو، لەبەر ئەوەی کات هێشتا زوو بوو دەتوانێ نەختێکی دیکەش بخەوێ.

گەڕایەوە چێشتخانەکە، کوپێك چایەی لێنا و گەڕایەوە ژوورەکەی و لێی دانیشت و دەستی برد بۆ کتێبێك و دەستی کرد بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی.

دوای کاتژمێرونیوێك، جارێکی دیکە هەڵسایەوە و بانگی خێزانەکەی کرد، ژنەکەی چاوەکانی کردنەوەو سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و گوتی: کات زووە، ئایا پێویستیت بە شتێکە؟

گوتی : نەخێر ئازیزەکەم، بەڵاّم (سلیڤان) هاوڕێ پزیشکەکەمان لەگەڵ خێزانەکەی دوای کاتژمێرێکی دیکە لێرەن.

ژنەکە جێگەی خۆی هەڵسایەوەو لە شوێنی خۆی دانیشت : خێرە ئینشاللاّ...لەم کاتە زووە؟!

گوتی: نیوەشەو ڕووداوێکی هاتوچوو ڕوویداوە و لەیەکێ لە خۆشخانەکان پەیوەندییان پێوە کردم.

لەبەرئەوەی تەندرووستیان ناجێگیرە ئەو بۆ حاڵەتی فریاکەوتن هاتووە و ڕەنگە یەکێ لە پزیشکەکان بۆ پشت بەستن بە شارەزایی ئەو، ئامۆژگاری ئۆفیسی نەخۆشحانەکەی کردبێ.

ئاڤان ماڵەکەی بۆ پێشوازی کردنی میوانەکان ڕێکخستەوە و دوای کەمێك زەنگی مۆبایلەکە لێدرا، گوتی : دیارە ئەوان گەیشتن.

هێلەکەی کردەوەو گوتی: بەخێربێن ئازیزەکەم، سوپاس بۆ خودا سەلامەت گەیشتن.

سلیڤان گوتی : سوپاس، هەنووکە گەیشتین و ئێمە لەسەر پردی عەنکاوەین، بۆ کام لا بڕۆین؟

گوتی: لەسەر شەقامی چلی، لەتەنیشت بازاڕی لەنگە، من لەسەر

ڕێگا دەوەستم.

هێلەکەی داخست و لەماڵ دەرچوو و دوای چارەگە سعاتێك هاوڕێکەی بینی کە بۆ ڕێنمایی کردنی ناونیشانەکە تەکسییەکی پێش ئۆتۆمبیلەکەی خۆی خستووە.

لە تەنیشتی سوار بوو و سلاّوی لێکرد، پاشان رووی کردە ژنەکەی و گوتی: مەدام رۆنی سوپاس بۆ خودا سەلامەت هاتن.

گوتی : خودا سەلامەتت کا، ئاڤان چۆنە؟

گوتی: باشە..پاشان گوتی : بەرهام چۆنە؟

منداڵەکە پێکەنی و گوتی: کۆکە مامەگیان

پزیشکەکە گوتی : گەر ئەو تەکسییە لە پردی عەنکاوەوە رینمایی نەکردبام بە کاتژمێرێکیش نەدەگەیشتم، من بە پەلەم، دەبێ بگەمە نەخۆشخانە، ئەوان هەر چارەگە سعاتێ جارێك پەیوەندیم پێوە دەکەن.

کاتێ ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە تەنیشت دەرگا، ئاڤان لە چاوەڕوانیاندا وەستا بوو، سلیڤان گوتی: بەیانیت باش مەدام، داوای لێبووردن دەکەین لەسەر ئەو زەحمەتە لەم کاتەدا.

گوتی: دکتۆر، ئێمە لەهەموو کاتێك شەرەفمەندین بە ئێوە.

لەبەر دەرگا دایبەزاندن و ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو نەخۆشخانە وەگەڕخست.

ئاڤان بە راموسینەوە پێشوازی لە ژنەکە کرد، بەگەرمی بۆ

ژوورەوەی برد و گوتی: فەرموو خۆشەویستەکەم، ماڵ ماڵی خۆتە.

لەگەڵ کوڕەکەی هاتنە ژوورەوەو گوتی ئەوان بەم بەیەکگەیشتنەیان کە بۆ جاری دووەمە کۆدەبنەوە بەختەوەرن.

ئاڤان بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: رۆنی، من دڵخۆشم بەم هاتنەتان، یەکەمجار کە تۆم لە خێوەتگەی دۆمیز بینی تۆم خۆشویست.

پزیشکەکە تا کاتژمێر سێی عەسر دەرنەکەوت، ئەو کاتە گەڕایەوەو ئاسەواری شەکەتی پێوە دیار بوو و گوتی لە کاتێکی گونجاودا گەیشتم، یەکسەر دوو نەشتەرگەریم ئەنجامدا، یەکێکیان بۆ کیژۆڵەیەکی تەمەن شانزەساڵان و ئەوی دیکەش بۆ منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان، بەڵام ئەوانی دیکەی خێزانەکە حاڵەتیان وەکو ئەوانە زۆر جێگەی مەترسی نەبوو، قاچێکی باوکەکە بڕایەوە و نەخۆشخانەش هەندێ چارەسەری بۆ دایکەکە کرد.

پاشان گوتی: باوکەکە ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوڕی و لەگەڵ خێزانەکەی شەو لەلای یەکێ لە خزمەکانیان دەگەڕانەوە و لەرێگادا خۆی بەئۆتۆمبیلێکی وەستاوی سەر رێگا داداو ئۆتۆمبیلەکەی وەرگەڕا.

پزیشکەکە لەو ژوورەی بۆیان ئامادە کرا بوو نەختێ پشووی دا، پاشان هاتە دەرەوە، خۆی شۆشت و بۆ نانخواردن هات، بەدرەنگی نانی نیوەڕۆیان خوارد .

گوتی: دیارە ناچار دەبم دوو ڕۆژان بۆ چاودێریان لێرە بمێنمەوە و پاشان دەگەڕێینەوە.

ئاڤانیش گوتی: ئەوە شەنسی منە و هەلێکە بۆمن تا بە دەستەخوشکە قەدرگرانەکەم گوشاد بم.

ژنەکەش سوپاسی کردو گوتی: ئەوە لە یەکێ لە شتە باشەکانی گرفت و کێشەکانە، خەڵکی تیایدا بە باشی بنەچەو مەعدەنی یەکتریان بۆ دەردەکەوێ.

گوتی: ئەی هاوڕێکەم تۆ چیت بەسەر هات، ئایا وەکو ئەوەی خەونت پێوە دەبینی بۆ خوێندنەوە یەکلا بوویتەوە؟

گوتی: دەتوانم بڵێم کە بەشێك لە خەونەکەم هاتە جێ، چونکە بەشێکی کاتەکەم بۆ خوێندنەوە یەکلایی کردۆتەوە، نۆرینگەیەکم بەکرێ کردۆتەوە، ئێواران لە کاتژمێر چوارەوە تاکو هەشتی ئێوارە دەوامی تێدا دەکەم، بەڵام بۆ نەشتەرگەرییەکان گەر دۆخێکی نائاسایی لەمجۆرە نەیەتە پێش، هەفتەی تەنها دوو نەشتەرگەری ئەنجام دەدەم .

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێیەم دوای خواردنی نانی بەیانی خۆیان بۆ گەڕانەوە بۆ دهۆك ئامادەکرد، لەوکاتە پزیشکەکە لە لایەن یەکێ لە خزمەکانی نەخۆشێك پەیوەندی پێوەکرا، دوای داخستنی هێلەکە داوای لە هاوڕێکەی کرد بیباتە شوێنەکە، چونکە هەندێ لە کەس و کاری نەخۆشەکان سوورن لەسەر ئەوەی لەماڵەوە سەردانیان بکەم.

لەگەڵ هاوڕێکەی چوونە دەرەوە و لە ڕێگادا پێی گوت : دیارە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی پارەی چارەسەرییەکەم بدەنێ، بەبێ ئەوەی بزانن کە ئەمە بۆمن جێگەی نیگەرانییە، تۆش وانابینی هاوڕێکەم؟

گوتی: هەروایە، چونکە تۆ میوانی، چۆن دەبێ میوان کرێی خزمەتێك وەرگرێت کە پێشکەشی خانەخوێکەی کردووە.

گوتی: لە ڕێگەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە هەوڵیاندا، بۆچوونی خۆم پێگوت، ئەویش قەناعەتی هات، ئەویش پێی ڕاگەیاندن، بەڵام جارێکی دیکە لە نەخۆشخانە ویستییان، پێم گوتن: تا دابونەریتی کوردەواریش ڕێگە بەمە نادات، گەر بۆ نۆڕینگەکەم هاتبان ئەوکاتە شتەکە جیابوو، بەڵام ئێوە بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەم هاوارتان بۆمن هێنا و سوپاسیش بۆخودا هەردوو نەشتەرگەرییەکە بەسەرکەوتووی ئەنجامدران.

دوای کەمێك ئۆتۆمبیلێك وەستاو سێ کەسی تێدابوون، پاشان هاتنە ماڵەوە و دوای دانیشتنیان یەکێکیان برای ئەو خاوەن خێزانە بوو کە ڕووداوەکەی بەسەردا هات و پێچراوێکی بۆ پزیشکەکە ڕاگرت، جارێکی دیکە ڕەتی کۆتایی کردەوە کە وەری بگرێت و گوتی: پێویستە ئەوەی من بۆتانم کرد وەکو دیارییەك لە برایەکەوە بۆ براکەی وەری بگرن، گەر سووریش بی لەسەر ئەوە مانای ئەوەیە برایەتیم ڕەت دەکەیتەوە.

تەنها ئەوکاتە پیاوەکە پێچراوەکەی هەڵگرتەوەو گوتی: لێتبردمەوە دکتۆر گیان.

دواتر دوای خواردنەوەی چایەو قاوەیەك چوونە دەرەوە.

پاشان داوای لە هاورێکەی کرد، رێگەی گەرانەوەی پێ بدەن، گوتی رێگەی پێنادات تا دوای ئەو بەرنامەیە نەبێ کە دای ناوە، ئەویش بریتییە لە گەشتێك بۆ ئەوەی بەباشی شاری هەولێر ببینن و دەیانباتە سەر قەلاّ و پاشان دەگەرێنەوە بۆ ماڵەوە و نانی نیوەرۆ دەخۆن و ئەوسا ئازادن کەی دەگەرێنەوە.

کاتێ سەیری ژنەکەی کرد، ئاماژەی بۆ کرد کە ئاڤان قەناعەتی بەم بیرۆکەیەی هێناوە و ئەویش رازییە،چونکە هاتوونەتە هەولێر و هێشتا نیشانەو شوێنە دیارەکانیشیان نەبینیووە.

کاتێ کاتژمێر بووە نۆ و نیو، بە ئۆتۆمبیلەکەی هەندێ شوێنیان بەسەرکردەوە و هەندێ وێنەی یادگارییان گرت، پاشان بەرەو قەلاّ رۆیشتن.

گوتی: هەولێر شارێکی هێمنە، مرۆڤ دەتوانێ کاتی هێمنی تێدا بەسەر بەرێت، هەموو بنەماکانی پشوودان و سەقامگیری تێدایە.

پزیشکەکە گوتی: شتێکم لەوانە تێدا بەدی کرد.

گوتی: گەر گوێم بۆ بگری، ئەم شەویش لێرە بمێنەوە، دەتبەمە شوێنێك کە شایانییەتی بۆی بمێنیتەوە.

ڕۆنی.. کاتێ گوێی لەقسەکەی بوو گوتی: قسەکەت وامان لێدەکات ئەم شەو لێرە بمێنینەوە، سلیڤان ئەو راست دەکات، تۆ شەکەتی، وا باشترە پێشگەڕانەوە نەختێ پشوو بدەیت، چونکە تۆ خۆت ئۆتۆمبیلەکە لێدەخوڕی .

گوتی: بەخوا ئازیزەکەم راست دەکەیت، تا لە رووی تەندرووستیشەوە ئەوە باش نییە، واباشە بەشێوەیەکی باش پشوو بدەم، تاکو بتوانم بە باشی لێبوخوڕم، پاشان بە پێکەنینەوە گوتی : هەروەها چێژ لە لێخوڕینەکەش وەردەگرم.

کاتێ کاتژمێر گەیشتە یەك و نیو، گەڕانەوە، نانی نیوەڕۆیان خوارد، پاشان پشووێکی نیوەڕۆخەویاندا و کاتژمێر هەشتی ئێوارە بەرەو باخچەی (فامیلی مان)ی بردن.

چوونە ناو باخچەکەو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەناو باخچەکەدا گەڕان، پزیشکەکە گوتی: واتێدەگەم لە شارێکی ئەورووپیم، شتێکی جوانە، هەر سوچێك لە سووچەکانی ئەم باخچەیە بە شێوازێکی هونەری و داڕێژراو دامەزراوە، هەروایە و راست دەکەیت، من گوشادم بە ناسینی ئەو کەش و هەوایە.

ئەم گەڕان و سووڕانە نزیکەی دووکاتژمێرونیوانی خایاند، پاشان لە یەکێ لە چێشتخانەکانی باخچەکە نانی شێوانیان خوارد و گەڕانەوە.

بەیانی، لەخەو هەڵسان و دوای نانخواردن چوونە دەرەوە، دەستی

هاوڕێکەی گووشی و هەردوو ژنەکانیشیان یەکتریان رامووسی و بەرهامیش خواحافیزی لە مندالّەکان کرد.

* * *

هەولێر

لەساتی هاتنە ژوورەوەی ئەم قۆزییە ئەفسووناوییەی وێنەی کۆترێکی تازە لە شەماڵی بەهەشتی جاویدانی لەپڕ کەوتوو، هەستێك لە سەرسامیی دایگرت و بە هێواشی خۆی پێداکرد، دڵی لە ناو سینەی دەرپەڕی و بەرەو دەرگاکە خۆی هاوێژت.

هەولێر

لەکاتی ژەنینی لەسەر ناسکترین ژێی دڵە هەستیارەکەی هەر پیتێك لە پیتەکانی ناوی پیرۆزت دەیچریکاند و ویردی دەخوێند.

هەولێر

لەسەر هەردوو پێیەکانی وەستا، هەردووچاوی لافاوی فرمێسکی رشت، روخساری وەکو ئەوەی پێشتر درەوشانەوەی وای نەناسیبێ بە چراو منارەی دیدەنیی درەوشایەوە.

هەولێر چەندە مەزنی

پاشان لە ساتەکانی بێئاگاییدا، نازانێ چۆن خۆی لە بەهەشتی باوەشیدا بینییەوە

هەستێك دایگرت پێیوابوو پۆپەی بۆنی فیردەوس هەڵدەمژێ

پێشتر دەستی لە باوەشێکی وەك باوەشی ئەو نەدابوو

پێشتر بۆنۆنێکی وەك بۆنی خۆشی ئەو هەڵنەمژی بوو

پێشتر تامی چێژی هەنگوینی سەرفرازی نەکردبوو، وەکو گرانبەهایەك تامی نایابیی خۆی لە پەڕەی گەرمیی باوەشی دەکات.

گیانەکەم چەندە بەرزی

خەریکە بەهەموو هەست و نەست و قەبارەی ئەو ئارەقەیەی لەهەموو کونیلەکانی جەستەیەوە دێنە دەرەوەو لافاوی ئەو فرمێسکەی لە چاوەکانییەوە دەڕژێن و موچڕکی ناڵەی سەدای ئەو پیتانەی لە سەر موچڕکەکانی ژێی دڵیدا دەڕۆن، خۆی پێوە دەگرێ.

خەریکە، هەموو ترسێك لە ساتەوەختێکی شێتانەدا خۆی پێدادەکات و، وەکو چۆن بەفر لەسەر لووتکەی چیاکاندا دەتوێتەوە، ئەویش لەبەر دەستەکانی دەتوێتەوە.

وەکو چۆن دوکەڵ لە باوەشی زەریاکاندا ون دەبێ، ئەویش لەبەرچاوانی ون دەبێ.

ئەوکاتەی لە باوەشی خۆی دەگرت و پەنجەکانی دەخستنە کەلەبەری قژی، بەتاسەوە چرپاندییە گوێی: دەمەوێ لە خۆشەویستیشدا بەهێز بیت.

وشەکان لەسەر زمانی گلۆر دەبوونەوە : ئاه، ئای لە شکۆمەندی چێژی ئەو فرمێسکانەی لە چاوانمدا دێنە خوارەوە، پێشتر قەت وەکو

هەنووکە بەمجۆرە چێژم لە رشتنی ئەو فرمێسکانەی وادەزانم لە دەماری دڵمەوە دەڕژێن نەبینیبوو.

لێمگەڕێ با لەسەر شانەکانت بگریم
لێمگەڕێ با بۆنت کەم و بگریم
لێمگەڕێ با ببمە ماندووترین بوونەوەری جیهان و
من تۆم خۆشدەوێت
لێمگەڕێ با گوێم لە سیمفۆنیای چریکەی دەنگت بێ
لێمگەڕێ با هەموو کۆتەکان بشکێنم و تۆم خۆشدەوێ
لێمگەڕێ با گوێم لە زایەڵەی بێ دەنگیت بێ
لێمگەڕێ با کتێبی سەرنجەکانت بخوێنمەوە
بێهێزیی ژێرچرای روخسارت چەندە مەزنە

ئەو کاتەی من لە جومگەکانیەوە هێزی جیهان وەردەگرم، چەند مەزنە.

زۆر لەسەرخۆ سەری بڵندکردو دیار بوو مەزنترین شت کە پێشکەشی چاوانی بکرێت ئەو کردیە دیاری چاوەکانی.

مرواری... مروای، لە مرواری رووناکی روخسارەکەی ورد بووەوە.

لەو ساتەدا بەهای مەلەکردنی چاوانی لە فەلەکی جوانیدا زانی، پیتەکان لەسەر موچڕکەی زمانی دەیانگوت :

تۆ..

بەنرختری..

لە گیانم..

ئەی..

هە..

و..

لێر..

داوای دانیشتنی لێکرد، بە هێواشی سوپاسی کرد و بە شێنەیی لە سەر لایەکی جێگەکەی هاتە سەرچۆك.

سەیری کرد و لە بەرامبەری لەسەر جێگەکەی نیشت، وەکو ئەوەی بە گوێیدا بچرپێنێ گوتی : ئایا چێژ لە لایەنە باشەکانی بەرەو چاکبوونەوە لە نەخۆشی وەردەگریت؟

پڵماندی: هەموو ئەوانی لە ماڵەوەن زیاتر لە پێشان دەملاوێننەوە

چرپاندی: تۆش زیاتر لە پێشان خۆت نالاوێنیتەوە؟

زانی ئەو مەستی ئەو گەشتە بوو کە دوێنێ بۆ قەڵای دیوین کردیان، ئەو قەڵایەی بە پانتاییەکی زۆری سەوزایی و دۆڵ و چیاو پێچ و پەنا دەولەمەندە.

ئەمەش ئەو کاتە بوو کە لەگەڵ خێزانەکەی بڕیاریاندا دوای ئەو مانەوە درێژەی لە ماڵەوە رۆژێك لەم دەشتە و سرووشتە بەسەربەرن.

ژنەکەی گوتی: منداڵەکانیش پێویستیان بە گەڕانێکی لەمجۆرەیە.

ئەوکاتە لە قەبارەی ئازاری ناخی بێرهات و لاوین تێگەیشت، کە لە ئەنجامی ئەو دەرکێشانە بەزۆرییەی بەسەریاندا هات لەو شوێنەی تێیدا گەورە بوون و لەناکاو بەهەموو کەرەستەکانی ژیانەوە خۆیان لە ئاقارێکی دیکەدا دۆزییەوە.

لە هەستیاریی مامەڵە کردن لەگەڵیان لە میانەی وردیی ئەو پەروەردەکردنەی پێویستیان پێیەتی تێگەیشت و هەر بۆیەش ناخۆشی و جیاوازی لە نێوان ئەو و ئاڤان لە هەندێ هەڵوێستدا هەڵچوون بەخۆیەوە دەبینێ، بۆی لێکدەدایەوە کە بێرهات لە قۆناغێکی زۆر هەستیار دایە و تیایدا رواڵەتی هۆشیاریەکەی پێکدەهێنێ، چونکە ئەم واقیعە نوێیە کەلێنێك دەخاتە ئەو شێوازەی لەسەری گەورە بووە و بۆیە وەکو بیمەیەك بۆ ئەو شتانەی لەدەستی داوە پێویستی بە چاودێرییەکی زیاتر هەیە و کاتێ هەست بە کەمتەرخەمی لەم چاودێرییە دەکات هەوڵدەدات بەرێگایەکی ناراستەوخۆ وەدەستی بێنێتەوە، خۆی لەخواردن دەدزێتەوە و تا دێتە سەر خوان درەنگ دەستەکانی دەشوا، ئاڤانیش لەسەر ئەم رەفتارەی سەرکۆنەی دەکات، ئەویش ئەوکاتە هەڵدەستێ و بەشداری لە نانخواردنەکە ناکات، ئەمەش لە هەندێ سەردانەکاندا دەردەکەوێ کاتێ رەفتارێکی وا دەکات ئەوکاتە پێویست دەکات لە میانەیدا زیاتر ئاوڕی لێ بدەنەوە.

ئەو کاتە بە ژنەکەی رادەگەیەنێ کە ئەو کێشەی هەستکردنی بە چاودێری زیاتری دایك و باوکی هەیە و ئەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای ئەمە دەکات.

شتەکە سەبارەت بە لاوین جیاوازە، ئەو تەمەنی پێنج ساڵە و لەبەر ئەوەی کوڕە دەیەوێ هەندێ لە بەرپرسیارێتی نێرینەیی و هەندێ لە دەسەلاٌتی لە ناو ماڵدا پراکتیزە بکات و هەلی ئەوەشی بۆ دەڕەخسێنن هەندێ جار بۆ کڕینی چەند کەلوپەلێك بۆ هەندێ لەو دوکانانەی دەوروبەری دەنێرن.

چونکە کپکردنی هەست و نەستەکانی بەرەو حاڵەتی بێ ئینتیمایی خێزانی دەیبات، پاشان پەرە دەسێنێ و وای لێدێ هەستکردنی بە گیانی بەرپرسیارێتی بەرامبەر خێزانەکەی لەدەست دەدات، بۆیە زۆری لە ژنەکەی دەکرد تا لەگەڵیان نەرم و نیان بێت و حەزوئارەزووەکانیان جێبەجێ بکات.

لەوکاتەی سیروان بەهۆی تەمەنییەوە زۆر پێویستی بە چاودێرییەکی وا نییە، ئەو وانازانێ کە لە واقیعێکەوە چۆتە واقیعێکی دیکە، ئەوەتانێ لەگەڵ واقیعەکەی رێککەوتووەو بە شێوەیەکی سرووشتی نەشونما دەکات.

گوتی: لەگەڵ شۆفێری ئۆتۆمبیلێك رێکدەکەوم تا رۆژێك لە رۆژەکانی ئەم هەفتەیە بمانباتە گەشتێکی ئەم سرووشت و دەشتەی

هەولێر.

ئێوارەکەی چووە سەر شەقام، دەستی بۆ ئۆتۆمبیلەکان بەرزدەکردەوە تا شۆفێرێك رازی بوو بیانباتە گەشتێکی لەمجۆرە.

گوتی: کاتژمێر هەشتی بەیانی دەردەچین و تا پێش دەی شەو ناتوانین بگەڕێینەوە، چونکە بەپێی بەرنامەیەك دەڕۆین کە هەموو رۆژەکەی دەگرێت.

هەنووکە ئێمە لە سەرەتای هاوینین، گەشت بەناو چیاکاندا دەکەین و لە وێستگەکانی پشوودان دەوەستین و دەچینە ناو هەندێ گوند و گەڕەك و لە دوا وێستگەشدا دەچینە شەقلاوە چونکە شارێکی گەشتیاری بێوێنەیە.

گوتی: من لاریم نییە.

گوتی: بۆ ئەم گەشتە سەدوپەنجاهەزار دینارت لێوەردەگرم.

گوتی: سەرچاو ئازیزەکەم.

گوتی ئامۆژگاریتان دەکەم رۆژانی هەینی و رۆژانی پشووی فەرمی گەشت نەکەن، چونکە لەبەر قەڵەباڵغی ئۆتۆمبیلەکان رۆژانی هەینی و پشووی فەرمی ئەو ماوەیەی رێگەی کاتژمێرێکە ئێوە بە دوو کاتژمێران ئەوسا دەیبڕن.

پاشان لەگەڵی رێککەوت تا کاتژمێر هەشتی بەیانی رۆژی گەشتەکە ئامادە بێت و بەرنامەکە دەست پێ بکەن، نەبادا شتێکی

لە ناكاو بێتە پێش ژمارەی تەلەفۆنەكانیان گۆڕییەوە.

شۆفێرەكە لەگەڵ ڕۆیشتنەكەیدا گوتی : خوا حافیز باوكی لاوین.

بەدەست ئاماژەی بۆكرد: بەخێرچی، سەرچاو كاك رزگار.

هەستی كرد كە هەنگاوێكی گرنگی لە هەنگاوەكانی ئەو گەشتەی هاوێشتووە كە بە پێی ڕێككەوتنەكەی لەگەڵ شۆفێرەكە دوو ڕۆژی دیكە دەست پێدەكەن و ئەم ماوەیەش بۆ كڕینی پێداویستییەكانی گەشتەكەی دەكار برد.

ئاڤان بۆ دەرچوون كاتژمێر حەوتی بەیانی لە خەو هەڵساو دەستی بە خۆ ڕێكخستن كرد، هەندێ برژاو و زەڵاتەی ئامادەكرد و پاشان نانێكی سووكی بەیانی ئامادە كرد و لەخەوی هەڵساندن.

كات بووە هەشتی بەیانی، رزگار لە دەرگای دا و هەموویان هاتنە دەرەوە.

واقی وڕما كاتێ ژنێك و منداڵێكی لەناو ئۆتۆمبیلەكە دی.

رزگار گوتی: بیرم كردەوە نەختێك كرێیەكەت لەسەر سووك كەم، ژنەكەم و كوڕەكەم هێنا تاكو گەشتێكی خێزانی هاوبەش بكەین و هەموو شتەكانیش بەنیووە لە ناوخۆماندا دابەش دەكەین، گەر حەزیش ناكەیت، كێشەیەك نییە و دەیانگێڕمەوە بۆ ماڵەوەو دەردەچین.

ئاڤانی بردە ئەولاو پرسی پێكرد.

ئەویش چرپاندییە بن گوێی : گەر رای منت دەوێ لێگەڕێ با

لەگەڵمان بێن و لە جیاتی سەدوپەنجاهەزار بدەین، نیوەی دەدەین و لە هەردوو حاڵەتدا پیاوەکە وەکو رێبەر و شۆفێر هەر لەگەڵمان دەمێنێتەوە.

گوتی: پێتوایە تۆ لەگەڵیاندا دەگونجێی؟

گوتی : گەر پیاو لەگەڵ پیاو بگونجێ ئەوە ژنیش لەگەڵ ژن دەگونجێ.

گەڕایەوە لای ئۆتۆمبیلەکە و پێی گوت: پشت بەخوا.

ئەوکاتە پیاوەکە خۆی و ژنەکەی هاتنە خوارەوەو منداڵەکەش لە ناو ئۆتۆمبیلەکە مایەوە و هەر دوو ژنەکە یەکتریان ڕامووسی و پاشان کەلوپەلەکانیان خستە ناو ئۆتۆمبیلەکە و کاتێ رزگار چەند برژاوێکی بینی گوتی: ئێمەش لەگەڵ خۆماندا هێناومانە.

ئەو کاتە سواری ئۆتۆمبیلەکە بوون و پیاوەکە گوتی: بەرای من باوکی لاوین بەرەو هاوینەهەواری سەلاحەددین بڕۆین و دەرفەتێکیشە بۆ بینینی جوانیی سرووشت.

ژنەکەش لای خۆیەوە گوتی، دیمەنی جوان و لەسەر رێگاش باخچەی منداڵان هەیە دەتوانن تێیدا رابوێرن.

گوتی: کاك رزگار چۆن دەڵێی با وابێ.

بەرەو رێگای مەسیف رۆیشتن و لەگەڵ رۆیشتنی ئۆتۆمبیلەکە جوانییەکانی سرووشت دەردەکەوتن و ئاوڕی لە ئاڤان دایەوە، بینی

لەگەڵ ژنەکە گونجاوە و بە گەرمی قسەی لەگەڵدا دەکات.

دوای کاتژمێرێك لە گەڕانی هێواش لە نێو چیاکاندا، لە لای باخچەیەك وەستان کە هەندێ یاری منداڵانی تێدا بوو.

لەسەر نیشتگەیەك کە مێز و کورسییەکانیشی لە دار بوو دانیشتن و چایەیان خواردەوە، بەلاّم رزگار گوتی: ئەم دیکۆرە لە سەر شێوەی دارە بەلاّم لە چیمەنتۆ دروستکراوە.

لە سەر کورسییەکان دانیشتن و منداڵەکانیش بەرەو شوێنی یاریکردنەکە رۆیشتن، ئەوسا ژنەکە گوتی: ئەیاز خۆشحاڵە لەگەڵ منداڵەکان.

ئاڤانیش گوتی: دڵسۆزخان منداڵەکانیش ئەویان خۆشویست.

پاشان بەرەو قەلاّی دیوین رۆیشتن.

ئۆتۆمبیلەکە لە نێوان دەشت و چیاکاندا رۆیشت و ئەویش لە نیشانەو ئاسەواری ئەو قەلاّیەی نزیکەی(٢٥) کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورە ورد دەبۆوە، دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی شادی کوڕی مەروانی سەرۆك خێلی راوەندییەکانی باوباپیرانی سەلاحەددینی ئەیوبی درووستکراوە و دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان راوەندی و سەلجوقییەکان ئەو قەلاّیە خاپوور کرا.

شوێنەواری هەولێر بەشێك لە سەربووردەکەی دەگێڕێتەوە و شاهێدە لەسەر هەموو ئەو رووداوانەی بەسەریدا هاتوون: شوێنەواری

چوارتاقان، گردی قالینجاغا، گردی کلك مشك، گردی قەسر، قەلاَی بانەمان، قەلاَی بوك، ئەشکەوتی شانەدەر، هاوینەهەواری بێخاڵ، هاوینەهەواری جوندیان، هاوینەهەواری حاجی ئۆمەران، هاوینەهەواری گەلی عەلی بەگ.

لە نێو چیاکاندا گەڕان تا شوێنێکیان بۆ خواردنی نیوەڕۆ هەڵبژارد، دەستیان کرد بە هێنانە خوارەوەی کەلوپەلەکان و هەروەها کاك رزگاریش خواردنی لەگەڵ خۆی هێنا بوو، هەردوو ژنەکە ئامادەکردنی کەباب و لە شیشدانیان گرتە ئەستۆ.

هەردوو پیاوەکەش بە داگیرساندنی خەڵووزەکە خەریك بوون.

منداڵەکانیش بۆ گوڵچنین و یاریکردنی ناو لم رۆیشتن.

کاتێ هەموویان بۆ نانخواردن دانیشتن، لەم ساتانەدا لەناو سەوزایەکە دانیشتبوو و بەم کێوانە دەور درابوون و کانیاوەکانیانی لێ دەهاتنە خوارەوە، هەولێر تەنها هێواش هێواش جوانیی خۆی دەردەخا، لەگەڵ هاتنی هەر رۆژێك جوانییەکی تازەی خۆی دەردەخا، نانیان خوارد، پاشان چایەیان خواردەوەو بەرەو زێی بچوك رۆیشتن، منداڵەکان تیایدا مەلەیان کرد، چەند ساتێکی زێڕین بوون بۆ ئەو کاتێ منداڵەکانی دەبینی لە ئاوی هەولێردا مەلە دەکەن و هەولێر لە ئاوە شیرینەکەی بەهەردوو دەستە پیرۆزەکانی دەیشۆرین.

لەکاتی عەسردا ژووانی دەرچوونیان هەبوو بۆ گەڕان و سوڕان لە

نێوان چیاو پێچ و پەناو هەڵدێرەکانی دیوین و گرتنی چەند وێنەیەك و خەریك بوو رۆژ ئاوا دەبوو، ئەوساکە تێبینی جوانیی گەڕانەوەی بزن و مەڕ و چێڵ و ماڵاتەکانی بە چڕی بۆ ماڵەکان کرد.

رزگار گوتی: هەنووکە بەرەو شەقلاوە دەڕۆین، ئایا پێشتر سەردانت کردووە.

گوتی: تەنها یەکجار سەردانیم کردووە و نەمتوانی بەباشی بیبینم.

گوتی: هەولێر (٥١ کیلۆمەتر) لە هەولێرەوە دوورە و کەش و هەوایەکی مام ناوەندی هەیە، بۆیە خەڵکی بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان بەتایبەتی لە هاویندا رووی تێدەکەن.

رێگاکانی دەبڕی و تا گەیشتە شارەکە بە ئەنقەست بەناو گوندەکاندا تێدەپەڕی.

ئۆتۆمبیلەکەیان لە سووچێك جێهێشت و بەرێگا قەڵەباڵغەکاندا دەرۆیشتن، ئەوسا رزگار گوتی: شەقلاوە بە شیرنەمەنییە خۆشەکانییەوە ناسراوە.

سجوقی پڕ لە گوێز و بادام و بندقیان خوارد، دوای کاتژمێرو نیوێك گەڕان و سووڕان، لە شەقلاوە دەرچوون و لەسەرخۆ دەرۆیشتن.

ئەوکاتە ریزی ئۆتۆمبیلە وەستاوەکانی تەنیشت رێگاکەی بینی، رزگار گوتی: ئەمە هاوینی هەولێرە، خەڵکی ئێواران لەگەڵ

خێزانەکانیان دەردەچن و دوای نیوەی شەو دەگەڕێنەوە و هەیە چێژ لە مانەوە وەردەگرێت و تا بەیانی لێی دەخەوێ.

دەرفەتێکیشە بۆ ئەوانەی لەم کەشە مەی دەخۆنەوە، بەجۆرێ کە چەند پیاوێك کۆدەبنەوەو کاتەکەیان بەخواردنەوە و کەش و هەوای بووژێنەر بەسەر دەبەن.

شەقلاّوە لە موسڵمان و گاور پێك هاتووەو لە عێراق و هەموو جیهان گەشتیاران رووی تێدەکەن.

رزگار بەدەم قسەکردنەوە دەرۆیشت و ئاڤان و دڵسۆزیش خەریکی قسە و باس بوون و منداڵەکانیش هەموویان لە گەرمەی خەودابوون.

کاتژمێر دەونیوی شەو گەیشتنەوە ماڵەوە، بۆ هێنانەخوارەوەی منداڵاّن و کەلوپەلەکان هاوکاری یەکتریان کرد.

داوای دانیشتنی لێکردن، رزگار سوپاسی کرد و گوتی لێدەگەڕێم با پشوو بدەن.

ئاڤان شەکەت دیار بوو بەدەم خەوتنەوە گوتی: لەسەر خێران رۆژ کەیتەوە.

لەسەر خێران رۆژ کەیتەوە، ئەمەی گوت و چووە ژوورەکەی خۆی و لەسەر جێگەکەی راکشا.

پڵماندی: گەشتێکی خۆش بوو، هەموو شتێکت جوان جوان بوو.

پاشان گوتی: تۆش زیاتر لە پێشان دەملاوێنیتەوە..

دەنگی ژنەکەی هاتەگوێی: هەروەها نەخۆشیش دەتلاوێنیتەوە، پاشان دوای نەختێ بێدەنگی گوتی: ئا ئەوەتە بە تاجەگوڵینەی سارێژبوونەوە تاجی لاواندنەوەت لەسەر دەنێ.

چووە نێو میحرابی بێدەنگی، کپیی هەولێر لە شکۆی حەزرەتیدا دایگرت و هەلێکی بەنرخ بوو بۆ ئەوەی لە شکۆی ئامادەبوونی لانکەی کوردان ورد بێتەوە.

خاتوونی یەکەمی نەتەوەی کورد...

شارە ئەزەلییەکەی نەوەی جنۆکان...

سەدای پیتی وشەکان لەسەر دەنگە ناسکەکەی دەیگوت: ئەی هەولێر ئایا تۆ قەت نەخۆش کەوتی؟

چەند جارێك سەری بۆ خوارەوە لەقاند و گوتی: کاتێ نەخۆش دەکەوم، لەم ساڵەدا بەهار بەڕاکاوی دێت، کۆتر لە گمەی دەکەوێت، شەقامەکان کپ و رەنگزەرد دەبن و پەژارەش رێگاکان دادەگرێ.

لەبەیانییەکانی نەخۆشیمدا رەوەی بولبول و پاساری و کۆترەکان لە سەر پەنجەرەکەم دەنیشن و ئاسمانی قەڵا پڕدەکەن.

جارێگ دەگرین و جارێکیشیان خۆشترین گۆرانییەکانی دەچڕن، بۆ ئەوەی سارێژ ببمەوە لەخودای گەورە دەپاڕێنەوە.

تەمی پەژارە درەختەکان دا دەگرێ، شاهەنگەکان دێنە سەردانم.

کاتێ زلهێزەکان بە زەبری شمشێر لە نەوەکانم دامدەبڕن، تووشی

مەرگەساتی دۆڕاندنیان دەکەن، سەرشۆڕ و رام بوو و دۆڕاو دەردەکەون
.

پیاوەکانیان دەکوژن و ژنەکانیشیان لەبەر چاوی من بۆخۆیان حەلاڵ دەکەن.

نەخۆشییەکەم تەنگم پێهەڵدەچنێ کاتێ دەبینم ئیمپراتۆرەکان زمانم لە رووی رێگاکانم و لە دەروازەی چوونە ژوورەوەوم دەردێنن.

ئەو پۆشاکە قەدرگرانەم دەدڕێنن کە بە بۆنی رەنگی پێستەکەم دەکرێتەوەو ناچاری پۆشینی پۆشاکێکی نامۆ بە جەستەم دەکەن، ئەوسا بەرەنگەکانی ژاکاو و داشکاو دەردەکەوم.

لە خۆشەویستترین رەنگی دونیا لە دڵمدا بێبەشم دەکەن :

سوور

ئەو گڕی ژیان لە ناخمدا دادەگیرسێنێ

سەوز

وزەیەکی نوێکەرەوەی لێهاتنی گەنجیم پێ دەبەخشێ

سپی

بریقەی سپێتییەکەی دێت، تا لە گەردیلەکانی گیانم

کپی سەقامگیری...

خۆشیی شێنەیی...

هۆگری دڵنیایی بێنێتە دی.

زەرد

ئەو رووگەمە

زیارەتگای تەوێلمە.

کاتێ لە تاریکی شەودا لەسەر سپێتی بەرماڵەکەم، تەوێلم لەسەر بریقەی زەردی پەروانەکەی دادەنێم.

بێدەنگییەکەی زۆری نەخایاند، بەدەنگێکی خۆشەوە گوتی :

کاتێ لە سوور ورد دەبمەوە، کاتێ لەگەڵ گەردیلەکانم هاوئاواز دەبێ هەست بە گەردیلەکانی ژیان دەکەم.

کاتێ سەیری سەوز دەکەم، هەموو بۆن و بەرامی بەهارم بۆ دەنێرێ

کاتێ چاو لە سپی دەبڕم، خەرمانەیەك لە بێگەردی ئارامی دەروون دامدەگرێ

کاتێ لە زەرد دەڕوانم، شەپۆلێك لە خۆشیی دەمگرێتە خۆی.

جارێکی دیکە بێدەنگ بوومەوە، لە خەرمانەیەك لە جوانیی ئەو پۆشاکە نەخشینەی خۆی پێ کۆك کردبوو ورد دەبۆوە...لە حاڵەتی هاوئاوازیدا بوو لەگەڵ هەر رەنگێك بە جیا، لە رەنگێکەوە بۆ رەنگێکی دیکە و لە فێرکەرێکەوە بۆ فێرکەرێکی دیکە و لە سرووشکارێکەوە بۆ سرووشکارێکی دیکە دەچوو .

سەیری ئەو نیشانەی دەکرد کە پەروانە زەردەکە لەسەر تەوێلی لە

ئەنجامی سوژدە بردنەوە فێری کردبوو و ئەویش بەردەوام بوو لەسەر نوێژ.

شووشەی بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: کاتێ لە بۆنی نەوەکانم دوور دەبم، سیس دەبم.

هەموو گەردێك لە مندا خۆی دەداتە چیایەك لە بێهێزی.

نەشەوم، شەوە

نە رۆژم، رۆژە

نەهاوینم، هاوینە

نە پایزم، پایزە

نەزستانم، زستانە

نەبەهارم، بەهارە.

کاتێ نەوەکانم لە میحرابم دانەبن، بەرگەی ژیان ناگرم

بەبێ ئەوان کات هەموو تامێکی لەدەست دەدات.

ئەوکاتە بڕوای زیاتر بوو کە کەسم لەوان زیاتر نییە

ئەوانیش کەسیان لەمن زیاتر نیە

من بۆ ئەوانم و ئەوانیش بۆ منن

هەر یەکێکمان رێگایەکی دیکە جگە لە رێگای یەکتریمان نییە

گوتی: ئای لە مەزنی گەشبینیت ئەی هەولێر

گوتی: گەشبینیم لە هێزی باوەڕەمەوە سەرچاوەدەگرێ کە درەوشانەوەی راستییە.

چەندە توانای خۆشەویستیت لەبار بێت، ئەوەندە دەتوانی هەموو ئەو شتانەی رووبەڕووت دەبنەوە بە هێمنی و داناییەوە وەریان بگری، چارەسەری هەر شتێك لای خۆشەویستی مەحاڵ نییە، تەنها بەخۆشەویستی دەتوانی نەیارەکەت بکەیتە یار، سەرکەوتنت بە گەیاندنی هەستی خۆشەویستی راستگۆت بەئەو، پێوانە دەکرێ، ئەمەش باشترین رێگەیە بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتی دوژمنکاری و نەهێشتنی.

وەکو ناتەوێ کەس تۆ بوروووژێنێ، دەبێ تۆش حەزبە ورووژاندنی کەس نەکەیت، هەروەها وشەی باش و قسەی خۆش دەتوانێ گوشادی بخاتە دڵتەوە، ئەو قسەیەی لای تۆ دەردەچێ، گوشادی دەخاتە دڵی ئەو کەسەی گوێ بیستت دەبێ.

چۆن تۆ ناتەوێ قسەیەکی رەقت ئاراستە بکرێت، بەمجۆرەش نابێ ئاراستەی کەسی بکەیت.

کاتێ یەکێ بە قسەیەکی رەق دڵگرانت دەکات، تا تۆ لەبەر چاوی خۆت و چاوی ئەو بالآتر بیت، نابێ تۆش هەمان قسەی رەقی ئاراستە بکەیتەوە تاکو دڵگرانی نەکەیت وەك ئەو تۆی دڵگران کرد.

بەڕادەی سەرکەوتنت لە تێگەیاندنیان کە تۆ شایانی ئەوەی تۆیان

خۆش بوێت، بەم رادەیە ئەوان تۆیان خۆش دەوێ.

کاتێ دەتوانی یەکێکت خۆش بوێ کە تۆی خۆش ناوێ، ئەمە یەکەم هێمایە لە هێماکانی بەهای مرۆڤ لای تۆ.

بەمجۆرە باوباپیرانی کوردت هێزی خۆشەویستیان بۆ مرۆڤ وەك بەهایەك و مانایەك و بەرزییەك داناوە.

بۆیە هەر کوردێك هەست بە شانازی دەکات کە کوردە، بەسەربەرزییەوە بە رێگاکاندا دەڕوات، بە شکۆمەندییەوە دەڕوات، لەبەر ئەوەی لەسەر رەگی کوردایەتی خۆی دەوەستێ و هەنگاوەکانی بە ورەیەکی بەرزەوە دەهاوێژێ.

نەوەکانم باوەڕیان هات کە سامان و ناموس و خوێنی هەر کوردێك لە کوردێکی دیکە حەرامە.

باوەڕیان هات کە هەر کوردێك دەستدرێژی بکاتە سەر برا کوردەکەی لە ئینتیما بوونی بۆ نەتەوەی کورد دەرچێ.

یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەم باوەڕە ئەوەیە بۆیان دەرکەوت ئەوکاتەی کوردێك نایەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر کوردێکی دیکە، ئەوە دەگەیەنێ کە دەستدرێژیش ناکاتە سەر غەیری کوردیش.

گوتی: ئەم شارەزاییە زۆرەت چی پێشکەش کردی؟

گوتی: تا دڵم بەردەوام پڕ خۆشەویستی بێت و ناسکتر بێت.

لە دانایی دانا فێربووم

لە سەرکێشی سەرکێشان فێربووم

لە ساڵە پڕ گەردەلولەکان فێربووم

لە ساڵە هێمنەکان فێربووم

چۆن ئارامی دەبێتە چێژ

چۆن قینگرتنەوە دەبێتە حاڵەتی گوشادی.

کاتێ خۆت رادەهێنی تا لە بەرامبەر بەهێزترین رەشەبا و لەبەرامبەر هەر ناکاوێك کە هیچ حیسابێکت بۆ نەکردبوو بوەستییەوە و خۆت قایم بکەیت، دەزانی کە کردنەوەی هەر دەرگایەك بە کلیلی ئارامی مەحاڵ نییە، کاتێ کلیلی ئارامی وەدەست دێنی، لە توانات دایە هەموو دەرگا داخراو و ژەنگاوییەکان بکەیتەوە.

هەردەم ئارامگرتن بەرهەمێکی پێگەییووی هەیە و بە دەستی کوڕی ئارامیی نەبێ لە درەختەکەی نابێتەوە

هەردەم ئارامیی مزگێنی بە ئارامگر دەدات

هەردەم پشکۆی دەرووکرانەوەی بۆ دێنێ

گەردەلول هەرچەند بەهێز بێت، دواتر دادەمرکێتەوە

ئەسڵی ژیان، سرەوتنە، ژاوەژاوی لەناکاوە

هەموو شتێك دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی خۆی.

ئەوەی مرۆڤ دوای ئارامگرتن پێی دەگات باشترە لەوەی پێش ئارامگرتنەکە.

کاتێ لایەنە باشەکانێ ئارامیی جێبەجێ دەکەیت، ئارمگردەبیت
کاتێکیش لایەنە باشەکانێ ئارامیی جێبەجێ ناکەیت، ئارامگر نابیت.

کاتێ ئارام دەگریت، ئارامیی هێمنیت پێ دەبەخشێ
کاتێکیش ئارام ناگریت، ئارام نەگرتنت، شپرزەییت پێ دەبەخشێ.

لەم (شا)یانەی چ بەڕێزەوەو چ بە بێڕێزییەوە پێمدارۆیشتن فێربووم.

هیچ بوونەوەرێك بەزەیی منی ئەوەندەی (شا)کان نەورووژاند، ئەوان لەهەموو ئەو کەسانەی ناسیومن دوفاق تربوون، بەجۆرێ من لەزۆر هەڵوێستدا خۆم لەسەیرکردنی دیکۆرە بۆگەنەکانیان دەپارێزم، کاتێ دەبنە هۆی گەیاندنی ترس و تۆق بە خەڵکی.

بۆیە لێیان فێربووم کە هەر یەکێك بە ڕادەی پێدانی کامەرانی بەکەسانی دیکە، ئەوەندە کامەرانی دەست دەکەوێت و بەرادەی گەیاندنی کوێرەوەری بە کەسانی دیکە، ئەویش تووشی کوێرەوەری دێت.

تاقیکردنەوەکان فێریان کردم کە پیشەی دەسەڵاّدار خراپترین پێشەیە کە مرۆڤ پێی هەڵبستێ و کۆتایی ئەم پیشەیەش ریسواترین کۆتاییە کە مرۆڤ بیخوازێ .

هەنووکە، کاتێ هەموو ئەوانە وەکو کورتەبنە تارماویەکان لە

یادگەم ئامادە دەبن، هەموو ئەو پێکبەستە نادیارانە ئامادە دەبن، هەموو ئەو نەخۆشییە نەخوازراوانەی لەکاتی وەرگرتنی ئەم پیشەیە دووچاری دەبوون، ئەوکاتە چەندم حەز دەکرد کە لە شوێنی پێشووتریان بمانایە و پارێزگاریان لە ئاوی روویان بکردایە.

پێشتر بوونەوەرێکی وام نەدیبوو کەبەجۆرە دەروونی وەکو دەروونی ئەم دەسەڵاتدارانە پڕبێت لە جەورو ستەم و پێشتر کاتێ هۆشداری دوای هۆشداریم پێدەدان قەت هەستی خۆم لێنەشاردبوونەوە، بە سووکی سەیریان دەکردم، ئەو سەیرکردنانەی دەیکردنە کۆمیدی ترین بوونەوەری خودا، لەو پەڕی سەرقاڵیان بەم شەڕوشۆڕانەی هەڵدەگیرسان و پەرەیان دەستاند و تەڕ و وشکیان دەسووتاند و مرۆڤ و ئاژەڵ و گیاو خاکییان دەخوارد من چاوم تێدەبڕین.

بەڵام من بە رێزەوە لەبەرامبەر یادەوەری هەندێکیان دەوەستم، ئەوانەی کەم بوون، بەخۆشییەوە لەبەرامبەر هەڵوێستی مرۆیی گەورەی ئەوان دەوەستم، ئەو هەڵوێستانەی بە قووڵی لە هەست و نەستی مرۆڤایەتی جوامێرانەیان دەیان چەسپاند.

مەزنەکان بەردەوام دووبارە دەبنەوە، بەڵام ئەوانە وەکو ئەو سەدەف و لەپکە دەگمەنانەن کە هەر سەردەمێك لە سەردەمەکان و کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگە مرۆییەکان بەری دەکەوێ.

لەگەڵ دەسەڵاتدارێك ئێشکم دەگرت، کاتێ هەڵوێستێکی مرۆیی

دەیگریاند منیش لەگەڵیدا دەگریام، سەیری ئەو مرواری فرمێسکەکانەیم دەکرد کە وەکو مەرجانی بەنرخ لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە و شانازیم دەکرد کە دەسەڵاتدارێتی کردوم و هەرچەند منی داگیر کردووەو لە کەس و کار و نەتەوەو هۆزەکەمی دابڕیم و بەڵام ناوەکەم بەناوی ئەوەوە دەبەستمەوە.

لەبەر ئەوەی ئاسەواری میهرەبانی و دۆستایەتی جێهێشت شانازیم پێوە کرد، ئەو کانیاوی هێزی هەست و نەستی مرۆیی لە دەروونی خەڵکی تەقاندەوە.

من هەولێرم، ئاوەدانیم لێنابڕێ، ئاوەدان بە هەر هەولێرییەك، بەهەر ئامشۆکەرێك، بەهەر میوانێك.

وەکو ئەوەی یەکەمجاری بێ سەیری بکات، وا سەیری دەکرد، بریقەی ئادگاری جوانیی بۆ یەکەمجار دەدۆزییەوە.

هەست و نەستی خۆشەویستی دەچێژت کە پێشتر نەیناسی بوو، حاڵەتێك لە بەرزیی و شکۆمەندی لە میحرابی گەورەیی شەوقی جوانیی وەردەگرت.

زەردەخەنەی لە قەراخی دەمە گوڵینەکەی دەکێشا و وشەکانیشی بە دەنگە خۆشەکەیەوە لێ دەردەچوون :

دەروازەکانی سبەینێ کە پێشتر داخرا بوون بە کراوەیی دەبینم، هەروەها من هەنووکە لە خۆشی هێزی ئێستەدا کە پێشتر تیایدا نەژیا

بووم دەژیم.

قەت پێشتر وەکو هەنووکە لە نەوەکانم رازی نەبوومە،

بەدرێژایی هەموو لاپەڕەکانی ئەو مێژووە کۆنە قەت پێشتر وەکو ئەمڕۆ هیواو ئاواتم پێیانەوە نەبووە.

چاوەکانی بڵند کردن و گوتی: تۆ پیرۆزی ئەی هەولێر، تۆ بووکی هیوای.

**نووسەر لە چەند دێرێکدا :**

عەبدولباقی یوسف :

- چیرۆك نووس و رۆماننووسێکی سوریە..
- لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری حەسەکەی سوریا لە دایك بووە..
- چەندین بەرهەمی ئەدەبی لە بوارەکانی رۆمان و چیرۆك بلاۆکردۆتەوە، چەندین خەڵاتی ئەدەبی عەرەبی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە..
- لە(ساڵی ٢٠٠٢ز) رۆمانەکەی (لەپشت دیوارەکەوە = خلف الجدار) خەڵاتی دوبەی رۆشنبیری بۆ رۆمانی عەرەبی، وەرگرتووە.
- لە(ساڵی ٢٠١٢ز) رۆمانی (هەروەها ئەوانی دیکەش = الآخرون ایضا)..
- خەڵاتی رێکخراوی نووسەرانی بێسنووری نێودەوڵەتی وەرگرت، دواتر لە لوبنان خەڵاتی ناجی نوعمانی ئەدەبی خەڵاتی رۆمانی پێدا.
- چیرۆکی ( پوورە شەمس = العمة شمس) خەڵاتی نەجمی عوکازی بۆ کورتە چیرۆك وەدەستهێنا..

- لە ساڵی (٢٠٠٤ز) یانەی تائیفی ئەدەبی لە سعودییە خەڵاتی چیرۆکی پێ بەخشی.
- چیرۆکی (خورشیدە) خەڵاتی کورتە چیرۆکی لە نیشتیمانی عەرەبی لە یانەی حائیلی ئەدەبی وەدەستهێنا.
- لەسەر کورتە چیرۆکی( برسییەتی = الجوع) لە ئوردون خەڵاتی یانەی فەجری بۆ باشترین کاری چیرۆکنووسیی وەدەستهێنا.
- لە (ساڵی ٢٠١١ز) رابیتەی جیهانی ئیسلامیی خەڵاتی باشترین (مەتوییە)ی پێبەخشی.

هەروەها ئەندامە لە زۆرێك لە رێکخراو و جڤات و سەندیکای ئەدەبی عەرەبی و نێودەوڵەتی، لەوانە:

- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی عەرەب..
- ئەندامی کۆمەڵەی چیرۆك و رۆمانی سوریا..
- ئەندامی یەکێتی نوسەرانی ئەنتەرنیتی عەرەب..
- ئەندامی رابیتەی ئەدیبانی شام..
- ئەندامی رێکخراوی نووسەرانی (بلاحدود)

زۆر لە وەزارەت و رێکخراو و دەزگای رۆشنبیری بەرهەمییان بۆ لەچاپ داوە.. وەك :

* وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی سعودی کتێبی( عالم الكتابة القصصية للطفل).

- هەروەها لە چوارچێوەی کتێبی گۆڤاری عەرەبی کتێبی(حساسية الروائي و ذائقة المتلقي) بۆ بەچاپ گەیاند.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی لە کوێت رۆمانی (لەبەرامبەر دادگا = امام الحكمة) ی بۆ بەچاپ گەیاند و دەوڵەتی کوێت وەکو دیارییەکی رۆشنبیری پێشکەشی میوانە فەرمییەکانی کرد ، تیایدا رۆمانەکە باسی لە سەربوردەی ژیانی لوقمانی حەکیم دەکرد.
- یەکێتی نووسەرانی عەرەب لە سوریا کۆمەڵە چیرۆکی( هەورێك لە رۆژهەڵاتەوە = غيوم من الشرق) ی بۆ لەچاپدا.
- هەر ئەم دەزگایە کۆمەڵە چیرۆکی (رێگایەك بۆ ژیان = طريقة للحياة)ی بۆ لەچاپدا..

ئەم چیرۆك و رۆمانانەی بە چاپ گەیاندووە :

- سيمفونية الصمت... کۆمەڵە چیرۆك ـ دار المجد ـ دیمەشق ساڵی ١٩٨٩ز
- الحب في دائرة العبث. کۆمەڵە چیرۆك ـ دار المجد ـ دیمەشق ساڵی ١٩٩١ز

- طقوس الذكرى ـ کۆمەڵە چیرۆك ـ مجله الپقافه ـ دیمەشق ساڵی ١٩٩٢ز
- پروین..رۆمان.ـ مرکز رام ـ دیمەشق ساڵی ١٩٩٧ز
- دین ـ رۆمان.ـ دار الینابیع ـ دیمەشق ساڵی ٢٠٠٤ز
- جسد و جسد... دیمەشق ساڵی ٢٠٠٤ز
- کتاب الحب و الخطیئة ـ رۆمان ـ مرکز الانماو الحچاری ـ حەلەب ساڵی ٢٠٠٤ز
- فقه المعرفة ـ دوو بەرگ ـ دار المناره ـ بیروت ساڵی ٢٠٠٤ز
- فقه المعرفة ـ بەرگی سێیەم ـ اسلام و مسلمون و فقهاء ـ دار الرضوان ـ حەلەب ـ ساڵی ٢٠٠٤ز.
- روهات....رۆمان ـ دار المناره ـ بیروت ساڵی ٢٠٠٦ز
- غیوم من الشرق ـ کۆمەڵە چیرۆک ـ لە بلاّوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی عەرەب ـ دیمەشق...ساڵی ٢٠٠٦ز..
- خلف الجدار ـ رۆمان ـ دار کەنعان ـ دیمەشق ساڵی ٢٠٠٧ز
- طريقة للحياة...كؤمةلَة ضيرؤك ـ لة بلاَوكراوةكانى يةكيَتى نووسةرانى عةرةب ـ ديمةشق سالَى ٢٠٠٦ز...
- امام الحكمة... رؤمان.. لە بلاّوکراوەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ـ کوێت ٢٠١٠ز...

- ( عالم الكتابة القصصية للطفل) ـ لە بلاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی سعودییە ـ الریاچ ساڵی ٢٠١٠ز
- حساسية الروائي و ذائقة المتلقي... لە بلاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی سعودییە ـ الریاض ساڵی ٢٠١٢ز...
- الآخرون ايضا.... رۆمان... لە بلاوكراوەكانی رێكخراوی نووسەرانی بێسنوور كركوك ٢٠١٢ز...
- لە زۆربەی كۆنگرەو ڤیستیڤالی رۆشنبیری و ئەدەبی لە زۆربەی ولاتانی عەرەبی بەشداری كردووە و كتێب و توێژینەوەكانی جیگەی گرنگی پێدانی رەخنەگران بووە.